# وشه سازی زمانی كوردی

# وشه سازی زمانی کوردی

# وشه سازی زمانی کوردی

## لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکیە

ئامادەکردنی

پ. ی. د. رفیـــــق شـــــوانـــی

هەولێر - ٢٠١١

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- وشە سازی زمانی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکیە)
- ئامادەکردن: پ. ی. د. رفیق شوانی
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- پیتچنین: ئالا رەفیق شوانی — ئەمیر خورشید رەزا
- بەرگ:
- ژمارەی سپاردن: ()
- نرخ: () دینار
- چاپی یەکەم:
- تیراژ: دانە
- چاپخانە: چاپخانەی ()

زنجیرەی کتێب ( )

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com



# پێشەکی و ڕونکردنەوە

سەرەتای لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە ناو کوردا لەسەر زمان و ڕێزمانی کوردی لە سەرەتاوە تا ساڵی (١٩٨٦) لە دەست پێکردنی یەکەم وەجبەی قوتابیانی خوێندنی باڵا، ئارەزوومەندانە و نەتەوەییانە لەلایەن کەسانی مامۆستا و ڕۆشنبیری کوردەوە بە ئارەزووی کەسی یا بەهۆی هەستی نەتەوەییەوە ئەنجام دراوە. لەو ڕووەوەی زمانی کوردیش، هەر وەکو زمانی نەتەوەکانی تر وایە. بۆچی ئەوان ڕێزمانی نەتەوەییان هەبێ و کورد نەیبێت، هەر چەند درەنگ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کوردی، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەربەخۆیی نەتەوەیی و نەبوونی قەوارەیەکی کوردی لە کوردستاندا. بەوەی ئەو دەرفەتەی بۆ نەتەوەکانی تر هەڵکەوتووە بۆ کورد نەبووە یا ماوەیەکی زۆر کەم بووە وەکو خەوێکی خۆش زوو بینراوە و زوش تێپەڕیوە.

بۆیە ڕۆشنبیران و زمانەوانانی کورد دەبێت و پێویستە بە چاوێکی زۆر بەرز و بە نرخەوە،بڕوانینە بەرهەمی پێشینانی نەتەوەکەمان، بە گشتی و لە بواری زماندا بە تایبەتی. چونکە ئەوانە لە کاتێکدا دەوری خۆیان بینیوە، نەک سەربەخۆیی و ئازادی نەبووە، بەڵکو لە هەندێ بەشی کوردستاندا بە فەرمی زمانی کوردی لە ڕووی ئاخاوتن و لە ڕووی خوێندن و بەڕێوەچوونی کەلەپور و کەلتوری نەتەوەییمانەوە قەدەغەش کراوە.

ئەمجا دێمەوە ئەوەی دەکرێت و زانستیشە بڵێین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەی ڕێزمان و زمانی کوردی لە یەکەم وەجبەی خوێندنی باڵای ماجستێری زمانی

کوردی(١) لە نووسینی یەکەم نامەی زمانی کوردی و بە زمانی کوردییەوە لە ساڵی (١٩٨٨) ەوە کە بە ئەنجام هاتووە دەست پێدەکات(٢).

لێرەوە دێمە سەر مەبەستی ئەم پێشەکییە کە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەسەر زمانی کوردی هێشتا لە هەنگاوێکی سەرەتای بە برشت و بە پیتە. هەر چەندە جۆری لێکۆڵینەوەکان جۆراو جۆرە، بەڵام بە زۆری لەسەر لایەنی ڕێزمانی کوردییە و بەشی زۆریشی ڕستەسازییە، کەمتر لەسەر وشەسازییە. لەم ڕووەوە نوسراو و لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی دەربارەی ئاستی وشەسازی (مۆرفۆلۆجی) بە شێوەیەکی گشتی زۆر کەمە و لە پەنجەی دەستێک تێپەر ناکات، کەچی لە ڕووی ڕستەسازی (ڕێزمان) ی کوردییەوە زۆرترە، چ بەشێوەی نامەی ئەکادیمی و چ بە شێوەی کتێب.

ئەم لایەنە و لایەنی پسپۆریم کە بواری زمانی کوردی بەشی مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازییە،پاڵی پێوەنام ئەم کتێبە لەسەر مۆرفۆلۆجی زمانی کوردی ئەنجام بدەم. هیوادارم جێگای خۆی بگرێت و هیچ کارێکیش بێ نا تەواوی و کەم وکوڕی نییە. ئەم کەم و کوڕیانەش دەبێتە هۆی دەست پێکردنی لێکۆڵینەوەی تر.

کتێبەکەش بریتییە لە سێ بەش و لە بەشی یەکەمدا: باس لە زمان و ئاستەکانی و پەیوەندی نێوانیان دەکات. لەگەڵ دیاری کردنی پێناسەی وشەسازی و بەشە پێکهاتووەکانی ئەم ئاستە، بە پێناسە و نموونەوە رونکراوەتەوە. بێجگەلەوەی لە حاڵەتی هەبوونی پێناسەی جیاجیا دەربارەیان، پێناسەکان خراونەتە ڕوو. پاشان بیرو بۆچوونی خۆم لە بارەیانەوە دەربڕیوە و بە پێناسەیەکی گونجاو بە بەڵگە و بۆچوونی خۆمەوە خستۆتە ڕوو.

پێویستە ئەوەش بوترێت لە هەموو کتێبەکەدا پێناسەی هەر بابەتێک بە نموونە و تایبەتێتییەوە باسکردووە.

---

[(١)]- **یەکەم وەجبەی خوێندنی باڵای ماجستێری زمانی کوردی بۆ یەکە مجار لە مێژووی نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستان (کوردستانی لکێنراو بە عێراقەوە ) دەست پێ دەکات:. کە بریتی بوو لە پێنج قوتابی بۆ زمان و بۆ ئەدەبی کوردی**

[(٢)]- **یەکەم نامەی زمانی کوردی کە لە مێژوودا لە سەر زمانی کوردی و بە کوردی نووسراوە بە ئە نجام هاتووە، نامەی (رفیق محمد شوانی ) یە کە لە ڕۆژی (١٩٨٨/٥/٢٢ ) گفتوگۆی لەسەر کراو بڕوانامەی ماجستێری پێ بەخشرا . کە لە هۆڵی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کە ئەوسا لە گەڕەکی گلکەندی هەولێر بوو، بەڕێوە چوو .**



لە بەشی دووەمدا: هۆی سەرهەڵدانی تیۆری مۆرفیم باسکراوە، دوای ئەوە هاتۆتە کایەوە، کە نەتوانرا بە تەواوی لە هەموو کەرەسەکانی زمان، بەهۆی وشەوە باس بکرێت و دیاری بکرێت. بەوەی بێجگە لە وشە، کەرەسەی ناتەواویش واتە مۆرفیمی بەندیش لە زماندا هەیە بۆیە مۆرفیم پەیدا بوو. پاشان هاتووینەتە سەر باسی مۆرفیم و رووە جیاجیاکانی لە پێناسە و جۆر و تایبەتێتی و ئەو زانستەشی کە باسی کردووە. نابێت ئەوەش لە بیر بکرێت جۆرەکانی گیرەکی وشە دارێژ بەپێی ئەو وشانەی کە دروستی دەکەن دیاری دەکەن.

لە بەشی سێیەمدا: جۆرەکانی وشە لە رووی پێکهاتنەوە دیاری کردووە و بایەخیش دراوە بە وشەی لێکدراو بابەتەکەی هەر ئەوە نییە کە لەمەو پێشتر باسکراوە بەڵکو بابەتێکی ئاڵۆز و چڕ و پڕە بە نمونەوە جۆرەکانی ئەمیش یاداشت کراوە لەگەڵ باسکردنی جۆرەکانی زمانی میللەتان لە رووی وشەسازییەوە هەروەها مۆرفیم لە رووی هەبوونەوە لە زماندا بە نموونەوە هێنراوەتەوە پاشان ڕێگاکانی پێکهاتنی وشە و زاراوەش پێشان دراوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە چۆنیەتی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەپێی ڕێگا و ڕێبازی کۆن و نوێ هەر لە دیاری کردنییەوە بەپێی واتا و پاشان بەپێی دیاری کردنی پۆلە ڕێزمانییەکان (کەتیگۆری) و بەپێی ئەرکیان لە رووی بەکارهێنانەوە لە زماندا رونکراوتەوە.

**پ.ی. د. رفیق شوانی**

**٣ /٢٠١٠/٤ – هەولێر**

# بەشی یەکەم

## دیاری کردنی ئاستەکانی زمان و پێناسەی وشە سازی و بەشەکانی ئاخاوتن

## سەرەتا و پێناسەی زمان

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی بابەتی وشەسازی بە پێویستی دەزانم وەکو چۆنە ناو باسەکەوە،بەوەی کە وشەسازیش پێکهاتەیەکی لێکۆڵینەوەی زمان پێکدەهێنێ. پێناسەی زمان بکەین.

زمان بە شێوەیەکی گشتی هۆیەکە بۆ تێگەیشتن و دەبێتە هۆی پەیوەندی کۆمەلایەتی. کەواتە لێرەدا لەم پێناسەیەی زمان دەردەکەوێت کە زمان دیاردەیەکی گرنگە لە ژیانی مرۆڤ بەهۆی پەیوەندی بەستنیانەوە کۆمەڵ پێکدێت. نە کۆمەڵ بەبێ زمان و نە زمانیش بەبێ کۆمەڵ پێکدێت. یا زمان و دەنگ و واتا و دەستورە. بۆیە زمان وەکو دیاردەیەک، بۆتە جێگای رامان و، بیرکردنەوەی زانایانی کۆمەڵناس و مێژووناس و فەیلەسوفان و زمانەوانانیش، هەر یەکەیان لە روانگەی خۆیەوە سەیری زمان و لێکدانەوەی بۆ کردووە.

لێکۆڵینەوەی زمانەوانان لە رووی چۆنیەتی کارکردن و پێکهاتنی زمانەوە باسیان کردووە، کە ئەمەیان بەندە بە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی جۆر بە جۆرەوە زمانەوانەکان بۆ ئاسان بوونی لێکۆڵینەوەی زمانیان کردۆتە چەند ئاستێکی لە یەکتر جیاوازی وەکو دەنگناسی و وشەسازی و رستەسازییەوە کە هەر یەکەی لە ناو خۆیدا لە چەند ئاستێکی بچوکتر لە خۆی پێکهاتووە. کە دەکرێت بەپێی هێڵکاری نیشانی بدەین، باسەکەی ئێمەش کە باسی بابەتی وشەسازییە لە یەکێک لەو ئاستانە پێکدێت و بە درێژی لێی دەدوێن.

**ئەمەش هێڵکاری ئاستەکانی زمان و پێکهاتەکانێتی**



ئاست چی یە؟ وەکو زاراوەیەکی زانستی زمان (Lingustic) بۆ لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی زماندا بۆ دابەشکردن و دیاری کردنی بەشە جیاوازەکانی بەکاردێت و یەکێک لە بەش و ئاستەکانە بۆ شیکردنەوەی ئاستی دەنگی و ئاستی وشە و ئاستی رستەسازی بەکاردێت: -

ئاست لە دەنگناسیدا[١]پلەی بەرزی ئاوازی دەربرینە.

ئاست لە رێزماندا یەکێک لە ئاستەکانی شیکردنەوەی رستەسازییە، وەکو شیکردنەوەی پێکهاتن بۆ بناغەی سەرەوە (بناغەی دیار) و بناغە قول[٢].

ئاست لە وشەسازیدا: بریتییە لە ئاستی وشە و مۆرفیم کە پێکهاتەی وشەسازی پێکدەهێنن.

زمانیش لە چەند ئاستێکی وەکو دەنگ، وشە، مۆرفیم، گرێ و رستە پێکدێت.

## پەیوەندی نێـــــوان ئاستەکـــــانی زمـــــــان

زمان لە ئەنجامی بەکارهێنانیدا، تێکەڵی لە نێوان ئاستەکانی پێکدێن و دەچنە ناو یەکترەوە و لە بچوکەوە بۆ گەورە پلە بە پلە، ئاستی گەورەتر پێکدێت و بە شێوەیەکی قوچەکی (هەرەمی) لە خوارەوە بۆ سەرەوە و دیسان بە پێچەوانەوە لە سەرەوە بۆ خوارەوە واتە لە گەورەترین ئاستەوە کە رستەیە تا بچوکترین ئاست کە دەنگە زمان پێکدەهێنن. چۆنیەتی کارکردنی زمانەکە بە هۆیانەوە سیستەمەکەی پێشان ئەدات.

کاتێک کە کەرەسەکانی زمان بەکاردەهێنرێت کردەی قسەکردن پێکدێت. لەم کردەیەدا پەیوەندی لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت، چۆنیەتی پەیوەندییەکە، بریتییە لە پەیوەندییەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاو چونکە کەرەسەی جۆراوجۆر لە یەکتر جیاواز پێکەوە کۆ دەبنەوە و لەو بەکارهێنان و کارکردنیاندا گۆڕان روو دەدات.

گۆڕانەکە، ئەم ئاستە جیاوازانە لە بچوکترین کەرەسەوە تا گەورەترین کەرەسە لەناو زمانەکەدا دەگرێتەوە. دیاری کردن و جیاکردنەوەیان لە یەکتر تا بڵێی ئاڵۆز و زەحمەتە،

(٣)- دەنگناسی بۆ (فۆنۆلوجی) و دەنگسازی بۆ فۆنەتیک بەکاردەهێنم .

(٤)- د.رمزی منیر بعلبکی، معجم المصطلحات اللغوية أنگليزی – عربی بیروت – لبنان، ١٩٩٠، ل ٢٧٩ بۆ پێناسەکانی سەرەوەیە .



شارەزای زمانەوانی نەبێت پەیان پێ نابات، زمانەوانیش بەهۆی جیاکردنەوەی ئاستە گەورەکان و پاشان دابەشکردنی گەورەکانیش بۆ ئاست و بەشی لە خۆیان بچوکتر دەتوانرێت چۆنیەتی پێکهاتنی زمان و چۆنیەتی کارکردنیان دیاری بکات.

گۆڕانی زمانەوانی لەناو ئاستەکاندا بەهۆی دیاری کردنی یاسا جیاوازەکانی چۆنیەتی کارکردنی کەرەسە زمانییەکان دیاری دەکرێت. گۆڕانەکە هەموو ئاستەکان دەگرێتەوە. دەکرێت لە خوارەوە بە نموونەی جیاواز بۆ هەر ئاستێک روونیان بکەینەوە:

گۆڕانی دەنگی وەکو: دەزگا لە ← دەست + گا دەنگی / س / گۆڕاوە بۆ / ز/ بەهۆی گۆڕانی کپ بۆ ئاوازەدار / ز/ و تێچوونی دەنگی / ت/ لە بەرانبەر دەنگی / گ/ دا.

چاککردنەوە ← چاکردنەوە، هاووڵاتی ← هاوڵاتی

گۆڕانی وشە: سەرما و سۆڵە وشەکە لە بنەڕەتدا لە (سەرما) + (و) + (سەهۆڵ) پێکهاتووە بەهۆی گونجان و ئاسانی دەربرینەوە لە قسەکردندا وشەی دووەمی پێکهاتە لێکدراوەکەی (سەرما و سۆڵە) ریشەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە بەمجۆرەیە:

سەهۆڵ ← سۆڵە بە تێچوونی دەنگی / ە /، / هـ / و پەیدابوونی دەنگی / ە / لە کۆتایی وشەکەوە گۆڕانەکە روویداوە. ئەم گۆڕانە ریشەی (رەگ) وشەکەی گرتۆتەوە بۆیە دەکرێت بە گۆڕانی وشەیی دیاری بکرێت.

بۆیە دوورکەوتنەوەیەک لە بنچینەی وشەکە و رویداوە و بەهۆی وشەکەی پێشیەوە (سفت) نەبێت زەحمەتە گۆڕانی رونبکرێتەوە.

سفت و سۆڵ لە (سفت و سەهۆڵ) ەوە.

گۆڕان لە رستەدا: دەچمە بازار لە (من دەچم بۆ بازار) ەوە پەیدابووە ئەم گۆڕانە بریتییە لە ناوچوونی راناوی کەسی سەربەخۆی (من) و

جێگیرکردنی ئامرازی پەیوەندی {بۆ}بە{ ە} چونکە فرمانی رستەکە لە جۆری گواستنەوەیە، وەک هات، گەیشت، کەوت، برد، فڕی. ..هتد.

من بە ئەوم وت ← من پێم وت ← گۆڕانی { بە } بە { پێ }←هەروەها {ئەو } بە {ی} بێجگەلە یەکگرتنی هەر دوو / ی / لە وشەی (پێ) و (ی) راناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکدا.

## پوختەی ئەنجامی پەیوەندی نێوان ئاستەکانی زمان: -

ئەو باسەی کە پەیوەندی نێوان ئاستە جیاوازەکانی زمان لە سەرەوە خستمانە ڕوو، دەکرێت لە دوو بابەت چڕبکرێتەوە و باس بکرێن وەک:

### ١- مۆرفۆفۆنیم

**مۆرفۆ سینتاکس**

مۆرفۆ فۆنیم: لە ئەنجامی ئەرک بینینی مۆرفیمەکاندا، لە ڕووی بەکارهێنانەوە کاتێک مۆرفیمەکان دەکەونە پاڵ یەکترەوە، لە ئەنجامی کارتێکردنیان لەگەڵ یەکتردا و بەهۆی کاریگەری دەنگی دەورو بەریانەوە شێوەی مۆرفیمەکان دەگۆڕێن و ئەلۆمۆرف پەیدا دەکەن و دیاری کردنی شێوەی (مۆرف Morf) ئەم ئەلۆمۆرفانە پێیان دەوترێت مۆرفۆ فۆنیمیک (Morphophonemic)، نموونە:

ویستم ← دەمەوێت، ناشتم ← دەنێژم

کردتان ← کرتتان گۆڕینی مۆرفیمی { د}نیشانەی قەد بۆ دەنگی / ت / بەهۆی کاریگەری دەنگی کپی / ت / تان بۆ گونجاندنی وەکو خۆی.






یان گۆڕانی شێوەی مۆرفیمی نیشانەی کۆ لە ئەنجامی بەکارهێنانیدا، ئەلۆمۆرفی جیاجیا لە شوێنی تایبەتیدا دەگرێتە خۆی:

نیشانه کۆی (ات) و ئەلۆمۆرفەکانی




نیشانه کۆی (ان) و ئەلۆمۆرفەکانی




نیشانه کۆی (گەل) و ئەلۆمۆرفەکانی



## جۆرەکانی ئەلۆمۆرف:

**ئەلۆمۆرفی دەنگناسی١ (فۆنۆلۆجی).**
**ئەلۆمۆرفی لێکسیکی (وشەیی).**
**ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی.**
**ئەلۆمۆرفی وشەسازی.**

### ١- ئەلۆمۆرفی دەنگناسی

لەم جۆرەدا مۆرفیمەکان بەهۆی کاریگەری دەنگی دەوروبەریانەوە بەهۆی پەیدابوونی بزوێنەوە شێوەیان دەگۆڕێت. ئەگەر مۆرفیمێک بە بزوێن کۆتایی هاتبێت ئەم دۆخانە روو دەدات:

أ- مۆرفیمی نیشانەی {ان}ی کۆ ئەگەر بچێتە سەر ناوێک و بزوێنی(ا) کۆتایی بێت، دەبێت نیمچە بزوێنی (ی) لە نێوانیاندا پەیدا ببێت و مۆرفیمەکە شێوەیەکی نوێ دەگرێتە خۆی بەم شێوەیە:

گوڵ + ان = گوڵان شێوەی نەگۆڕاوە بە نەبزوێنی کۆتایی هاتووە.

مامۆستا + ان = مامۆستایان --- ان ← یان ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی(ان)ە.

ب- ئەگەر ناوێک بە بزوێنێکی (وو) کۆتایی بێت شێوەیەکی تر وەردەگرێت:
خانوو + ان ← خانووان: ان ← وان. دەنگی واوی درێژ (وو) بەهۆی پەیدابوونی نیمچە بزوێنی (و) کورت دەبێتەوە لە (وو) بۆ (و) بۆیە دەنگی (و) ی دووەم بەشێک نییە لە وشەکە لە حاڵەتی چوونە سەری (١).

بۆیە مۆرفیمی(ان)ی کۆ لە کوردیدا بەهۆی گۆڕانی شێوەیەوە سێ ئەلۆمۆرفی جیاوازی وەک: ان، یان، وان پەیدا دەکات.

نیشانەی ناسراویش {ەکە} شێوەی جیاواز دەگرێتە خۆی، بەهۆی وشەکانی کۆتایی هاتوو بە بزوێنەوە.

گوڵ + ەکە = گوڵەکە شێوەی نەگۆڕاوە چونکە وشەکەی بەبزوێن کۆتایی نەهاتووە.

(١) – دەنگسازی بۆ فۆنۆلۆجی و دەنگسازی بۆ فۆنەتیکی بەکاردینم .



شوشە + ەکە = شوشەکە لێرەدا هەر دوو بزوێنە وەکو یەکن لە رووی شێوە و دەربڕینیشەوە واتە هاوبێژن بۆیە بەپێچەوانەی زۆربەی بۆچوونەکانەوە یەکیان تێ نەچووە، بەڵکو بوونەتە یەک چونکە هاوشێوەن و بەهەمان شێوە دەردەبڕێن، دیسان شێوەی {ەکە}دەگۆڕێت بۆ {کە} چونکە دەنگی بزوێنی (ە) ی نیشانەی ناسراوی دەچێتە سەر وشەکەی پێشییەوە بۆ لای خۆی رایدەکێشێت.

خانوو + ەکە = خانووەکە: ەکە ← وەکە / خانۆکە --- کە { وەکە / کە}

مامۆستا + ەکە = مامۆستاکە: ەکە ← کە بە تێچوونی بزوێنی کورتی (ە) لە بەرانبەر (ا).

شوشە + ەکە + ان: شوشەکان: ەکە ← ک تێچوونی (ە) لە سەرەتا و کۆتایی نیشانەکەوە بەهۆی کۆی ناسراوییەوە.

سەگ + ەکە +ا+ ن: سەگەکان: ەکە ← ەک بەهۆی بزوێنی (ا) ەوە بۆیە مۆرفیمی نیشانەی ناسراوی {ەکە} شێوەی جیاوازی (ەک، یەکە، کە، وەکە، ک) گرتە خۆی و ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی {ەکە} ن.

مۆرفی {یەکە} بە زۆری ئەلۆمۆرفی شێوە زارە وەک: مامۆستا + ەکە = مامۆستایەکە

.

### ٢- ئەلۆمۆرفی وشەسازی:

ئەلۆمۆرفێکە دوو شێوەی جیاوازی هەیە لە هەر دوو ئاستی وشەسازی و رستەسازی بەکاردێت و هەمان شێوەی گرتۆتە خۆی وەک مۆرفیمی {ەوە } لە وشەسازیدا واتا دەگۆڕێت و وشەی نوێ پەیدا دەکات هەمان شێوەی هەیە بەڵام ئاستی دەرکەوتنی وشەسازییە. لە رستەسازیشدا بۆ دۆخی دووبارەکردنەوەیە.

بردمەوە واتە یارییەکەم بردەوە بە واتای سەرکەوتنە مۆرفیمی وشە دارێژە بەربۆوە کەوتنە خوارەوەیە واتای گۆڕیوە.

کردەوە رستەسازییە بە واتای دووبارەکردنەوە دێت مۆرفیمی رێزمانییە

ەوە ← ەوە
وە

### ٣- **ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی:**

ئەو مۆرفیمانەن کە لە ئەنجامی بەکارهێنانیدا ئەرکی ڕێزمانییان هەیە و بەهۆی کاریگەری دەورو بەریانەوە پەیدا دەبن.

نوستن چاوگە، ن = نیشانەی چاوگە و یەکەیەکی زمانی پێکهێناوە. کەچی هەمان مۆرفیم کە هێزی بخرێتە سەر لە کۆتایی وشەکەیەوە، ئەو مۆرفیمی نیشانەی چاوگە کە وشەسازییە، دەگۆڕێت بە ڕاناوی کەسی لکاو بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ و فرمان پێکدەهێنی وەک:

نووستن واتە ئەوان نووستن هێز خراوەتە سەر (ن) بۆیە مۆرفیمی {ن}کە هەمان شێوەی وشەسازییەکەیە ئەلۆمۆرفی پەیدا کردووە لە ئاستی ڕستەسازییدا.

خورا ← دەخورێ گۆڕانی مۆرفی مۆرفیمی کاتی ڕابردوو لە {ا} بۆ {ێ} لە ڕانەبردوو دا.

### ٤- **ئەلۆمۆرفی وشەی فەرهەنگی (لێکسیکی):**

لێرەدا جۆری وشەکە گۆڕان بەسەر مۆرفیمێکی دیاری کراو کە بۆ دۆخێک بەکاردێت شێوەیان دەگۆڕَێت بەبێ ئەوەی ئەرکی مۆرفیمەکە بگۆڕێت کە ئەکۆمۆرف پەیدا دەکات.

مۆرفیمی نیشانەی کۆ بەپێچی جۆری وشە فەرهەنگییەکان دەگۆڕێت بۆ مۆرفێکی تر کە هەر بۆ کۆیە:

گوڵ + ان = گوڵان، شاران   لێرەدا ناوی گشتی و ناوی بەرجەستە نیشانەکە دیاری دەکات ئەمجا ناوە گشتییەکە بۆ کات، شوێن و بەرجەستە بێت (ان) وەردەگیرێت.

باخ + ات: باخات، ماڵات، دێهات، میوەجات، سەوزەوات   ناوی گشتی بۆ شوێن و ئاژەڵ و گیاندار بێت ناوەکە نیشانەکە دیاری دەکات کە چۆن و چ جۆرە نیشانەیەکی کۆ بێت

سال + ەها: ساڵەها، سەدەها   ناوی کات و ناوی ژمێراو نیشانەی کۆی {ەها} وەردەگرێت.



کچ + گەل: کچگەل، بزنگەل، گاگەل، خانگەل ناوی مرۆڤ و ئاژەڵ و ناوی بەرجەستەی گشتی.

لێرەدا دەردەکەوێت کە نیشانەی کۆ لە زمانی کوردیدا وەک مۆرفیمێک چوار مۆرفی جیاوازی هەیە وەک (ان، ات، ها، گەل) هەر یەکەی شوێنی تایبەتی بەکارهێنانی خۆی هەیە. هەر یەکەیانیش لە ئەنجامی بەکارهێناندا وەکو خرایە ڕوو، شێوەی جیاواز دەگرێتە خۆی و ئەلۆمۆرف پەیدا دەکەن کە هەمان ئەرک دەبەخشن.

ئایە مۆرفی (ها) نیشانەیەکی کۆی سەربەخۆیە ؟

دەربارەی مۆرفیمی (ها) وا لێکدراوەتەوە کە شێوەی گۆڕاوی مۆرفیمی (ات) ە، بەهۆی دەنگناسییەوە گۆڕاوە بە پەیدابوونی دەنگی (ە) لە سەرەتاوە و تێچوونی (ت) لە کۆتاییەوە (١). ڕاستی زامانەوانی ئەمە ڕەتدەکاتەوە چونکە ئەگەر هەمان مۆرفیم بێت دەبێت لەگەڵ هەمان جۆرە ناودا دەربکەوێت کە نیشانەی (ان) وەردەگرن، بە زۆری ناوی شوێن، ڕووەک و گیانداران وەک:

باخات، ماڵات، دێهات، سەوزەوات. ئاوەڵناویش دروست دەکات وەک: پۆخلەوات کەچی مۆرفیمی (ها) بە زۆری دەچێتە سەر ناوی ژمارەی ژمێراو و ناوی کات:

سەدەها، ساڵەها، شەوەها، ڕۆژەها، دەیەها

مۆرفی (ها) نیشانەیەکی تایبەتی و سەربەخۆی کۆیە، بەند نییە بە ( ات) ەوە، دوو ئەلۆمۆرفیش هەیە.




مۆرفیمی (ها) ئەلۆمۆرفی (ها، ەها، یەها) ی بەپێی شوێنی گۆڕاوی بەکارهێنانی دەگرێتە خۆی.

---

(١)- **مۆرفیمی ( ها ) بە هەڵە  بە شێوەی گۆڕاوی نیشانەی ( هات ) زانراوە بەڵام لێرەدا ئەمەمان بە نموونەوە ڕونکردەوە، کە مۆرفیمێکی سەربەخۆی نیشانەی کۆیە .**

## وشەسازی (مۆرفۆلۆجی) چییە؟

دوای ئەم رونکردنەوەیە وەکو سەرەتایەک پێویستە ئەوە رابگەیەنم کە باسەکەی ئێمە لەسەر بابەتی وشەسازییە کە ئاستی دووەمی (ناوەندی) زمان دەگرێتەوە. بۆیە دەپرسین وشەسازی چییە ؟

وشەسازی لە چەند روویەکەوە پێناسەکەی روندەکەینەوە، بەم شێوەیە:

وشەسازی لە رووی واتای زمانەوە: بە واتای وشە سازکردن واتە پێکهاتنی وشە دێت، وشەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، وەک:

وشە + ساز (رەگی چاوگی سازان) + پاشگری (ی) بۆتە زاراوەیەکی زمانەوانی کە باسی وشە و مۆرفیمەکانی زمان دەکات.

وشەسازی لە زمانەوانی کوردیدا بەکاردێت و زمانەوانەکان بە سوود وەرگرتن لە زارەوەی (مۆرفۆلۆجی) زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە و دانراوە.

لە زمانی لاتینیدا مۆرف بە واتای شێوە هاتووە، مەبەست لە شێوەی شتەکانی دەوروبەر و ناو سروشتە، کە هەر یەکەی شێوەی خۆی هەیە، لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییدا بۆ دیاری کردن و ناساندنی ئەو شتانەیە کە هەر یەکەیان وشەیەکیان بۆ دانراوە، کە شێوە چەسپاوی هەیە یا لە بیردا دیاری کراوە، بەم شێوەیە وشەی( مۆرف) کە لە کوردیدا (شێوە) و لە زمانی ئینگلیزیدا (فۆرم — ) و لە عەرەبیدا (شکل) دەگرێتەوە بۆ وشە خوازرایەوە و وەکو زاراوەیەک بەکار هات. لە ئینگلیزی و لاتینی زانستی وشە کە لە زانستی شێوە و ە هاتووە کە بۆ وشە بەکارهات. لە زمانی کوردیدا زاراوەی مۆرفۆلۆجی کە وشەسازییە لایەنی پێکهاتن و دروستکردنی وشە و لە عەرەبیدا گەردانکردن دێت. ئەمەش بەپێی گونجانی زاراوەکە لە زمان و لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا



## پێناسەی وشەسازی وەکو زاراوەیەکی زمانەوانی

وشەسازی: زانستێکە لە وشە و مۆرفیمەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، پێناسەی جیاجیای لە سەرچاوە زمانەوانیەکان دا بۆ کراوە لەوانە:

وشەسازی: لقێکە لە زانستی رێزمان لە پێکهاتنی وشە بە پێشگر و پاشگر و ناوگر و رەگ دەکۆڵێتەوە. لقەکەی تری رێزمان رستەسازییە (١).

وشـــەسازی: لێکۆڵینەوەی پێکهاتنی وشە: یەکێکە لە هەر دوو بەشی رێزمان بایەخ بەلێکۆلینەوەی پێکهاتەی وشە دەدات بەتایبەتی لە رووی پێکهاتەی مۆرفیمییەکانیەوە. بریتییە لە دوو بەشی گەورەی: وشەسازی گەردانی، وشەسازی دارێشتن (٢).

**وشەسازی دارێشتن:**

یەکێکە لە هەر دوو بەشی گەورەی زانستی وشەسازی، بایەخ بە لێکۆڵینەوەی وشە و وەرگرتنیان دەدات بەبێ ئەوەی بروانێتە ئەرکی وشەکان لە پێکهاتندا (٣).

## وشەسازی ئەرکی

یەکێکە لە هەر دوو بەشی گەورەی رێزمان بایەخ بە پەیوەندی نێوان گەردانکردنی وشە و ئەرکە رێزمانییەکانی دەدات، وەکو پەیوەندی نێوان وشەی (گوڵ) و (گوڵان) گەردانکردنی وشەکە بەهۆی نیشانەی کۆوە ئەرکەکەی لەو پێکهاتنەیدا دیاری دەکرێت(٤). ئەم ئەرکە لە رێزمانی رستەسازیدایە بەهۆی ئەرکەکەیەوە گۆڕان بەسەر پێکهاتنی رێزمانیدا دەهێنی و ئەرکەکەی دیارە دەکرێت (٥) وەکو سەدەها بۆ کۆیە بەهۆی مۆرفیمی نیشانەی کۆی (ها) پێکهاتووە، گوڵەکە، گوڵێک بۆ ناسراو، نەناسرا گەردان کراون بەهۆی مۆرفیمی ناسراوی (ەکە) و مۆرفیمی نەناسراوی (ێک) ەوە.

---

[1]- محمد على الخولى، معجم علم اللغة النظري، انكليزى – عربي، بيروت – لبنان، ١٩٨٢، (ل ١٧٥ : – ١٧٦) .

- رمزى منير بعلبكي، معجم المصطلحات اللغوية، (ل : ٣١٨) . [2]

- رمزى منير بعلبكى، سەرچاوەی پێشوو، (ل : ١٤٣) . [3]

- رمزى منير بعلبكى، (ل : ٢٤٦) . [4]

- دكتر ايران كلباسى، ساخت اشتقاقى واژه، تهران، ١٣٨٠، (ل : ٢٠) .[5]

**پێناسەی تر لە سەرچاوە فارسییەکان بەمجۆرەیە:**

وشەسازی: بەشێکە لە دەستوری زمان کە لە پێکهاتنی شیکردنەوەی وشە دا بڕیار دەدات. یەکەی سادەی ئەم شیکردنەوەیە مۆرفیمە (١).

دکتر فاگمە مدرسی لە کتێبەکەی (از واج تا جملە) ی خۆی لە لاپەڕە (٢١٣) دا هەمان پێناسەکەی دکتر کلباسی دووبارەکردۆتەوە. بێجگەلەوەی وەکو سەرچاوە ئینگلیزی و فەرهەنگی زاراوە زمانەوانییەکان وشەسازی دابەشکردۆتەوە هەر دوو بەشی داڕێشتن و گەردانییەوە (ئەرکی). سەرچاوەی تری زمانەوانی فارسی لە پێناسەی

وشەسازیدا پێناسەکانیان لە یەکتر دەچێت و لە یەکترەوە نزیکن بەوەی وشەسازی لقێکە لە دەستوری زمان کە لە پێکهاتەی وشە دەکۆڵێتەوە (٢).

لە زمانەوانی کوردیدا د. ئەورەحمانی حاجی مارف لە بارەی پێناسەی وشەسازییەوە دەڵێت: ((مۆرفۆلۆژی بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بارەی وشەوە لە رووی پێکهاتن و گۆڕانەوە)) (٣). محەمەد ئەمینی هەورامانی دەڵێ (( مۆرفۆلۆژی یاخود (وشەسازی) ئەو زانستەیە کە لە مۆرفیمی وشە دەکۆڵێتەوە لە رووی قەوارە و (form) و جۆر و مانایەوە (٤).

ئەم پێناسەی سەرەوە کەم و کوڕییان گرتۆتە خۆیان چونکە تەنها باس لە پێکهاتنی وشە دەکەن و مۆرفیم کە بەشی دووەمی وشەسازی کردووە کە گۆڕانە بەڵام ئەمیش بێ ئەوەی رونیبکاتەوە کە مەبەستی چییە، دەبوایە بیوتایە لە پێکهاتنی وشەدا گۆڕانی دەنگی و مۆرفیمی روو دەدات. بەڵام محەمەد ئەمینی هەورامانی هێمای بۆ مۆرفیم کردووە لە پێناسەکەیدا کە وشە پێکدێنێ نەک هەر دووکیانی باسکر دبێت.

وشەسازی لە دوو ئاستی بچوکتر لە خۆی پێکهاتووە وەک وشە و مۆرفیم، هێزیش دەبێتە هۆی گۆڕامی واتای وشە دەکرێت بە ئاستێکی تری ئەم لایەنەی زمانەوانی دابنرێت.

---

- دکتر ایران کلباسی، هەمان سەرچاوەی پیپچشوو، (ل : ١٩) . [١]
- د.ابراهیم چنگی، فرهنگ دائره المعارفی زبان و زبانها، دانشگاه، لرستان، ١٣٨٢، (ل : ٣٠٠) . [٢]
- دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، مۆرفۆلۆژی " ناو" ، بەغدا ١٩٧٩، (ل : ٤) . [٣]
- محەمەد ئەمینی هەورامانی، فیلۆلۆژی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٤، (ل : ١٠٩) . [٤]






لێرەوە باسەکەمان دەبێتە دوو بەشەوە، بەشی یەکەمیان باسی وشەیە و بەشی دووەمی مۆرفیمە و مەبەستیش لە مۆرفیمیش بەندەکانی زمانە بە هەر دوو جۆری مۆرفیمی وشەدارێژ و مۆرفیمی ئەرکی (گەردانی یا رێزمانیشی) پێ دەوترێت.

پێویستە ئەوەش بڵێین سەرەتای زمانەوانی تا پەیدابوونی بیرۆکەی مۆرفیم لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانییدا هەر بەهۆی وشەوە لە زمان لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە. کە مێژووەکەشی یەکجار دوور و درێژە تا سەرەتای سەدەی بیستەم باسی وشە باڵی کێشابوو بەسەر لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا.

دواتر لە بەشی دووەم و لە باسی مۆرفیمدا هۆی پەیدا بوونی مۆرفیم و کەم و کوڕی وشەش لەم رووەوە رونیدەکەینەوە.

لێرەدا کە پێناسەی وشەسازی کرا پێویستە ئاوڕێک لە جیاوازی نێوان وشەسازی و رستەسازی وەکو دوو ئاستی جیاواز لە زماندا بکەین.

## جیاوازی نێوان وشـــەسازی و رستـــەسازی

١- وشەسازی ئاستێکی ناوەندی زمانەوانییە لە نێوان دەنگسازی و رستەسازیدا. بەڵام رستەسازی دوا ئاست و سەرەکیترین زمانە بەوەی هەموو ئاستەکانی تری تیا کۆ دەبێتەوە.

٢- وشەسازی باسی پێکهاتن و گۆڕانی وشە و مۆرفیمەکانی زمان دەکات. بەڵام رستەسازی باسی پێکهاتنی گرێ و رستە دەکات.

٣- وشەسازی لە مۆرفیمی بەندی وشە داڕێژ پێکهاتووە وەکو گیرەک لە پێشگر و ناوەند گیرو (١) پاشگر و ژمارەیەکی زۆر پێکدەهێنن بەڵام رستەسازی مۆرفیمی بەندی رێزمانی و وشەگۆڕی هەیە واتە مۆرفیمی ئەرکین پۆلگۆڕ نین و ژمارەشیان کەمە وەک مۆرفیمە وشە داڕێژەکان کە جۆر و بەشە ئاخاوتنی وشە دەگۆڕن.

٤- وشەسازی دوو ئاستی وەک وشە و مۆرفیمی هەیە، هەرچی رستەسازییە گرێ و رستەی هەیە.

٥- کەرەسەکانی وشەسازی لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکانەوە پێکهاتوون، رستەسازی لە ئەنجامی لێکدانی وشە و مۆرفیمەکانەوە پێکدێن.

٦- لە وشەسازیدا هێز (سترێس) دەبێتە هۆی گۆڕانی واتای وشە بەهۆی شوێن گۆڕینی هێزەوە لە برگەیەکەوە بۆ برگەی تر. لە رستەسازیدا ئاواز واتە چۆنیەتی دەربڕین دەبێتە هۆی گۆڕانی جۆری رستە و واتای رستە.

٧- لە وشەسازیدا پەیوەندی نێوان فۆنیمەکان وشە بەپێی یاسای دەنگسازی دەبێتە هۆی بەخشینی واتا بەڵام لە رستەسازیدا گیرەکی رێزمانی پەیوەندی نێوانیان دروست دەکات.

٨- لە وشەسازیدا گۆڕان فۆنیمەکانی وشە و مۆرفیمەکان دەگرێتەوە وە بەشێوەیەکی کەمتر گۆڕان روو دەدات بە چاو ئەوەی کە لە رستەسازیدا رادەی گۆڕانی کەرەسەکانی رستە زۆرترە یا پاشتر بەپێی یاسای لادان کەرەسەکانی ناو رستە توشی لادان و لابردن دەبێت. تەنها کەرەسە و بەشە بنجییەکان نەبێت کە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی رستە. ئەمە لە سنوری وشەدا کەمتر فۆنیم لا دەبرێت چونکە وشە هەڵدەوەشێتەوە زیاتریش لە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکاندا هەیە.

٩- پێکهاتەی بنچینەی وشە بریتییە لە فۆنیم و گیرەک بەڵام رستە بەپێی پەیوەندی هەرمی لە کەرەسەی گەورەوە بۆ بچووک بریتییە لە گرێ، وشە، مۆرفیم، فۆنیم.

١٠- لە سنوری وشەدا کەمتر هەست بە بوونی ئیدیەم دەکرێت ئەویش لە وشە لێکدراوەکانیدا بەڵام ئیدم زۆرتر لە گرێ و رستە پێکدێت.

[1] - ناوەندگیر : مەبەست لە ئینتەرفیکسە ( Interfix )، بۆ جیاکردنەوەی لە ناوگر ( Infix ) کە رەگی وشە دەسمێت و لە زمانی کوردیدا نییە .



## دیاری کردنی بەشەکانی ئاخاوتن

پێش ئەوەی باسی وشە و لایەنەکانی بکەین پێویستە ئەوەی بەندە بە وشەوە وەک بەشەکانی ئاخاوتن دیاری بکەین:

**ناو**

**جێناو**

**ئاوەڵناو**

**فرمان**

**ئاوەڵفرمان**

**ئامرازی پەیوەندی**

**ئامرازی لێکدەر**

**ئامرازی گەیەنەر**

**ئامرازی نیازداری (نیازی و مەبەست) (١).**

لێرەدا بەشەکانی ئاخاوتن لە رووی وشەوە مۆرفیمەوە. دوو جۆرن ئەوانەی واتادارن و لە ریزی وشەدان بریتیین لەم بەشە ئاخاوتنانە:

**ناو**

جێناو: دوو جۆری هەیە لە ئاستی وشە و مۆرفیمی بەند واتادارەکانی وەک جێناوی کەسی سەربەخۆ، جێناوی کەسی خۆی و جێناوی نادیار.

**ئاوەڵناو**

**فرمان**

**ئاوەڵفرمان**

ئەم بەشانەی خوارەوەش دەچنە خانەی مۆرفیمی بەندەوە، کە بە زۆری وشە نین:

**ئامرازی پەیوەندی**

[1] - د. رفیق شوانی ، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، هەولێر، ٢٠٠١، ( ل : ١٩٧ )

**ئامرازی لێکدەر**

**ئامرازی گەیەنەر**

**ئامرازی نیازداری**

لە ناو ئەم بەشانەدا ئامرازی لێکدەر هەندێکیان لە جۆری وشە سەربەخۆن (Isolate word) وەک: بەڵام، کەچی، ئەگینا، ئەمجا، دەنا (١) لە رووی شێوەوە سەربەخۆن و وشەن بەڵام بە تەنها واتادار نین.

لە ناو ئامراز ی گەیەنەریشدا دوو جۆر هەن هەندێکیان واتادارن وشەن یا گرێن. ئامرازی نیازداریش نموونەی مۆرفیمەکانی بەر سێ جۆر کەرەسەی زمانی کوردی دەکەون وەک: وشە، وشەی سەربەخۆ، مۆرفیمی بەند.

لە بەشی دووەمدا باسی بەشەکانی ئاخاوتن لە رووی دیاری کردنی پێناسە و نموونە و تایبەتێتی و جۆرەکانی هەریەکەیان دەکەین.

## پێنـــاســـەی وشـــە

تا ئێستا پێناسەی جیاجیا بۆ وشەکراوە، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەوەی سەرچاوەکەی دەست دەکەوێت بخەینە روو.

**وشە:** تەنیا لە فزێکە کە مەعنای ببێ. (سەعید صدقی، ل: ٦)

**وشە:** بچوکترین یەکەی واتادارە لە قسەکردن و لە زماندا (٢).

**وشە:** یەکەیەکی واتادارە (٣).

**وشە:** بچوکترین رێژەی سەربەخۆیە (بلوم فیلد). ئەم پێناسەیەش ناتەواوە چونکە مۆرفیمی بەندیش رێژەی سەربەخۆی هەیە.

**وشە:** بچوکترین یەکەی قسەکردنە توانای دەربڕینی تەواوی هەبێ (ل. ر. بالمار)

- د. رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتورا، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧، (ل : ٩٢) [١]
- ستيڤن اولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة و تعليق د. كمال محمد بشير، مصر، ١٩٨٦، (ل : ٤٩) [٢]
- ستیڤن اولمان، هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە . [٣]



وشە: ئەو بێژەیەیە کە رستەی لێ پێکدەهێنرێت (١) یا ن وشە: یاواژە لە چەند دەنگێک پێکدێت (٢) لەم پێناسەیەدا تەنها دەنگی کردۆتە پێوەر و وشە پێکهێنەری رستەشە، ئەمە ناتەواوە چونکە نەک هەر وشە مۆرفیمە بەندەکانیش دەچنە ناو پێکهاتەی رستەوە و رستە بەبێ ئەم مۆرفیمانە دروست نابێ.

وشە: کۆمەڵە دەنگێکە بەسەر یەکەوە پەیوەندییان هەیە و واتا دەبەخشن.

ئەم پێناسانەی سەرەوە هەموویان رێگایان تێ دەچێت بۆ پێناسەی وشە، بەڵام دوا پێناسەیان کە کۆمەڵە دەنگێکە پەیوەندییان پێکەوە هەیە و واتا دەبەخشن لەوانیتر گونجاوترە. چونکە:

وشە لە دەنگێک زیاتر یا لە کۆمەڵە دەنگێک پێکدێت.

پەیوەندییان هەیە، بە سیستەمی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەنگەکان دەخاتە روو.

وشە واتادارە

لەم پێناسەنەدا گوێ نەدراوەتە ئەوەی، بەپێی ئاستە جیاوازەکانی زمان، پێناسەی وشە بکرێت و بەگشتی پێناسەیان کردووە ؛ ئەگەر چی دەکرێت لە ناو پێناسە کاندا ئاستەکان دیاری بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەیەک نابینرێت هەموو ئاستەکانی زمان لە رووی دەنگ، وشەسازی، واتایی و رێنوسەوە بگرێتەوە. لە چەند سەرچاوەیەکی تازەی زمانەوانی فارسیدا، ئەم لایەنە بەمجۆرە رەچاو کراوە، بەڵام بۆ هەر ئاستەی بە جیا پێناسەکراوە:

## پێناسەی وشە بەپێی ئاستە جیاوازەکانی زمان

لە رووی دەنگییەوە: پێکهاتەیەکی دەنگییە لە یەک یا چەند بڕگەیەک پێکهاتووە، لە سەرەتا و کۆتاییەوە جیاکەرەوەی (٣) هەیە واتە لە سەرەتا و کۆتاییەوە وەستان هەیە و تەواو دەبێت.

(١)- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، چ ٢، ١٩٧٢، (ل : ٢٥) .

(٢)- سەرچاوەی پێشوو ، (ل : ٢٨) .

[١] جیاکەرەوە مەبەستی لە ( juncture ) وەستانیش دەگرێتەوە.

لە رووی پێکهاتەی وشەسازییەوە: لە یەک یا چەند مۆرفیمێک پێکدێت و لە زنجیرەی کەرەسەی یەکەکانی دەستوری زمان لە ناو پێکهاتنی گرێدا بەکار دەبرێت. لە رووی واتاییەوە: بریتییە لە یەک یەکەیەکی واتایی کە یەک یا چەند تێگەی (مفهوم) تاکی واتایی هەیە.

لە رووی رێنوسییەوە: یەکەیەکی رێنوسییە، بەم واتایەی کە لە نوسیندا لە هەر دوو سەریەوە لە وشەی تر جیا دەبێتەوە (١). ئەم پێناسەیە و پێناسەی وشە لە رووی دەنگییەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی وشە لای جولیا اس. فالک (٢). پێناسەی یەکەم لە رووی دەنگییەوە و چوارەمیش لە رووی رێنوسییەوە جیاوازی ئەوتۆیان نییە، هەر دووکیان جەخت لەسەر جیاکەرەوە دەکەن و، لە یەکەمیشدا پێکهاتەی وشەی کە لە برگەیەک یا زیاتر پێکهاتووە، لەمەدا جیاوازن.

لە پێناسەی دووەمیشدا کە لە رووی وشەسازییەوە یە، ئەوە خراوەتە روو کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی گرێ، ئەمە راستە بەڵام وشە بەشداری پێکهاتنی وشەی تریش دەکات، نەک هەر گرێ، دەبوایە بڵێ کەرەسەی گەورەتر لە خۆی پێکدێنی شیاوتر بوو

**لە فەرهەنگە زمانەوانییەکانیشدا پێناسەی وشە بە جیاواز دەبینرێت:**

وشە، یەکە: بچووکترین یەکەی زمانەوانییە کە واتادارە. لە دەنگێک یا زیاتر پێکدێت. وەکو لە ئینگلیزیدا (a، book). هەروەها لە مۆرفیمێک یا زیاتر پێکدێت وەکو (book و books )، یا پێکدێت لە برگەیەک یا زیاتر وەکو book و Window)، یا لە رەگێک بەهۆی زیادەوە یا بێ زیادە پێکهاتووە وەک (Work، Worker (وشە شێوەی دەنگی و شێوەی نوسراوی هەیە، هەروەها جۆری وشەسازی وجۆری رێزمانی یا ئەرکی هەیە. وشە یا دەبێت وشەی واتایی بێ یادەبێت وشەیەکی ئەرکی بێت "(٣).

(٢)- بڕوانە دکتر ایران کلباسی، هەمان سەرچاوە، (ل : ٢١)، ئەمیش هێمای سەرچاوەی تری کردووە وەك : علی محمد حق شناس، ١٣٥٦، ص ١٤٠، محمد رضای باطنی، ١٣٤٨، (ص : ١٧٨)، هرمز میلانیان، ١٣٥٠، (ص ٦٧-٨٤) .

(٣)- جولیا اس فالك، زبان شناسی و زبان، ترجمە : خسرۆ غلا معلی زادە، مشهد، ١٣٧، (ل: ٤٧) لە پێناسەی وشەدا دەڵێت : هەر بەو یە کە زمانییە دەوترێت کە لە نووسیندا لە نێوان جیاکەرەوە و یەك تیرە دەردەکەوێت .

(٢٦) - د. محمد علی الخولی، (ل : ٣١٠).



لەم پێناسەیەدا بە فراوانی وشەی خستۆتە روو ؛ لە رووی واتاییەوە. لە رووی دەنگییەوە؛ لە رووی وشە داڕێشتنەوە، یا لە رووی دەنگناسییەوە، یا لە رووی ئەرکی و فەرهەنگی و رێزمانییەوە بەوەی وشەی ئەرکی یا فەرهەنگی یا وشە هەیە رێزمانییە. واتە لەم پێناسەیەدا تەنها لە رویەکەوە سەیری وشە نەکراوە ؛ بەپێی ئاستە جیاوازەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە رستەدا.

کەم و کوڕی پێناسەکە لەوە دایە، کە پێناسەکەی چڕ نەکردۆتەوە بەشێوەیەکی کورت سێ ئاستی دەنگی و فەرهەنگی و رێزمانی بگرتایەتەوە، نەک وەکو شیکردنەوەی لێهاتبێت. هەر چەندە ئەم سێ لایەنەی تیایە بەڵام تێکەڵیشی تیایە وەک:

لە رووی دەنگییەوە دواتر رووی برگەییشی خستۆتە روو، کە لە زمانەوانیدا ئەوەندە بایەخ بە برگە نەدراوە لە پێناسەی وشەدا.

دەڵێت لە مۆرفیمێک یا زیاتر پاشان لە رەگ و زیادە یا بێ زیادە، کە ئەمەی رون نەکردۆتەوە کە لایەنی رێزمانییە یا پێکهاتنی وشە چونکە مۆرفیم رێزمانی و وشەسازیشی هەیە.

وشە ئەگەر لە خانەی وشە دابنرێت واتاش و ئەرکیشی هەیە ئیتر پێویست ناکات بوترێت وشەی واتا یا ئەرکی بێت.

بە گشتی پێناسەیەکی تێکەڵ و پێکەڵە و سنوردار نییە.

لە فەرهەنگی (معجم المصطلحات اللغويە ـ ل ٥٣٧) دا، بەم شێوەیە پێناسەی وشەی کردووە (( وشە بەندێکی رێزمانییە لە هەرەمی رێزمانییدا دەکەوێتە نێوان مۆرفیم و پێکهاتەوە. وشە یەکەیەکی بچوکە ئەتوانرێ بە تەنها

و بە قسە پێکبێت، بەهۆی رێژەیەکی سەربەخۆوە یەکسەر لەو وشانە جیا دەبێتەوە کە لە دەربڕین و نوسیندا بە دوایدا دێت جیا دەبێتەوە لە وشانە کە پێشی دەکەوێت یا بە دوایدا دێت یەکسەر لە دەربڕین و نوسراودا بەهۆی رێژەیەکی سەربەخۆوە.

ئەم پێناسەیە ئاڵۆزە و رون کردنەوەی تیا نییە، چونکە نەک هەر وشە بەڵکو مۆرفیم و گرێ و رستەش دەکەوێتە ناو پێکهاتەیەکی رێزمانییەوە. دەبوایە دیاری بکرایە کەچ جۆرە مۆرفیم ویا چ جورە پیکهاتەیەک. ئەگەر مەبەستیش لەمۆرفیم،

مۆرفیمی بەند بێت، دەبوایە بیجگەلەوەی پێکهاتەی ریزمانیش (وشە، مۆرفیم، گرێ، لارستە) دەگرێتەوە دیسان دەبوایە جۆرەکەی دیاری بکردایە.

پرۆفیسۆر ه.د.ویرۆسون بەلایەوە "مۆرفۆلۆجی لەچۆنیەتی داڕێشتن وگونجانی وشەو وشە گۆڕین لە بارە تایبەتیەکانیدا دەکۆڵێتەوە ")١) ئەم پێناسەیە لەپێیاسەکەی د.ئەورەحمانی حاجی مارفەوە نزیکە و لەیەکتر دەچن، تەنها وشەی گونجانی وشەی زیاترە و ئەوەشی رونکردۆتەوە کە گۆڕان و گونجان لەبارە تایبەتیەکانیدا، رونیشی نەکردۆتەوە کەمەبەستی لەم بارە تایبەتییە چییە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێناسەکە کورت و چڕ و پڕە بۆمۆرفۆلۆجی ولایەنی ئاستەکانی گرتۆتەوە، وەک داڕێشتن، گونجان و گۆڕین و باری تایبەتی.

پێناسەیەکی تری وشە: بریتییە لە هەر یەکەیەکی زمانی کە بتوانێت بە بچوکترین شێوەی زمانی سەربەخۆ دەربکەوێت)٢). لە شوێنێکی تری رونکردنەوەی ئەم پێناسەیە هاتووە کە ئەم یەکە زمانییە بتوانێت بە شێوەی سەربەخۆ بەکاربێت.

لەو پێناسانەی سەرەوە دەکرێت ئەم تایبەتێتیانە دیاری بکرێت:

١- وشە واتادارە.

٢-دەربڕینی دەنگی هەیە، کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی قەوارەیەکی رێزمانی بۆی و لە نووسینیشدا شێوەی دیاری کراوی هەیە.

٣-وشە لەسەرەتا و کۆتاییەوە دەبێت جیاکەرەوەی هەبێت و بەهۆیەوە لە وشەی تر جیا بکرێتەوە. واتە دەبێت سنورێک هەبێت لە نێوان وشەکاندا.

٤-وشە لە هەر دوو ئاستی وشەسازی لە پێکهاتنی وشەی نوێ بەشداری دەکات و لە ئاستی رستەسازیدا گرێ و رستە پێکدەهێنێ.

٥- ناکرێت دەنگێکی لێ کەم بکرێتەوە چونکە هەڵدەوەشێتەوە.

---

(١) - ه . د . ویدۆوسن، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، د. هۆشەنگ فاروق، هەولێر، ٢٠٠٨، (ل : ٧٤) .

(٢) - جولیا اس . فالك، هەمان سەرچاوەی، (ل : ٤٩) .



## جیاوازی نێوان وشە و مۆرفیم

١- وشە یەکەیەکی زمانی واتادارە هەر چی مۆرفیمە واتادار و بێ واتایە.

٢- وشە شێوەیەکی (مۆرف) سەربەخۆی هەیە، بەڵام مۆرفیم شێوەی سەربەخۆ و نا سەربەخۆ (بەند) هەیە.

٣- وشە لە رووی پێکهاتنەوە سادە، دارێژراو و لێکدراوی هەیە ؛ مۆرفیم جۆری وشەی نەبێت مۆرفیمە بەندەکانی بە زۆری مۆرفیمی سادەن.

٤- بەهۆی وشەوە ناتوانرێت لە هەموو یەکەکانی زمان بکۆڵرێتەوە وەک مۆرفیمە بەندەکان، بەڵام بەهۆی مۆرفیمەوە لە وشە و ناوشەش واتە کەرەسەی بەندە دەکۆڵرێتەوە (١).

٥- وشە جۆری فەرهەنگی و جۆری ئەرکیشی هەیە، بەڵام مۆرفیم جۆری وشەی لێدەرچێت مۆرفیمی وشە دارێژ و مۆرفیمی ئەرکی هەیە. نموونە بۆ وشەی ئەرکی وەک وشە سەربەخۆکانی زمانە سەربەخۆکان لە زمانی کوردیدا ئامرازە سەربەخۆکانی: بەڵام، هەتا، ئەگەر، چونکە، بۆیە، وەک، کاشکی، بریا. . هتد.

٦- وشە دەبێتە زاراوە و ئیدیەم، بەڵام مۆرفیم سەربەخۆ نابێتە ئەو یەکانە، بەڵکو بەشداری پێکهاتەیان دەکات لە ناو وشەدا وەکو نیشانەکان (تاک، کۆ، ناسراوی، نەناسراو. ...).

٧- وشە لە بەکارهێناندا یەکەمی شێوەی (مۆرف) دەگۆڕێت بەڵام مۆرفیم جۆری وشە دارێژ و جۆرە رێزمانەکەشی گۆڕان بەسەر شێوەیاندا دێت و جۆری دووەمی لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگناسییەوە (فۆنۆلۆجی) ئەلۆمۆرف پەیدا دەکەن و شێوەیان بە چەند جۆرێک دەگۆڕێت و هەر جۆرەی شێوەیەکی جیاواز دەگرێتە خۆی.

---

(١)- کەرەسەی زمانی وا هەیە، بە تایبەتی لە وشەسازیدا بەشداری پێکهاتنی وشە دەکات بەڵام شێوەی دیاری کراوی نییە وەکو مۆرفێکی چەسپاو لە زماندا بەوەی بەر وشەی بکەوێت یا بەر گیرەك هەر چەندە کەرەسەی وشە دارێژیشن بەڵام نە پێشگر و نە پاشگریشن وەکو هەرچی، پەرچی لە وشەی هەرچی و پەرچی ..... هتد .

٨- وشە بەبێ مۆرفیمی بەند ئاخاوتن پێک ناهێنێت و مۆرفیمیش بەبێ وشە، ئەرک و واتای دەرناکەوێت و بەکارناهێنرێت.

٩- وشە لە ئاخاوتندا (رستە) ئەرکی بەشە بنجییەکانی ناو رستەکە دەبینێت، بەڵام مۆرفیم ئەرکی رێکخستن و پێکهێنانی پەیوەندی نێوان وشەکان دەبینێ.

١٠- لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی زمان لە مێژوودا، وشە ئەگەر تۆمار نەکرێت لە ئەنجامی پێویست نەبوونیانەوە لە ژیانی رۆژانەدا لە بیر دەچنەوەو دەمرن، بەڵام ئەم دیاردەیە کەمتر توشی مۆرفیم دەبێت. ئەگەر چی کەرەسە دۆخییەکان هەندێک جار لەم رووەوە لە زماندا نامێنن و جاری واش هەیە دۆخی نوێ سەرهەڵ دەدات بۆ نموونە وەکو بەکارهێنانی مۆرفیمی نەناسراوی لەگەڵ راناوی کەسی سەربەخۆ و ناوی تایبەتیدا. نموونە (منێک، تۆیەک، کەرکوکێک).

## دەوری وشە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا

لە سەرەتای لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا بۆ دیاری کردنی کەرەسە جیاوازەکانی زمان یا بۆ دیاری کردنی جۆری وشە جیاوازەکان لەهەر زمانێکدا سود لە وشە وەرگیراوە.

بۆ ئەم مەبەستە و بۆ ئاسان کردنی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لە سەرەتای زمان ناسییەوە زمانیان دابەش کردۆتە سەر سێ بەش وەک:

**ناو**

**فرمان**

**پیت**

پێویستە ئەوە رونبکەینەوە کە جێناو ئاوەڵناو لە خانەی ناو و ئاوەڵفرمانیش لە پێکهاتەی فرمان و ئامراز و جۆرەکانی، گیرەک و نیشانەکانیش لە خانەی پیتدان.

ئەم دابەشکردنە تا چەندین سەدە باڵی بەسەر لێکۆڵینەوەی زمان کێشابوو. پاشان لە ئەنجامی جیابوونەوەی دین و دەوڵەت واتە لە هەرەس هێنانی دەسەڵاتی ئاینی و دەسەڵاتی کڵێسەوە زمانی لاتینیش وردە وردە لە بەرانبەر زمانی نەتەوە ئەوروپییەکانی



وەک ئیتالیایی، فەرەنسایی، رۆمانی، ئیسپانی و هتد . پاشەکشەی کرد و بەم زمانانە کتێبی رێزمان و زمان بڵاوبۆوە، قاوغی پیرۆزی زمانی لاتینی و بەستەڵەک بەستنی بیروڕا زمانیەکان کە لە گریکی و رۆمانی کۆن و لاتینەوە لە دوای سەردەمی راپەرینەوە گۆڕا بە لێکۆڵینەوەی نوێ و بەپێی تایبەتێتی هەر زمانێک باسی زمان دەکرا.

## لێرەدا وشەکانی زمانیان، کە بەشەکانی ئاخاوتن پێکدەهێنن کرا بە هەشت بەشەوە ؛وەک:

**ناو**

**جێناو**

**ئاوەڵناو**

**فرمان**

**ئاوەڵفرمان**

**ئامرازی پەیوەندی**

**ئامرازی لێکدەر**

ئامرازی سەرسورمان و بانگهێشتن.

لە هەندێک لێکۆڵینەوەشدا، بە کاریگەری زمانەوانە روسیەکان ژمارەی بەشە ئاخاوتنیان گەیاندۆتە دە بەش. تا بەهۆیانەوە کەرەسەکانی زمان دیاری بکەن و بەشی ژمارە و پارتیکل زیاد کرا

لەگەڵ ئەمەشدا بە تەواوی نەتوانراوە، بەهۆی وشە جیاوازەکانی زمانەوە ؛ کەرەسەکانی زمان دیاری بکەین. چونکە بێجگە لە وشە کەرەسەی تریش هەن، کە وشە نین و لە ناو زماندا هەن و کار دەکەن و بەکاردێن و ناتوانرێت ئاخێوەری زمان دەسبەرداریان بێت. لەبەر ئەمە تیۆری وشەش کەم وکوڕی تیدەکەوێت و کەرەسەی جیاواز هەیە بەر وشە ناکەوێت. بۆیە زمانەوانەکان بیریان لە بیردۆزی

تر کردەوە بیکەن بە جێگرەوەی وشە بۆ ئەم مەبەستە تا بەهۆیەوە زۆربەی کەرەسە جیاوازەکانی دیاری و پول بکرێن و کە تیگۆرییان بۆ دابنرێت.

لەبەر ئەمە بیرۆکەی مۆرفیم پەیدابوو. لە بەشی تری ئەم کتێبەدا کە باسی مۆرفیمە، تیشک دەخەینە سەر ئەم لایەنە و چۆنیەتی پەیدابوونی.

لێرەوە باسی بەشەکانی ئاخاوتن بە جیا و بە پێناسە و نموونە و جۆرەکانی و تایبەتێتی هەر یەکەیان دەخەینە روو.

ناو: بەشێکی ئاخاوتنە بۆ ناسین و ناونان و دیاری کردن بەکاردێت وەک کەس، شت، شوێن و زیندەوەر نموونە: کاوە، گوڵ، ئاژەڵ، کەرکوک، دار، مێشولە.

**تایبەتێتی ناو گشتی**

١-ناو بۆ ناونان بەکاردێت.

٢- ئەرکی جۆراوجۆر لە گەردانکردندا دەبینێ .

٣- نیشانە ڕێزمانییەکانی وەک کۆ، تاک، ناسراوی، نەناسراوی، وەردەکرێت و دەبێتە گرێ.

٤- بەشداری پێکهاتنی وشەی نوێ دەکات.

**جۆرەکانی ناو لە رووی واتاوە**

١- ناوی تایبەتی ٢- ناوی گشتی ٣- ناوی کۆمەڵ

ناوی تایبەتی: تایبەتە بە ناونان و دیاری کردنی تاکە کەسێک یا شوێنێک، وەک زەردەشت، کەرکوک، ئەزمەڕ، ئارام

**ناوی گشتی**: ئەو ناوانەن کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ناونانی کەس و شت و شوێن و گیاندار بەشێوەی تاکێک لە بەرانبەر رەگەز و پۆل و گروپەکەی بەکاردێت وەک:

( ژن، پیاو، گوڵ، شار، روبار، دێ، قوتابی، جوتیار، پشیلە، مەڕ. . هتد).

**تایبەتێتی ناوی گشتی**

١- بەشێوەیەکی گشگیری هەموو رەگەز و پۆلەکەی خۆی دەگرێتەوە.

٢- لەرواڵەتدا تاکە بەڵام هەر تاکێکی گشگیرە.

٣- ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت لە زماندا.



٤- نیشانەڕێزمانییەکان وەردەگرن و دەبنە گرێ.

٥- دەکرێت ببێ بە پایە بۆ پێکهاتنی وشەی تر لێوەی بەهۆی گیرەکەوە.

٦- ناوی گشتی کەس و شت و شوێن و گیاندار دەگرێتەوە.

**ناوی کۆمەڵ**

ئەو ناوانەن لە رواڵەتدا تاکن و لە رووی واتاوە کۆن. وەک: لەشکر، هۆز، سوپا، گەل، میللەت.

**تایبەتێتی:**

١- ئەو ناوانەن رواڵەتی تاک و واتای کۆیان هەیە.

٢- لە رووی ژمارەوە ناوی کۆمەڵ ناژمێرێت وەکو لە شێوەدا دیارە.

٣- ئەرکی جۆراوجۆری هەیە.

٤- نیشانە رێزمانییەکان وەردەگرن و گرێ دروست دەکەن.

٥- بەشداری دارێشتنی وشە دەکات لە رووی پێکهاتنەوە.

ناوی لە رووی سەربەخۆیی بوونەوە

١- ناوی بەرجەستە ٢- ناوی واتایی (گوزارەیی)

١- ناوی بەرجەستە: ئەو ناوانەن کە ناوی شتە مادییەکان دەگرێتەوە یان هێما دەکات بۆ شتی مادی و قەوارەیان هەیە، وەک: دار، بەرد، گوڵ.

**تایبەتێتی ناوی بەرجەستە**

١-ناوەکان بوونی سەربەخۆیان هەیە و لەشی تر دا نین.

٢- بەر هەست دەکەون و بەهۆی یەکێک لە ئەندامانی هەستەوەرەوە هەستیان پێ دەکرێ (١).

٣- بۆشایی پڕ دەکەنەوە چونکە شتی ماتەرین.

٤- وەکو هەر ناوێکی تر نیشانە رێزمانییەکان وەردەگرن.

٥- ئەرکی جۆراوجۆریان هەیە لە گەردانکردندا.

---

(١) - د. ئەورەحمانی حاجی مارف، مۆرفۆلۆجی (ناو)، بەغدا، ١٩٧٩، (ل : ٩٩).

٢- ناوی واتایی گوزارە – معنوی)

ئەو ناوانەن بەهۆی واتایانەوە دەزانرێت ناون (١) و بەر هەست ناکەون و بوونی سەربەخۆیان نییە و لە شتی تردا هەن وەک: پەری، فریشتە، هێز، مردن، جوانی، باوەڕ، جنۆکە،. .. هتد.

**تایبەتێتی:**

١- بەهۆی واتایانەوە دەزانرێت ناون.

٢- بوونیان لە شتی تر دایە و سەربەخۆ نین.

٣- نیشانە رێزمانییەکان وەردەگرن.

٤- ئەرک دەبینن لە گەردانکردندا.

٥- دەبنە پایە بۆ پێکهاتنی وشەی نوێ کێیانەوە.

**٣- ئاوەڵناو:**

بەشێکی ئاخاوتنە، وەسفی ناو و راناو دەکات ؛وەک: چاک، گەندە، دڵپاک.

**تایبەتێتی:**

١- بەشێکی ئاخاوتن پێکدەهێنێت.

٢- دەبێتە تەواوکەری ناو و راناو و گرێ پێکدەهێنێت.

٣- نیشانەی رێزمانی وەرناگرێت، بە وەرگرتنی لە ئاوەڵناوی دەکەوێت و دەبێتە ناو.

٤- پلەی بەراورد و باڵای هەیە و بەهۆی نیشانە و گیرەکی تایبەت بەم دۆخەوە پێکدێت.

٥- کە بووە تەواوکەری فرمان دەبێتە ئاوەڵفرمان.

٦- دەبێتە گوزارە لە رستەدا (٢).

٧- بەشداری داڕێشتنی وشەی نوێ دەکات.

---

(١) - د. ئەورەحمانی حاجی مارف، هەمان سەرچاوە، (ل : ٩٩) .

(٢) - دکتر ایران کلباسی، (ل : ٢٩) .



## جۆرەکانی ئاوەڵناو لە رووی پلەوە

سێ جۆرە ئاوەڵناو هەیە وەک ئاوەڵناوی ئاسایی، ئاوەڵناوی پلەی بەراورد و باڵا:

١- ئاوەڵناوی فەرهەنگی: ئەو ئاوەڵناوەیە لە فەرهەنگی زمانەکەدا کە بە شێوەیەکی ئاسایی هەیە و وەسفی ناو و راناو دەکات، وەک: جوان، باش، خاوێن.

٢- ئاوەڵناوی پلەی بەراورد: ئاوەڵناوێکە پلەیەکی بەراوردی هەیە لە سیفەتێکدا لە نێوان دوو کەس یا دوو شت سیفەتی یەکێکیان لەویتر زیاترە بەهۆی نیشانەی تایبەتیەوە پێکدێ، وەک (تر: جوانتر، باشتر، خاوێنتر.

٣- ئاوەڵناوی پلەی باڵا: ئاوەڵناوێکە پلەی سیفەتەکەی لە ناو هاوچەشنەکانی خۆیدا لە وانیتر زیاترە. بەهۆی ئەم نیشانانەوە دروست دەکرێن:

**نیشانەکان:**

١- ترین: زیرەکترین ⟵ ئاوەڵناو + ترین.

٢- لە هەموو ⟵ لە هەموو + ئاوەڵناوی پلەی بەراورد: لە هەموو زیرەکتر.

٣- هەرە ⟵ هەرە (ئامرازی جەخت) + ئاوەڵناو: هەرە زیرەک.

**٣- راناو:**

راناو: بەشێکی ئاخاوتن پێکدەهێنێت و لە بری ناو بەکار دێت و شوێنی ناو دەگرێتەوە، بەندە بە کەس و ژمارەوە، راناو لە عەرەبیدا ناوە بەڵام لە ئینگلیزیدا جۆرێکی سەربەخۆیە لە جۆرەکانی وشەداو (١) راناوە جیاوازە لە ناو لەبەر ئەوەی کەسی هەیە (٢). نموونە وەک (من، ئێمە، خۆت، مان، ین، یت، ئەم، م، ت، ئەمانە، هین، فلان، کەس. .. هتد).

**تایبەتێتی راناو:**

١- بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن.

٢- لە بری ناوی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت.

---

(١) - محمد علی الخولی / معجم علم اللغه النظری، (ل : ٢٢٩) .

(٢) - محمد علی الخولی، هەمان سەرچاوەی و هەمان لا پەرە.

٣- ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت لە رستەدا و دەچێتە ناو پێکهاتەی گرێوە.

٤- هەندێک لە راناوەکان بەشداری داڕێشتن و پێکهاتنی وشەی تر دەکەن وەکو: خۆخۆر،خۆ پەرست،ئێمەمانان، کەسدار، بێکەس.

٥- بەشێوە سەربەخۆ و مۆرفیمی بەند و لکاو بەکاردێت و دەرەکەون.

**جۆرەکانی راناو:**

١- راناوی کەسی سەربەخۆ.

٢- راناوی کەسی لکاو.

٣- راناوی کەسی خۆیی. ئەم سێ جۆرەیان بە تەواوی بەندن بەکەسەوە ئەوانیتر لە ژمارە (٤-٧) بۆ کەس شت و شوێن.. بەکاردێن.

٤- راناوی نادیار

٥- راناوی نیشانە

٦- راناوی هەیی

٧- راناوی پرسیار (١).

١- راناوی کەسی سەربەخۆ: ئەو راناوانەن لە بری ناوی کەس بەکاردەهێنرێن و واتادار و سەربەخۆن و زۆربەی ئەرکەکانی راناوی گشتی لە گەردان کردن و بەکارهێنانیدا وەردەگرێت.

**تایبەتییەکانی:**

١- راناوی کەسی سەربەخۆ جێگای ناوی کەس دەگرێتەوە لە بەکارهێناندا.

٢- لە گەردانکردندا دەچنە ناو پێکهاتەی گرێوە و ئەرکی خۆیان دەبینن و تەنانەت دەبنە گوزارەش.

٣- بەپێی یاسای بە راناو کردن، راناوە کەسییە لکاوەکان لە بەکارهێناندا شوێنیان دەگرنەوە.

(١)- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، رێزمانی کوردی _(جێناو)، بەغدا، ١٩٨٧، (ل: ٧٨) دە جۆری دیاری کردووە بە جێناوی نەفی، چەندێتی و جێناوی هاوبەشەوە.



٤- ئەم راناوانە بەشێوەی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێن واتادارن و دەچنە خانەی وشەوە.

**٢- راناوی کەسی لکاو:**

راناوێکن دەچنە خانەی مۆرفیمی بەندەوە دەلکێت بە وشەوە، بە سەربەخۆیی نییە و بەکارناهێنرێت (١). وەکو: (م، ت، ێت، ین، مان، ێن، ن، ات.. هتد).

راناوی لکاو لە زمانی نووسینی کوردیدا (کوردی ناوەراست) دوو جۆرە:

١- کۆمەڵەی یەکەم: تایبەتە بە بەکارهێنانی لەگەڵ ناو و ئاوەڵناو خاوەندارێتی دەگەیەنێت و لەگەڵ فرمانی رابردووی تێپەڕدا دەبێتە بکەر، وەکو:

**م ← مان**

**ت ← تان**

**ی ← یان**

بەشی دووەمیان کە بۆ کۆیە شێوەکەی بریتییە لە بەشی یەکەمی راناوەکان کە بۆ تاکن + نیشانەی کۆ (ان)




٢- کۆمەڵەی دووەم: تایبەتە بە بەکارهێنانی رابردوو و رانەبردووی تێنەپەڕ و تێپەڕ و دەبنە بکەر و لەگەڵ ناو و ئاوەڵناو یشدا رستە پێکدەهێنن.

**م ← ین**

**یت ← ن** **بۆ رابردووی تێنەپەڕ**

**ø ← ن**

(٢)- بڕوانە ١: / محمد على الخولى، (ل: ٦٩).

ب- رمزى منير بعلبگى، (ل: ١٤٢).

**م ← ین**

**یت ← ن          بۆ رانەبردووی تێنەپەڕ**

**ێت / ات ← ن**

- ێت ← ات  بەهۆی دەنگسازییەوە بۆ سەر رەگی کۆتایی هاتوو بە (ۆ، ە).

**م ← ین**

**یت ← ن لەگەڵ ناو و ئاوەڵناو دا**

**ە ← ن**

**تایبەتییەکانی راناوی لکـــــــاو**

١- مۆرفیمێکی بەندە، سەربەخۆ بەکار نایەت.

٢- دەلکێت بە وشەوە ئەو کاتە ئەرکی دیار دەبێت و دەبێت بە وشە بەست (Clitic).

٣- هیچ ئاخاوتنێک بەبێ راناوی لکاو پێکنایەت، بە لادانی رستە هەڵدەوەشێتەوە

٤- لە رووی شێوەی دەرکەوتنیەوە سەربەخۆیە چەنکە شێوەیان دەناسرێتەوە.

٥- ئەرکی جۆراوجۆر دەبینێت لە رستەدا و خانەیەک پڕ دەکاتەوە لە ناو پێکهاتەدا.

## راناوی کەسی خۆیی

راناوی کەسی خۆیی: ئەو راناوەیە کە بۆ جەخت کردن بەکاردێت. بۆیە بە راناوی جەخت کردنیش ناو دەبرێت (١). چونکە جەخت کردنی بکەر لە کردەوە نیشان دەدا.

ئەم راناوە بە (چمیر انعکاسی – Reflexive) یش لە فەرهەنگە زمانەوانییە ئینگلیزی – عەرەبییەکانیش ناوبراوە بەم شێوەیە پێناسەکراوە:

راناوێکە فرمانەکە دەکەوێتە سەری و راناوەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان بکەر (٢). لە بەرانبەریدا راناوی جەخت کردنە کە لە شێوەدا راناوی رەنگدانەوە دەچێت

**(١)- أ/ محمد علی الخولی، (ل :٨٤) . ب / رمزی منیر بعلبگی، (ل : ١٧٠) هەروەها بە (Reflexive) یش یەکەمیان لە (ل : ٢٣٠) و دووەمیان لە (ل :٤٢٣) ناوی هاتووە.**

**(٢)- محمد علی الخولی، (ل : ٢٣٩).**



و لە ئەرکیشدا لە یەکتر جیاوازن(١). ئەم راناوە (Reflexife) لە کوردیدا واتای رەنگدانەوە دەگەیەنێت (٢) نەک تەکدانەوە. هەشە بە ئەنافەری داناوە (تارا محسن قادر، ٢٠٠٤، ل: ١٢٠).

شێوەی راناوەکە بریتییە لە: جێناوی خۆ + راناو = خۆم، خۆت، خۆتیت.

ئەم راناوە لە بەکارهێناندا لەگەڵ هەر دوو کۆمەڵەی راناوە لکاوەکان دێت.

**تایبەتێییەکانی:**

١- بۆ جەخت کردن بەکاردێت.

٢- ئەرکی جۆراوجۆری هەیە لە هەر دوو ئاستی وشەسازی و رستەسازی لە دارێشتنی وشە و پێکهاتنی رستە.

٣- شێوەی دیاری کراوی هەیە (بڕوانە هەمان لاپەرە).

٤- بەهۆیەوە وشەی نوێ پێکدێت و بەشداری زاراوە و ئیدیەم پێکهاتنیش دەکات.

٥- کەس و ژمارەی هەیە بۆ تاک و کۆی قسەکەر و گوێگر و نادیار. (پێچەوانەی بۆچوونی بەدرخان سلێمان عەلی: ل ٤٦) چونکە ئەم راناوە بەتایبەتی لەزمانی نووسیندا بەبێ راناوی لکاو بەکار نایەت تەنها لە وشەسازی نەبێت.

٦- شوێنی ناو دەگرێتەوە لە بەکارهێناندا و دەچێتە ناو پێکهاتە جیاجیاکانی رستەوە کە بەشی بنجی رستە دروست دەکەن. هەڵەشە بوترێت ناتوانرێت هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت! چونکە جێناو جێگری ناوە و بەپێی یاسای بە راناوکردن شوێنی دەگرێتەوە و بەڵێ هەرگیز وەک ناوەکە نییە ئیتر پێویست بەم هێماکردنە ناکات و هیچ جێگرێک ناتوانێت لە زمانەوانیدا تەواوی جێگیرەوەکەی بێت.

٧- راستە نیشانەی نەناسراوی وەرناگرێت بەڵام بەدرخان سلێمان هۆی ئەمەی روون نەکردۆتەوە (٣) بۆچی وایە. چونکە جێناوەکانی کەسی سەربەخۆ و لکاو و

**(٣)- بدران سلیمان علی، جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦، (ل : ٤٣).**

**- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زماننـاسی، سلێمانی، ٢٠٠٤، (ل : ٤٧) بە تەکدانەوەی داناوە .(٤)**

**(١)- بەدرخان سلێمان علی، (ل : ٤٦) .**

خۆیی خۆیان دیارن ئیتر پێویستیان بە نیشانە دیار و نادیار نییە. جێناوە نادیارەکان نیشانەی نەناسراوی وەردەگرن بۆ نموونە وەک: ( کەسێک، شتێک)، کە خۆیان (کەس، شت) ن. لە کۆتایی ئەم باسەوە دەکرا بەردخان سلێمان لە شەش حەوت خاڵێکدا تایبەتییەکانی جێناوی خۆیی دیاری بکردایە نەک بە تێکەڵی و دووبارە بوونەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئاستی زانستی نامەکەی (جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا) چاک و بەرزە.

نموونە بۆ شێوەی دەرکەوتن و بەکارهێنانی جێناوی خۆیی

**خۆم ← خۆمان**

**خۆت ← خۆتان** **لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەمدا**

**خۆی ← خۆیان**

**خۆم ← خۆیین**

**خۆیت ← خۆیین** **لەگەڵ کۆمەڵەی دووەمدا**

**خۆیی ← خۆیین**

( هۆی دەنگسازی وایکردووە لە دۆخی کۆدا هەر سێکیان وەکو یەکبن بەهۆی پەیدابوونی نیمچە بزوێنی. (ی) لە دوای بزوێنی (ۆ).

نموونە بۆ پێکهاتنی وشە:

خۆ کوژ، خۆپەرست، خۆ بەزلزان، خۆگر، خۆراگر، خۆهەڵکێش، خۆکرد، خۆجێ، لەخۆدان، خۆڕسک، خۆگۆڕین.

## رانـــــاوی نادیــــــار (١)

ڕاناوێکە لە بری ناوی نادیار بەکاردێت و شوێنیان لە ئاخاوتندا دەگرنەوە. ئەم جۆرە ڕاناوە کەس، شت و شوێن دەگرنەوە.

---

**(١) - زۆر لە زمانەوان جیاوازی لە نێوان جۆری راناوی ٠نادیار ناکەن و تێکەڵیان کردووە لەگەڵ ئامرازی گەیەنەر و ئامرازی جەختکردندا بۆ نموونە : د.قەنانی کوردۆ، (ل : ١١٧- ١١٨)، د. کوردستان موکریانی،(ل ٢٥١)، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، (ل : ٢٨٥-٢٨٨) رەخنەی لەوانەی پێشتر گرتووە، کەچی خۆی راناوەکانی دیاری نەکردووە . نووسەرە فارسەکانیش بە زۆری بە (مبهمات ) ی ناو دەبەن یا بە (صفت مبهم ) هەروا بۆ نموونە : ایران کلباسی، (ل : ٣٠) .**



ڕاناوی کەسی نادیار: ڕاناوێکە لە جیاتی ناوی کەس بەکاردێت. وەک: (فلان، فیسار، کەس، هین، کابرا، فلان و فیسار، گشت، هەموو.. . هتد).

هەندێک لەم ڕاناوانە بۆ کەس و شت و شوێن بەکاردەهێنرێت. وەک: (هین، گشت، هەموو).

نموونە بۆ پێکهاتنی ووشە: کەسدار، بێکەس، گشتی، گشگیر، هەرکەس).

**تایبەتێتی ڕاناوی نادیار:**

١- لە جیاتی ناوێک بەکاردێت نادیارە و شوێن دەگرێتەوە.

٢- لە هەردوو ئاستی ووشەسازی و ڕستەسازی بەڵام لە ڕستەسازی دەوریان زیاترە.

٣- بەهۆی ڕاناوی لکاو کەس و ژمارەیان دیاری دەکرێت.

٤- بە زۆری نیشانە ڕێزمانیەکان وەردەگرن بەڵام مەرج نیە هەموویان وەربیگرن.

٥- لەگەڵ ئامرازی (هەر) دا دەگۆڕێن بە ئامرازی جەخت کردن یا بە ئامرازی گەیەنەر.

## ڕانـاوی نیشانە

وشەیەکە ئەرکەکەی بریتی یە لە جیاکردنەوەی یەکێک لە ڕەگەزەکان، لە هەموو تاکەکانی خۆی لە ڕووی نزیکی و دووریەوە لە قسەکەر یان گوێگر. بە زۆری هێما کردنی دەستی لە گەڵ دەربڕینەکەیدا دەبێت. واتە ئەو ڕاناوانەن کە بۆ هێما کردنی و دەس نیشان کردن لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت. لە زمانی عەرەبیدا ئەوەی ئەم ئەرکە دەبینێ ناوە، بۆیە پێی دەوترێت ناوی نیشانە و ئەم زاراوانەشی بۆ بەکاردەهێنرێت وەکو: ئاوەڵناوی نیشانە، ڕاناوی نیشانە، ڕاناوی دیاریکردن، یا ئاوەڵناوی ڕاناوی، نموونەئەمە حاڵەتێکی درۆیە،هەروەها زاراوەی ئامرازی نیشانەیشی بۆ بەکاردێت بۆ هێماکردنی هەموو ئەم بەشانەیە لە زمانی کوردی نووسیندا وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ئەم / ئەمە** | **بۆ تاکی نزیک** | **ئەمان / ئەمانە** | **بۆ کۆی نزیک** |
| **ئەوە /** | **بۆ تاکی دوور** | **ئەوانە** | **بۆ کۆی دوور** |

بەگشتی ڕاناوێکن هێماکردن دەگەیێنێت(١).

---

**(١) محمد علی الخولی، (ل : ٦٨) .**

**تایبەتێتی:**

١- بە راناو دادەنرێت.

٢- بۆ مەبەستی نیشانە کردن و جیاکردنەوەی یەکێک لە تاکەکانی خۆی بەکاردێت.

٣- بەندە بە کەس و ژمارەوە.

٤- لە هەر دوو ئاستی وشەسازی و رستەسازی ئەرکی هەیە.

٥- بۆ هێماکردنی نزیک و دوورە.

٦- ئەم راناوە دەبێتە جێگیر و جێ نشینی ناووتێگەی نیشانە دەگەیەنێت(١).

**دەوری لە پێکهاتنی وشەدا:**

ئەمرۆ، ئەمشەو، ئەمجا، ئەمبەر، ئەوبەر.

## راناوی خاوەنداری ( Possessive Pronoun )

راناوێکە واتای خاوەندارییتی دەگەێنێت (٢). هەشە بە راناوە هەیی. ناوی بردووە (٣).

شێوەی دەرکەوتنی بریتییە لە (هی) یا (هین) لە زمانی نوسینی کوردیدا بەکاردێت.

**تایبەتێتی:**

١- بۆ خاوەنداریێتی و هەبوون بەکاردێت.

٢- بە زۆری بەکارهێنانی لە ئاستی رستە دایە.

٣- بریتییە لە مۆرفیمێکی بەندی رێزمانی واتە مۆرفیمی ئەرکییە.

٤- شێوەی (هین) و پاشان (هی) گرتوتو خۆی و تەنانەت ئامرازی خستنە سەری (ی) کە بۆ هەبوونە هەر ئەمەیە کورت بۆ تەوە و بەشێوەی (ی) بەکاردێت.

---

**(٢)- فاطمة مدرسی، فەرهەنگی زبان شناسی – دەستوری، (ل: ٢٢٥)، لە لاپەرە (٢١٥) بە ئاوەڵناوی نیشانەش ناوی بردووە بۆ هێماکردن بە ناو بەکاردێت وە لەو رووەوە دەبێتە تەواوکەری .**

**(١)- محمد علی الخولی، (ل: ٢٢١)، د. رمزی بعلبگی، هەر بە هەمان شێوە باسی کردووە، بڕوانە لاپەڕە (٣٨٨) .**

**(٢)- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، جێناو (ل ک٢٧٨) دەڵێی ئەو جێناوەیە کە خۆیەتی ( تملك ) رادەگەێنێ .**



## رانـــــاوی پـــرس

راناوی پرس: راناوێکە بۆ پرسیارکردن بەکاردێت. واتە پرسیار لە کەس، شت، شوێن و حاڵەت و چۆنیەتی. کاتێک کە لە سەرەتای رستەوە جێ دەگرێت، ئاساییە ئاواز لەسەر تۆنی رستەکەیە. یا لە شوێنێکەوە دێت کە سەرەتای رستە نییە (١).

**راناوەکانی ئەمانەن:**

- **کێ:** بۆ پرسیارکردن لە کەس
- **کوێ:** بۆ پرسیارکردن لە شوێن
- **کەی:** بۆ پرسیارکردن لە کات
- **چۆن:** بۆ پرسیارکردن لە چۆنیەتی
- **چەند:** بۆ پرسیارکردن لە ژمارە و ئەندازە
- **چی:** بۆ پرسیارکردنی شت.
- **کام / کامە:** بۆ پرسیارکردن بۆ جیاکردنەوە و هەڵبژاردن
- **بۆچی:** بۆ پرسیارکردنی هۆ
- **چونکە:** بۆ پرسیارکردني هۆ
- **لەبەرچی:** بۆ پرسیارکردني هۆ
- **بەچی:** بۆ پرسیارکردني هۆ و واسیتە
- **بۆیە:** بۆ پرسیارکردني هۆ

**تایبەتێتی:**

١- بۆ پرس کردنن.

٢- بریتیین لە وشە (مۆرفیمی سەربەخۆ).

٣- لە هەر دوو ئاستی وشەسازی و رستەسازی بەکاردەهێنرێن.

٤- لە وشەسازیدا دەبنە هۆی وشە پێکهاتن. وەک: هەر کێ، هەر کام، هەر چی، چۆنیەتی، چەندێتی، هەر چەند، هەر چۆن، هەر کوێ، هەر کەی.

---

**- محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان زبان فارسی، تهران ١٣٨٢، (ل : ٨٥) .** (٣)

٥- ئامراز وەردەگرن و گرێ پێکدەهێنن و دەوری جۆراوجۆر دەبینن، وەکو: لە کوێ، بە چی، لە کام، بۆ کوێ. ..

٦- لە دەوری تەواوکەریدا پاشکۆی ئامرازە پەیوەندییەکان وەردەگرن ؛وەکو: لە کێوە ؟ لە چییەوە، بەکامەوە، لەکەیەوە.

٧- رستەی پرس دروست دەکەن.

## فرمان

فرمان پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە وەک پێناسەی گشتی کە فرمان کار و کردەوە نیشان دەدات، ئەم پێناسەیە ناتەواوە چونکە مەرج نییە هەموو فرمانێک کار و کردەوە بێت، فرمان هەیە روداوە هەیە ئیش کردن و کار و کردەوەیە، هەیە جێبەجێکردنە، جۆری وا هەیە هێما بۆ زەینی مرۆڤ دەکات و فرمانی زەینی پێکدێنێ، هەیە گواستنەوەیە[1].

لە فەرهەنگە زمانەوانییە فارسیەکان فرمان کەرەسەیەکی (رەگەز) زمانییە ناوکی گرێی فرمانی (گوزارە) پێکدێنێ و ئەنجامی کارێک یا روداوی فرمانێک یا بوونێک یا جێبەجێکردنی حاڵەتێک بە ئەرێ یا نەرێ لە کاتی رابردوو یا ئێستا یا لە ئایندە دەبێت[2]. ئەم پێناسەیە تاڕادەیەک گونجاوترە لەوی پێشوتر چونکە بێجگە لە کردەوە لایەنی تریشی گرتۆتەوە بەڵام دیسان کەم و کوڕی هەیە کە گواستنەوە و لایەنی زەینی تێدا نییە کە لە هەندێک فرماندا هەیە وەکو فرمانی گواستنەوە و فرمانی زەینی [3].

لەلایەکی ترەوە فرمان کەرەسەیەکی زمانییە کە ناوکی گرێی فرمانی (گوزارە) پێکدێنێ[4]. ئەم پێناسەیەش ناتەواوی هەیە، چونکە فرمان گوزارەشتی جۆراوجۆری هەیە هەر چەندە ئەمە لە گوزارە دا بەدی دەکرێت بەڵام پێویستی بی رونکردنەوە هەیە.

**(٤٨) - د. رفیق شوانی، زمانەوانی، کۆمەڵێك وتار، دەزگای موکریان، ٢٠٠٩، (ل :   ) .**

**(٤٩) - دکتر فاطمة مدرسی، (ل : ٩٢-٩٣) .**

**(٥٠) - د. رفیق شوانی، زمانەوانی، (ل : ٩٢- ٩٣) .**

**(٥١) - دکتر خسرو غلا معلی زادە، ساخت زبان فارسی، تهران، ١٣٨٦، (ل : ٤٢) .**



بێجگەلەم پێناسەیە، فرمان: وشەیەکە لە رووی گەردانی وشەسازییەوە بە واتای کات، دۆخ و چۆنیەتی، ئاراستە، رێژە مود، کەس و ژمارە گەردان دەکرێت و لە رووی زمانەوانییەوە ناوکی ناوەندی گوزارە پێکدەهێنێت[1]. ئەم پێناسەیە لەوانیتر تەواوترە چونکە لایەنی وشەسازی و رستەسازی فرمانی رەچاوکردووە.

سەرچاوە فەرهەنگییە ئینگلیزییە عەرەبییەکان، لە پێناسەی فرماندا، هێما دەکەن بەوەی کە یەکەیەکی رێزمانییە، تایبەتە بە رێژەی کات و رێژەی فرمانی و پێکهاتەیەکە، بکەر دیار و بەرکارێک یا زیاتر و واتای روداو و بزوتنەوە و چۆنیەتی رادەگەیێنێت[2].

ئەم دوو پێناسەیەی لای کۆتاییەوە لەوانیتر گونجاوتر و بێ کەم و کوڕی ترە چونکە زۆربەی لایەن و تایبەتییەکانی فرمانی وەکو یەکەیەکی رێزمانی تێدایە لە رووی واتا و ژمارە و کەس و کات و چۆنیەتی و حاڵەت و روداویشەوە. لە کۆتاییەوە ئەم پێناسەیە بۆ فرمان دەخەینەڕوو: -

**فرمان:** بەشێکی ئاخاوتنە، روداو، کارو کردەوە، بزوتنەوە و چۆنیەتی (حاڵەت) و زەین و سەرنج دەگەیێنێت و بەندە بە کەس و کات و ژمارە و گوزارەوە (هەواڵ). نموونە: (خنکا، کردم، رۆیشت و گەورەم بووم، دەروانم، دەزانم، بڕوانە).

## فرمان لە رووی واتاوە

فرمان لە رووی واتاوە، واتە بەپێی ئەو واتایەی کە دەیبەخشێت، ئەم جۆرانەی هەیە، وەک فرمانی گواستنەوە، فرمانی رووداو، فرمانی راپەڕاندن و کارو کردەوە، فرمانی زەینی[3]. لە خوارەوە بەنموونەوە روونیان دەکەینەوە:

١- **فرمانی گواستنەوە:** فرمانێکە جولەو بزوتنەوەی تێدایە. وەک: هاتم، دەڕۆم، گەیشتم.

**(٥٢)- دکتر ایران کلباسی، (ل : ٣٠) .**

**(٥٣)- د. رمزی منیر بعلبگی، (ل : ٥٢٥) .**

**(٥٤)- ئەم جۆرە بابەتەی فرمان لە وتارێکی تایبەتیدا بە فراوانی باس کراوە، بڕوانە : د. رفیق شوانی، جۆری رستە لە رووی بوون و نەبوونی کاتەوە لە زمانی کوردیدا.**

٢- **فرمانی رووداو:** فرمانێکن رووداو رادەگەیەنن و بە زۆری فرمانێکن تێنەپەڕی بکەر نادیارن، رودانیان بەندە بەهێزێکی سروشتی و دەرەکی و رودانی دوورە لە دەسەڵاتی مرۆڤەوە. لە کاتێکی دیاری کراودا رووداو رادەگەیێنێت. وەک: (خنکا، سووتا، برژا، مرد، کەوت، خەوت).

٣- **فرمانی گواستنەوە:** ئەم جۆرە فرمانە بزوتنەوە و چالاکی و جولە و ئاراستە دەگەیێنێت، و تێنەپەڕی بکەر دیارن، بێجگەلەوەی هەواڵیش دەگەیێنێت. (هات، دەچێت، گەیشت، دەروات). فرمانەکان بکەر دیارن.

٤- **فرمانی کار و راپەڕاندن**[٥٥]: ئەم فرمانانە واتای راپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئیش و کار دەبەخشن. تێگەی هەواڵیشیان تێدایە. نموونە: (دەنووسێت، خواردم، هاڕی، دەکوتێت، کێڵا) هەر دوو فرمانی (دەنووسێت، خواردم): راپەڕاندن و جێبەجێ کردنن.

فرمانەکانی (هاری، دەکوتێت، کێڵای. . هتد) کار و ئیشکردن دەگەیەنن و جیاوازن لەوانەی بۆ جێبەجێ کردنن چونکە جێبەجێکردن ئیش نییە (بەشکو، هاری، دەکوتێت، کێڵای) ئەمانە ئیش و کار دەبەخشن و بە کردەوە وان و پێچەوانەی جۆری یەکەمی (خواردن، نووسین) ئەمانە ئیش نین جێبەجێکردنی خویەکی پێویستی رۆژانە یا ئەرکین. فرمانەکانی ئەم جۆرە بە زۆری تێپەڕن.

٥- **فرمانی زەینی:** ئەم جۆرە فرمانە واتاکەیان بە زۆری پەیوەندن بە بیرکردنەوە و زەینی مرۆڤەوە. واتە لایەنی بیری مرۆڤی تیا بەشدارە و بە زۆر لە جۆری تێپەڕن و بەدەگمەنیش تێنەپەڕیان هەیە وەک (تێڕاما. نموونە بۆ ئەم جۆرە: (زانی، دەپرسێ، سەرنج دەدەم، دەڕوانین، ناسیم، بینی، بیر دەکەمەوە، چاوم گێڕا).

## تایبەتێتی فرمان

١- بەشێکی ئاخاوتنە.

(٥٥) - گۆڤاری (الاستاذ) ، کۆلێجی پەروەردەی ئیبن روشدی زانکۆی بەغدا، ژمارە (٥٣)، ساڵی (٢٠٠٥) بلاْوبۆتەوە، لێرە دا دەسکاریم کردووە بەتایبەتی جۆری سێیەمی.



٢- لە رووی پێکهاتنەوە بەندە بە ئاستی وشەسازییەوە.

٣- لە رووی ئەرکەوە گەردانکردنی دەکەوێتە ئاستی رستەسازییەوە.

٤- کەس، کات، ژمارە، رووداو، حاڵەت و چۆنیەتی، ئاراستە و رێژە مودی تێدایە.

٥- لە رووی هێز و کات و رێژە و دیار و نادیارییەوە دابەش دەکرێت بۆ:

- فرمانی تێنەپەڕ و تێپەڕ / رابردوو ئێستا و ئاینده، داخوازی و مەرجی، بکەر دیار و بکەر نادیارەوە.

٦- لە رووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ بکەر دا رێکدەکەوێت.

٧- لە رووی پێکهاتنەوە سادە، داڕێژراو و لێکدراوی هەیە.

٨- ئیدم پێکدەهێنێت بەتایبەتی لێکدراوەکانی.

بەشێکە لە گوزارە (Predicate) بەوەی هەواڵێک دەداتە پاڵ نیهاد. لەم رووەوە گوزارە فراونترە لە فرمان، چونکە فرمان بەشێکە لە گوزارە و گوزارەش فراوانە و ناو، راناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و ژمارە دەگرێتەوە.

فرمان لە رەگ پێکدێت و دەبێتە بناغە بۆ پێکهاتنی وشەی نوێ.

هەر دوو کۆمەڵەی راناوە لکاوەکان بەپێی هێز و کاتەکەی وەردەگرێت و دیاری دەکرێت.

## ئــــاوەڵفرمــــــان

بەشێکی ئاخاوتنە (١)، تەواوکەری فرمانەلە رووی کات، شوێن، چۆنیەتی و چەندێتی و رادە و تەرتیب و ژمارەوە. واتە لەم روانەوە وەسفی فرمان دەکات (٢). نموونە: بۆ کات، ئێستا، ئەوا، ئەوەوا، بۆ شوێن، ئێرە، لێرە، لەوێ، لەناو، لەژێر، لەلا، بۆ چونیەتی: بە خێرایی، بەپەلە،بۆ چەندێتی: چوار کتێب، سەد مەتر، بۆ رادە وپلە: زۆر، کەم، گەلێک، بۆ ریزکردن و تەرتیب: یەکەم، یەکەمین. بۆ ژمارە: دوو جار، سێ کەڕەت.

**تایبەتێتی:**

١- بەشێکی ئاخاوتنە.

(٥٥)- د. رمزی منیر بعلبگی، (ل : ٣٢) .

(٥٦) - د. محمد علی الخولی، (ل : ٦).

٢- وەسفی فرمان دەکات واتە دەبێتە تەواوکەری لە رووی کات، شوێن و چۆنیەتی و. .. هتد.

٣- دەوری لە ئاستی رستەسازیدایە.

٤- ئاوەڵفرمان بەشێوەیەکی سەربەخۆ وەکو وشەیەک زۆر بەکەمی هەیە لە وشەسازیدا، واتە وشە و زیادەی ترە ئەم ئەرکە دەبینن و گرێ پێکدەهێنن و دەبنە ئاوەڵفرمان.

بۆیە بیروڕایەک هەیە، کە ئاوەڵفرمان بە زۆری ناون یا وشەی ترن وەکو شوێن، کات، ژمارە، پلە و رادە لە ئاخاوتندا بەهۆی مۆرفیمی بەند و ئامرازە وە ئاوەڵفرمان دروست دەکەن و، دەبنە تەواوکەری فرمان،کەواتە وشە و گرێی ئەرکین. ئەگەرچی چەند وشەیەک هەیە وەک: (ئەوا، ئێستا، ئەوا، ئەوە، وا، لێرە، لەوێ. .. هتد) دەکرێت ئاوەڵفرمان بن.

**جۆرەکانی ئاوەڵفرمان:**

١- ئاوەڵفرمانی کاتی: کاتی روودانی فرمان روندەکاتەوە.

٢- ئاوەڵفرمانی شوێنی: شوێنی روودانی فرمان روندەکاتەوە.

٣- ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی: چۆنیەتی روودانی فرمان روندەکاتەوە.

٤- ئاوەڵفرمانی چەندێتی و ژمارە و رادە: ئەندازە و رادەی فرمان روندەکاتەوە.

## ئامـــرازی پەیـوەنـــدی

ئەرکی بەستانەوەی هەیە، وشەکان یا گرێ و رستە دەبەستێتەوە بە یەکتر، هەندێک جار ئەم ئامرازانە دەکەونە لایەکیانەوە. واتە لایەکی بەشەکانی ئاخاوتنەوە(١) وەکو فرمان یا ناو. وەکو (لەبار، لەدەسچوو، بەپێی، بۆ شەو).

ناتەواوی ئەم پێناسەیە لەوەدایە، هێمای بۆ جۆری بەستانەوەکە نەکردووە، کە چۆنە و لەچی ئاستێکدایە. چونکە ئامرازی بەستنەوە لە هەر دوو ئاستی وشەسازی و رستەسازیش

(٥٧)- **بعلبکی، (ل : ١١٤)**.



دەوری هەیە و، وشە و رستەش پێکدەهێنێ و لە وشە پێکهاتندا دەبێتە گیرەک. چونکە بەستانەوەی وشەکان مەرج و دیاریش نییە کە پێکهاتنی وشەیە یا گرێیە.

د. محمد علی الخولی دەڵێت: ئامرازی بەستنەوە وشەیەکە دوو یەکەی زمانی لە یەک جۆر دەبەستێتەوە بە یەکتر واتە فرمان بە فرمان یا ناو بە ناو یا ئاوەڵفرمان بە ئاوەڵفرمان یا رستە بە رستە (١).

ئەم پێناسەیەش ناتەواوی لەوەدایە کە ئامرازی بەستنەوە یا پەیوەندی وشە نییە بەڵکو ئامرازێکە لە شێوەی مۆرفیمی بەند و بە تەنها بەکار نایەن.

دەکرێت بەمجۆرە بێت:

ئامرازی پەیوەندی (بەستن) ئامرازێکە بەشێکی ئاخاوتن پێکدەهێنێت، ئەرکی بەستانەوەی نێوان وشە و وشە یا مۆرفیم و وشە لە هەر دوو ئاستی وشەسازی یا رستەسازی هەیە. واتە ناو و ناو و راناو یا مۆرفیمی بەند و وشەیەک دەبەستێت بەیەکەوە یەکەیەکی تر لە وشە یا گرێ و رستە پێکدەهێنێت. وەک ئەم ئامرازانە: (و، ی، ە، بۆ، بە، لە، تا، ش / یش، ەو / او، ان). نموونە بۆ پێکهاتنی وشە:

(سوتا، بەکرەجۆ، بۆچوون، بەهێز، لەبار، دەربەدەر، سەرتاپا، شارەوشار، تلاوتل، کۆشش، بەخشیش، سەرانسەر، بەرانبەر).

نموونە بۆ گرێ: من و تۆ، زەردەشت و زاگرۆس.




**ئامرازە پەیوەندییە پاشکۆدارەکان و ئەلۆمۆرفەکانیان**

(٥٨)- **الخولی، (ل : ٥٣)**.

**تایبەتێتی ئامرازی پەیوەندی**

١- لە هەر دوو ئاستی وشەسازی و رستەسازی بەکاردێت.

٢- لە ئاستی وشەسازیدا وەکو گیرەک وشەی نوێ پێکدێنێت لە ڕستەسازیشدا گرێ و ڕستە (١).

٣- مۆرفیمی بەندن بەشێوەی سەربەخۆ بەکارنایەن.

٤- ئامرازەکانی (بۆ، بە، لە) پاشکۆیان بەدوا دێت (دا، ەوە).

٥- بەشێکی ئاخاوتن پێکدەهێنن.

٦- بەشە جیاجیاکانی ئاخاوتن وەکو: (ناو، راناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان) دەبەستن بەیەکترەوە.

## ئامــــــرازی لـــــێکدەر

بەشێکی ئاخاوتنە، دوو رستەی سادە بە مەبەستی جیاجیا دەبەستن بەیەکترەوە، رستەیەکی لێکدراو پێکدەهێنن. ئەم ئامرازانە لە رووی شێوە و شوێنی دەرکەوتنیانەوە دەکەونە ناوەراست یا سەرەتا و ناوەراستی ڕستەکانەوە یەکسان و بەرانبەر ڕادەگرن(٢). دوو جۆرن:

- ئامرازی لێکدەری تاک نموونە، وەک: (و، ش/ یش، بەڵام، ئەگینا، کەچی، ئەمجا، دەنا، یان).
- ئامرازی لێکدەری جوت نموونە، وەک: (یان- یان، هەم- هەم، نە- نە، چ- چ).

**تایبەتییەکانی:**

١- بێجگە لە ئامرازی (و، ش) لە رووی شێوەی دەرکەوتنیانەوە ئامرازە لێکراوەکان سەربەخۆن.

٢- ئامرازەکان بە دوو شێوە دەردەکەون بەشێوەی تاک و ئەوانەشی جوتن.

٣- رستەکان دەبەستن بە یەکترەوە تێکەڵ بە داڕێشتنی رستە سادەکان نابن.

٤- ئامرازی لێکدەر هەر دوو لای رستە لێکدراوەکان یەکسان رادەگرن و سەر بە هیچ کاملای رستەکان نین.

**(٥٩)- د. رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧، (ل : ٤٠)، ئێستا من (لەگەڵ، لەتەك) ب ئامرازی پەیوەندی نازانم و ئاوەڵفرمانن کە لە نامەکەدا بە ئامراز دامناون . لە شوێنی تری ئەم باسەدا باسی دەوری وشە داڕێشتنی ئەم ئامرازانە و ئەوانیتر دەکەین .**



٥- ئەم ئامرازانە بۆ مەبەستی جیاجیا لە رستەکاندا بەکاردەهێنرێن.

**ئامــرازی گەیەنــــەر**

ئامرازێکن رستەی سادەی شوێن کەوتوو، لە رووی واتا و پێکهاتنەوە دەبەستن بە رستەیەکی سادەی تری سەربەخۆ و سەرەکی پێکەوە رستەیەکی تازە پێکدەهێنن کە رستەی ئاڵۆزە. کە لە دوو بەش پێکدێت رستەی ئامرازدارەکە کە لارستەیە و رستەکەی تر شارستەیە. نموونە: (کە، هەرکە، هەکە، هەر کەس، هەر کێ، هەر جار، ئەگەر چی(١). ...هتد).

**تایبەتێتی:**

١- لە رووی شێوەی دەرکەوتنیانەوە رواڵەتی سەربەخۆیان هەیە.

٢- بە زۆری ئەم ئامرازانە وشەن و ئەوانیتر دەچنە خانەی مۆرفیمی بەندەوە.

٣-ئەم ئامرازانە هە میشە دەکەونە ناو رستە شوێنکەوتوکەوە و بەلادانی لارستەکە تێکدەچێت.

٤- ئامرازەکان بە زۆری دەکەونە سەرەتای لای رستەکەوە، هەندێک جار دەکەونە دوای وشەکەیەوە.

٥- هەندێکیان دوو لایەنن و لە بنەڕەتدا ئامرازی ترن وەکو (تا) ی پەیوەندی و (وەک) لێکچون و (هەر)ی جەخت. . هتد.

## ئامــــرازی نیـــازداری

ئامراز بابەتێکی ئاڵۆزە، دەکرێت بەپێی بوونی جیاواز و بەکارهێنانی جیاوازییان، چەند بەشێکی جیاوازیان لێ دیاری بکرێت، هەیە دەکەوێتە بەر وشە، هەشە مۆرفیمی بەندی شێوە سەربەخۆی بێ واتایە، هی واشیان هەیە مۆرفیمی بەندە لە رووی شێوە و واتاشەوە نا سەربەخۆیە.

**(٦٠)- د.رفیق شوانی، ئامرازی بەستنەوە، (ل : ٤٧)**

لێرەدا ئەوانەی مۆرفیمی سەربەخۆی واتادارن وەک: (ئامرازی سورمان، ئامرازی وەڵام، ئامرازی بانگ کردن، خۆزگە و گومان(١). بەم هێلکارییە لە خوارەوە دا نیشانی دەدەین.

ئامرازی نیازداری

| مۆرفیمی سەربەخۆ | مۆرفیمی بەندی شێوەی | مۆرفیمی بەند شێوەی ناسەربەخۆی |
| --- | --- | --- |
| ( وشە ) | سەربەخۆی بێ واتا | بێ واتا وەکو ئامرازەکانی |
| خۆزگە | ئامرازی مەرج و کات | بانگ کردن |
| بریا | هەر | ( ە، ۆ، ی، ێ، ینە ) |
| ئەگەر | تا | .... هتد |
| وەک | ئامرازی بێجگە | |
| بەڵێ | بێ | |
| نەخێر | بەبێ | |
| .... هتد | .... هتد | |

## چـــــاوگ

بە تەواوی لە سەرچاوەکاندا پێناسەیەکی رێک و پڕ بە پری بۆ نەکراوە، هەندێک بەلای ناودا دایدەنێت وهەشە لە فرمانەوە نزیکی دەکاتەوە.

لە رێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا بەلایانەوە ((چاوگ لە رووی واتاوە لە خێزانی کارە دەتوانین بڵێین: چاوگ ئەو وشەیەیە کە واتای کاری تێدا بێت بەبێ کات))(٢).

ئەم پێناسەیە کەم و کوڕی هەیە چونکە لە خێزانی فرمان نییە وەکو ئەوان دەڵێن. بەڵکو رەگی یا ماکی فرمانی تێدا پارێزراوە کە ئەویش رەگە و بە هۆی راناو و نیشانەی کاتەوە فرمانی لێوە دروست دەکرێت.

(٦١) – هەر چەندە ئەم سێ جۆرە ئامرازەی بەستن لە نامەی دکتۆراکەمدا باسکراوە، بەلاّم لێرەدا بە پێی پێویست و بەشێوەیەکی کورت باسکراوە، چونکە بەندە بە باسەکەوە.

(٦٢)– رێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپکراوی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، (ل : ٢٦٨).



لە فەرهەنگی زمانەوانیدا ((چاوگ زاراوەیەک لە رێزمانی چاولێکەری هێما بۆ رێژەی فرمانێکی دیاری نەکراو دەکات)) بە رێژەی روداوە، رێژەی چاوگ دانراوە(١) چاوگ رێژەی فرمانی تێدا نییە چونکە لە گەردانکردندا دوای فرێدانی (ن) مکەی بەهۆی راناوەوە دەکرێتە فرمان.

پێناسەی گونجاو بۆ چاوگ دەکرێت بەمجۆرە بێت: بریتییە لە ناوی کردەوە (عملیەت)، واتە لە ناوەوە نزیکە و زۆربەی تایبەتییەکانی ناویش وەکو تاک، کۆ، ناسراو و نەناسراوی وەردەگرێت و ئەرکە جیاجیاکانی ناویش لە بەشی نیهاد و بکەر لەلایەک و لە بەشی فرمانیشدا وەکو تەواوکەر و گوزارە وەردەگرێت و ماکی دارێشتنی فرمان و وشەی جۆراوجۆری تێدا پارێزراوە.

جۆرەکانی چاوگ لە رووی پێکهاتنەوە

– چاوگی سادە: ئەوەیە لە تاکە وشەیەک پێکهاتووە. وەک: نوسین، رۆیشتن، خواردن.

– چاوگی دارێژراو: ئەوەیە لە چاوگێکی سادە و گیرەک پێکهاتووە. وەک هەڵگرتن، داخستن، رۆچوون.

– چاوگی لێکدراو: لە چاوگێکی سادە و وشەیەکی واتادار جاری وا هەیە زیادەشی لەگەڵ دایە. وەک سوێند خواردن، راوکردن، شول لێهەڵکێشان.

چاوگ پێنج نیشانەی هەیە و پێوەی دیاری دەکرێت وەک (ا، ت، د، ی، وو) پێیان دەوترێ چاوگی ئەلفی، چاوگی تائی، چاوگی دالی، چاوگی یائی و واوی.

چاوگی ناوێزەش هەیە لە رووی پێکهاتنەوە بە پاشگری (وە) کۆتایی هاتووە، خولانەوە، سووتانەوە.

چاوگ لە رووی هێزەوە: تێپەڕ و تێنەپەڕی هەیە.

چاوگ لە رووی واتاوە ئەمجۆرانەی هەیە:

چاوگی گوێزانەوە.

چاوگی روودان.

چاوگی ئیش کردن و جێبەجێ کردن.

چاوگی زەینی(٢).

(٦٣)– بعلبگی، (ل : ٢٤٥)،

(٦٤)– بڕوانە باسی فرمان لەم رووەوە هەر لەم باسەدا، (ل : ٤١) .

ئەوەی لێرەدا بۆ رونکردنەوەی ئەم جۆرانەی چاوگ دەوترێت، لە جۆرەکانی فرمان لە رووی واتاوە هێمامان بۆ کردووە پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات و هەمان شتە و فرمانیش لە چاوگەوە وەردەگیرێت. (بڕوانە ل: ٣٦ أ).

**تایبەتێتی چـاوگ:**

١- چاوگ وەکو ناوە، ناوی کردەوە دەگەیێنێت.

٢- نیشانەی تاک و کۆ، ناسراوی و نەناسراوی وەردەگرێت.

٣- بەشداری پێکهاتنی وشەی نوێ دەکات.

٤- ماک و رەگی فرمان و وشەی جۆراوی تێدا پارێزراوە. واتە لێوەی دروست دەکرێن.

٥- ئەرکە جیاوازەکانی ناو لە بەشی نیهاد و بکەر لەلایەک و لە بەشی فرمان و گوزارەشدا دەبینێ.

**ژمارە** (Number)

ژمارە وشەیەکە بەشێوەیەکی پەیوەندیدار وەکو پێشگر و پاشگری پەیوەست لەگەڵ گرێی ناویدا (ژمێرراو) دێت و دابەشی سێ جۆر دەبێت (١) ژمارەی ئەسلی، ژمارەی ریزبەندی (ترتیبی) و ژمارەی کەرتی.

وەکو زاراوەیەکی رێزمانی بەم شێوەیە لە فەرهەنگی زمانەوانی پێناسەکراوە: ((بەشێکی رێزمانە ئەرکەکەی جیاکردنەوەیە لە نێوان تاک و دوانە و کۆی ناو و راناو، بەتایبەتی فرمان بۆ نموونە: جیاوازی لە نێوان پیاو و پیاوان، ئەو و ئەوان، ئەڵێت و ئەڵێن. هەندێک جار ئەمە لە ناوە گشتیەکاندا ئەم جیاوازی رێژەیە جێبەجێ ناکرێت وەکو لە هەندێک ناوی رەگەزدا لە نموونەی وشەی (کورد) تاکە لە رێژەدا بەڵام واتاکەی کۆیە))(٢) یا وشەی (لەشکر) لە رێژەدا تاکە بەڵام لە واتادا کۆیە.

(٦٥)- **کلباسی**، (ل : ٣١).

(٦٦)- **بعلبکی** : (ل : ٣٤١).



کەم وکوڕی ئەم پێناسەیە، بۆ زمانی کوردی ئەوەیە، لە زمانەکەدا رێژەی تاک و کۆ هەیە، بەڵام دوانە نییە. رێکەوتنی بکەر و فرمانیش لە ژمارەدا لە هەموو زمانێکدا وەکو یەک نین، زمانی وا هەیە لە نێوان بەرکار و فرمانە.

## پێناســـــەی ژمـــــارە

بەشێوەیەکی ئاسایی ((وشەیەکە ژمارەیەک یا برێک دیاری دەکات، ژمێراوەکە لە رووی کەس یا ریزکردنیانەوە دیاری دەکات. ژمارە دابەش دەکرێت بۆ دوو بەشی گەورە ئەوانیش: ژمارەی بنەڕەتی و ژمارەی رێز بەندییە (ترتیبی). ژمارە بنەڕەتییەکان ئەمانە دەگرێتەوە: (ژمارەی هەندێتی، ژمارەی دووپاتی، ژمارەی دابەشکراو، ژمارەی کەم، ژمارەی زۆر و ژمارەی یاریدەدەر. ..))(١).

ئەم پێناسەیە بە تەواوی بۆ ژمارە و جۆرەکانی لە کوردیدا هەمووی ناگرێتەوە، چونکە رێزمانی کوردی و زمانەکەی جیاوازە وەک لە زمانی عەرەبی و رێزمانەکەی. وەک ژمارە هەندێتی، ژمارەی کەم و ژمارە ی زۆر. چونکە لە زمانی کوردیدا ژمارە یا دیاری کراوە یا دیاری نەکراوە بەشێوەی برە.

ژمارە لە فەرهەنگی زمانەوانی تردا بەم شێوەیە باسکراوە: ژمارە تایبەتێتی ناو یا راناو هێما بۆ تاکبوونی، یا دوانەیی یا بۆ کۆ بوونی دەکات (٢) ئەم پێناسەیە گونجاوە بەڵام کەم و کوڕی لەوە دایە تایبەتێتی نییە، بەڵکو بۆ دیاری کردنی ناو و راناوە و ژمارەش وەسف ناکات بەڵکو رادەی بوونی ناو و راناو دیاری دەکات کە چەندن.

بەلای منەوە ژمارە: بابەتێکە بۆ دیاری کردنی ناو یا راناو لە رووی چەندێتی ژمارەییەوە. واتە دەبێتە تەواوکەری ناو و راناو بۆ دەرخستنی رادەکەیان.

(٦٧)- **بعلبکی**، (ل : ٣٤١).

(٦٨)- **محمد علی الخولی**، (ل : ١٨٩).

## جۆرەکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا

**١-ژمارەی بنجی:**

بریتییە لەو ژمارانەی کە ژمارە بنەڕەتییەکان پێکدەهێنن و ژمارەکانیش لە سفرەوە بۆ نۆیە واتە (٠، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩) (١). واتە ئەم ژمارە دەبنە بنچینەی هەموو ژمارەکانی تر و ژمارە بنچینەیشی پێ دەوترێت.

٢- **ژمارەی لێکدراو:** ئەو ژمارانەن لە ئەنجامی لێکدانی دوو ژمارەی بنجی و بنەڕەتییەوە بەهۆ یا بێ هۆ پێکدێن:

أ – ژمارەی لێکدراو بێ هۆ لە دوو ژمارەی بنجییەوە بەبێ ئامراز بەستن پێکهاتبێ وەک لە ژمارە (١١ تا ١٩) کە بەم شێوەیە: یازدە، دوانزە (دوازدە)، سیازدە، چواردە، پازدە، شازدە، حەڤدە، هەژدە، نۆزدە.

ب – ژمارەی لێکدراو بەهۆی ئامرازەوە: لە دوو ژمارەی بنجی بەهۆی ئامرازی بەستنەوە پێکدێن وەک: (٢١ - - - ٢٩) ئەم ژمارانە لەنێوان هەر دوو ژمارەی سەرە گرێوە دێن واتە لە نێوان ژمارە (٢٠ – ٣٠، ٣٠- ٤٠، ٤٠ – ٥٠، ٥٠ – ٦٠، ٦٠ – ٧٠، ٧٠ – ٨٠، ٨٠ – ٩٠، ٩٠ – ١٠٠)، نموونە:

- بیست و یەک، سی و یەک، چل و یەک، پەنجا و یەک
- بیست و نۆ، سی و نۆ، چل و نۆ، پەنجا و نۆ
- شەست و یەک، حەفتا و یەک، هەشتا و یەک، نەوەت و یەک
- شەست و نۆ، حەفتا و نۆ، هەشتا و نۆ، نەوەت و نۆ

٣- **ژمارەی سەرە گرێ:** ئەو ژمارانەن کە لە کۆتایی ژمارە نۆوە دێن و بریتین لە ژمارەیەک و سفرێک، وەک: (١٠، ٢٠، ٣٠، ٤٠، ٥٠، ٦٠، ٧٠، ٨٠، ٩٠، ١٠٠)

(دە، بیست، سی، چل، پەنجا، شەست. .. هتد).

ژمارەی کەرتی: ژمارەیەکن بەشێوەی ژمارەی ناتەواون واتە بەشێوەی کەرتی هەن، وەکو:

**(٦٩)- د. رفیق شوانی، پەیوەندی پێکهاتەی زمان بە زانستی بیرکارییەوە، لە کتێبی زمانەوانی، کۆمەڵێك وتار، دەزگای موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، (ل : ١١٣).**



نیو (½)، سێ یەک (⅓)، چوار یەک (¼).

هەموو ئەمجۆرە ژمارانەی سەرەوە، رادەی بوونی ناو و راناو لە رووی چەندێتییەوە دیاری دەکەن. یا ژمارەیەکە لە دوو ژمارەی ئەسڵی پێکدێت کە ژمارەی دووەمی کە یەکە پێویستە (١) وەکو (پێنج کەس، سێ یەک، دەیەک)

٥- ژمارەی ڕیزبەندی (تەرتیبی): ژمارە ناوە ژمێرراوەکە لەناو هاو رەگەز و هاو چەشنەکانیدا دیاری دەکات بە زیادکردنی پاشگری (ەم، ە مین، هەم – هەمین) بە ژمارەی بنچینەییەکەوە پێکدێت لە پێش و دوای ناویشەوە دێت. یەکەم - یەکەمین ئەگەر ناو و و شەکەش (ژمارەکە) بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت پاشگرەکە دەگۆڕێت بە هەم – هەمین، دووەم – دووهەمین. یەکەم کەس – یەکەمین کەس.

## تایبەتێتی ژمارە

١-لە ئاخاوتندا بۆ دیاری کردنی رادە و ئەندازە بەکاردێت.

٢-دەبێتە تەواوکەری ناو و راناو وەکو چوار منداڵ، چوار کەس واتە ژمارەی ناو و راناو دەردەخات.

٣-دەوری نیشانەی ناسراوی هەیە، چونکە دیاری کردن دەگەیێنێت.

٤-ئەرکی جۆراوجۆر لە ناو پێکهاتەی رێزمانیدا دەبینێت.

٥-ژمارەی تاک و کۆ لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت. هەیە وەکو زمانی کوردی تاک و کۆی هەیە هەشە تاک و دوانە و کۆی هەیە، هی واش هەیە تا چوار دەڕوات.

٦- مرۆڤ ناتوانێت لە ئاخاوتن و ژیاندا واز لە بەکارهێنانی بهێنێت.

**(٧٠)- کلباسی،(ل : ٣١).**

## پۆلە ڕێزمانییەکان (کەتیگۆری Category)

ئەگەر بڕوانینە چۆنیەتی جۆری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، لە ڕێزمانی دێریندا، لێکۆڵینەوەکانیان دەربارەی دیاری کردنی یەکەکانی زمان بەهۆی واتاوە بوو. واتە ڕێبازێک بوو لە لێکۆڵینەوەی وشەسازی و ڕستەسازیدا بەهۆی لێکۆڵینەوە لە بەشەکانی ئاخاوتندا بوو، وەکو: (ناو، ئاوەڵناو، فرمان،...هتد) بەمجۆرە ئەیانڕوانییە ئەو گۆڕانانەی کە بە سەریاندا دێت لە ڕووی شێوە وە لە بارودۆخە ڕێزمانییە جیاوازەکاندا کە وەسف و ڕێزکردنی ئەم شێوانەیان لە ڕستەدا بەپێی واتا دەکرد.

ئەمانە بیروباوەڕیان وابوو کە هەر بەشێکی ئاخاوتن ئەرکێکی دیاری کراوی هەیە، بۆ نموونە ناو واتای کەس و شت و شوێنە، فرمان ڕووداو و کردەوە دەگەیێنێت.

ئەم ڕێبازە بۆ هەندێک لە زمانە ئارییەکان دەگونجا کە لێکۆڵینەوەیاندا ئەنجام دەدرا. بەڵام مەرج نییە بۆ سەر هەموو زمانەکانی ئەم خێزانە زمانە بە هەمان شێوە بگونجێت. چونکە پێکهاتە زمانەکانی ئەم خێزانە وەکو یەکتر وانییە ؛ بۆیە ئەم ڕێبازە پێویستی بە هەموارکردن و ڕێکخستن هەیە، ئەگەر بەسەر نموونە گشتییەکانی ئەم زمانانەدا بسەپێنرێت. لەبەر ئەوەی تێکەڵاوی لە نێوان یەکەی ئەو زمانانەدا ڕوودەدات، بەهۆی پێکهاتەی جیاوازیانەوە ؛ بۆیە لێکۆڵینەوەکان ئەنجامێکی ڕاست و دروست بە دەستەوە نادات لە دیاری کردنی یەکەی ئەو هەموو زمانە پێکهاتە جیاوازە.

بۆ نموونە لە زماندا فرمان هەمووی وەکو یەک نییە، جۆرەها فرمان هەیە وەکو فرمانی بەستنەوە بۆ نموونە لە کوردیدا گوزارە (هەواڵ – Predicate) هەیە کە ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و فرمانیش دەگرێتەوە. نابێت هەموو گوزارەیەک لە ڕستەدا بە فرمانی تەواو لێکبدرێتەوە وەکو: (لێرەین، کوردم، خۆیەتی، جوانە، ئەوە). ئەم نموونانە فرمانی بەستنەوەن، لە زمانێکی وەکو ئینگلیزیدا، فرمانیش بەشێکە لە هەواڵ. ئەمە بێجگە لەوەی فرمانیش جۆری ڕووداو، کردار، گواستنەوە و فرمانی جۆری زەینی هەیە، هەر یەکە جیاوازە لە ویتر نابێت هەموو ئەمانە هەر بە فرمانی ڕووداو یا کار و کردەوە لێکبدرێتە وە، وەکو (خواردی، بردی: جێبەجێ کردن، کردی: کردەوەیە، خنکا: ڕووداوە، هات: گواستنەوەیە، سەرنجمدا زەینییە. پێش وەخت بڕیار لە شێکردنەوەی



یەکەکانی زمان بدرێت بێ گوێدانە گۆڕانەکە کە لە ناو ڕستەدا دێت بەسەریاندا ئەنجامێکی دروستی نابێت.

بۆیە ڕێزمانی نوێ لەسەر بنچینەی ئەو گۆڕانەی کە بەسەر شێوەی بەشەکانی ڕستەدا دێت، بەپێی شوێنی گۆڕانیان و ئەو دەورەی کە دەیبینێت لە بارەی دۆخی ڕێزمانی جیاوازەوەیە.

بۆیە دروسترە شێوە بکرێتە بنچینە لە شێکردنەوەی ڕێزمانیدا چونکە ئەنجامی ڕێکتر دەدات بە دەستەوە بۆ دیاری کردنی پۆلە ڕێزمانییەکان. کە دوور بێت لە واتای فەرهەنگییان چونکە بڕیاری گونجاو و بەجێ نابێت.

بۆیە پێویستە واتا لە ئاستی ڕێزمانی جیابکرێتەوە، چونکە واتا ئەنجامی وردی نابێت لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا.

زمانەوانەکان لێکۆڵینەوەیان لە شێکردنەوەی زماندا، بەوە دەس پێدەکەن بگەنە فۆنیمەکانی ئەو زمانەی کە دەیخوێنن. پاشان لە ڕێگایەک دەگەڕێن کە قسە دەربڕاوەکان دابەش بکەن بۆ یەکەی (شێوەیی) کە هەموو یەکەیەکی شێوەی لە کۆمەڵێک فۆنیم پێکهاتووە.

بەم پێیە ژمارەیەک فۆنیمی زۆر دەبینێ لەو بابەتەی کە شیدەکاتەوە. بەڵام ناتوانێت بڵێت هەموو ئەم ژمارانە یەکەی تەواو و ڕاست لە زماندا پێکدەهێنن. چونکە هەندێک لەم ژمارە فۆنیمە زۆرانە،لە کۆتایی یەکەکان و لە سەرەتای یەکەی دواترەوە پێکدێن (١) و دەرەکەون.

ئەمجا ئەم فۆنیمانە مۆرفیم پێکدەهێنن، مۆرفیمیش بەپێی پێناسەکەی بلوخەر و تراجەر ئەوەیە ((هەر شێوەیەک ئەگەر سەربەخۆ یا بەند ناتوانرێت دابەش بکرێ بۆ بەشی بچوکتر (واتە بۆ شێوەی بچوکتر) (٢) ئەمە مۆرفیمە. بۆ نموونە وشەکانی: (پیاو، کرد، هێز) ئەمانە هەر یەکەی لە مۆرفیمێک پێکدێن؛ بەڵام کە وتمان: (پیاوانە، کردەوە، بێهێز) هەر یەک لەمانە وشەی ناسادەن لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی بەندی (انە، ەوە، بێ) پێکهاتووە. ناکرێت جیاوازییان نەکرێت و هەر دوو جۆری نموونەکان لە لێکۆڵینەوەدا هەر بە یەک

[1] د. محمود السعران، علم اللغه، مصر، ١٩٦، (ل : ٢٤٩).

شێوە یەکەی زمان بناسرێن و بەپێی واتا دوور لە شێوەی بەکارهێنانیان بناسرێن،کە نموونەکانی لە شێوەی دووەمیان تەواو جیاوازە لە یەکەم و (ئاوەڵناو، ناو، ئاوەڵناو) ن.

دیاری کردنی ئەم نموونانە و چۆنیەتی دیاری کردنی پێکهاتن و گۆڕانیان لە لێکۆڵینەوەی زماندا پێ دەوترێت وشەسازی.

ڕێزمانی هەر زمانێک لەو شێوانە پێکهاتووە، کە واتای تایبەتی پێکهاتەکە (ستراکچەر) دیاری دەکات. واتای پێکهاتەی زمان، لە ئەنجامی ریزکردنی ئەو شێوانەوە (واتای فەرهەنگی) لە ناو پێکهاتەی ڕێزمانیدا پێکدێت، کە لە ناو رستەکاندا دەردەکەوێت بەوەی رستەکە هەواڵییە، یا پرسیاری یا سەرسورمان و داخوازی بێت و ئەرکی هەر یەک لە کەرەسە جیاوازەکانی رستەکەش دیاری دەکرێت. وەکو ئەوەی کاری کردووە بکەرە، دیاری کردنی کاتەکەی واتە کاتی فرمانەکە، شوێنی ڕوودانی، یا دیاری کردنی رەگەز لەو وشانەی کە رەگەزیان هەیە. ئەم واتایانەش واتای فەرهەنگی نین بەڵکو واتا و ئەرکی تایبەتن لە ناو پێکهاتە ڕێزمانیەکەوە پەیدا دەبێت.

لێرەوە دەبینین مۆرفیمەکانی هەر یەکەیان دەربڕ و هەڵگری واتای ڕێزمانین وەکو ژمارە: تاک و کۆ لە کوردیدا، لە زمانی وادا هەیە تاک، دوانە، کۆ هەیە، رەگەز (نێر و مێ، دوو لایەن، بێ لایەن)، کەس (قسەکەر، گوێگر، نادیار)، دەمی فرمان (رابردوو، ئێستا، ئاییندە)، خستنە سەر وەکو (هەیی، چەشن و جۆر).

ئەم واتایانە واتای ڕێزمانین و پێیان دەوترێت (پۆلە ڕێزمانییەکان) واتە کەتیگوری.

ئەم پۆلە ڕێزمانانییانە لە زماندا زۆر و جۆراوجۆرن و بەپێی زمانیش جیاوازن. مەرج نییە ئەم پۆلانە لە هەموو زمانێکدا هەبن و هەمان شێوە بن. ئەمانەش لەهەر زمانێکدا بەپێی ئەو دەورەی کە دەیبینێ دیاری دەکرێن و شێوەی وەردەگرێت.

بەپێی ئەم لێکدانەوەیە پێناسەی ڕێزمانی جونکردن دەخەینە رو:

ڕێزمانی جونکردن (Categorical Grammer): ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی ڕێزمانە لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو دا پەیدابووە، پەیرەوکەرانی ئەم ڕێبازە ڕێزمان دابەش دەکەن بۆ دوو بەش: رستە و ناو و بەشەکانی تریش لێیانەوە بە شێوازێکی



دادەڕێژن کە بەندە بە تێکەڵ کردنێک لە جەبر و لۆجیک (١) وشەی کەتیگوری بە واتای: پۆل، خێزان، توێژ، چەشن، جۆر، پۆلی ڕێزمانی واتە (Grammatical Category): کۆمەلێک کەرەسەی زمانییە ئەرکی وەک یەک و لەیەکچوو لە زمانێکدا دەبینن گرنگترینیان ڕێژەی کات، کەس، رەگەز و ژمارەی ڕێزمانی دەگرێتەوە. کە جیاوازە لە پۆلی وشەکان بۆ نموونە ناو و فرمان دەگرێتەوە (٢).

پۆلە ڕێزمانییەکان جیاوازی لەگەڵ بەشەکانی ئاخاوتندا ئەوەیە، هەر بەشێکی ئاخاوتن بە یەک چاو سەیر دەکرێت، هەر چی پۆلە ڕێزمانییەکانە، هەر کەرەسەیەکی زمان دابەش دەکات بۆ چەند کەرەسە و بۆ چەند پۆلێکی

تر کە هەموویان دەچنەوە سەر یەک. بۆ نموونە ناو پۆلێک دەگرێتەوە وەکو ناو لە رووی رەگەزەوە (مێ، نێر، دوو لایەن، بێ لایەن) ؛ ناو لە رووی پێکهاتنەوە (سادە، دارێژراو، لێکدراو)، ناو لە رووی ژمارەوە (تاک، کۆ). ... هتد.

ئەم کەتیگۆریانە پەیوەندی ڕێزمانی لە رستەدا پێکدەهێنێت و دەتوانرێت بەهۆیانەوە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بەشێوەیەکی دروست ئەنجام بدرێت.

ڕێزمانی نوێ هەوڵ دەدات، پۆلە ڕێزمانییەکانی تایبەت بە زمانێک بەراورد بکات لەگەڵ هی زمانی تردا ؛ تا بەهۆیانەوە بتوانن تایبەتییە جیهانیەکانی دیاری بکەن بە تایبەتی ئەو تایبەتییانەی کە بە شێوەی فراوان بڵاو بۆتەوە.

پۆلەکان بەشێوەیەکی جیاواز بەرجەستە دەبێت، ئەو وەسف و تایبەتێتیەی کە بەندە بە وشەسازی وشەی زمانێکەوە، هەستی پێ ناکرێت تەنها بەوەی تایبەتێتی ئەو زمانەیە، کە وەکو نموونە پەیوەندی بە زمانی

ترەوە نییە. سەرەتا دەتوانرێت لێکدانەوەی بەراوردی زمانی جیاواز لە رووی بۆچوونە گشتییەکانەوە بکرێت(٣).

---

(١)- بعلبگی، (ل : ٨٤).

(٢)- بعلبگی، (ل : ٢١٧).

(٣)- كارل ديتر بۆنتج، مدخل الى علم اللغه، ترجمه : د. حسين حسن بحيری، مصر، ٢٠٠٣، (ل :١٢٠).

له سیستەمی زماندا بێجگە لەلایەنی دەنگ و وشە فەرهەنگییەکان، زنجیرەیەک کەرەسەی ڕێزمانی دەگرێتەخۆی، ئەم لایەنە دەتوانرێت بەستەرێک بێت بۆ ریزکردن و ڕێکخستنی ئەو دەربڕاوە زمانەوانیانە لە دەربڕین و بەکارهێنانی قسەکردندا. لێرەدا دەبێت جیاوازی لە نێوان ئەرکی ڕێزمانی و دۆخە ڕێزمانییەکان و پۆلە ڕێزمانییەکان بکەین. ئەرکەکانیان لە ئەنجامی ئەرکی بەشە بنجییەکانی رستەوە دیاری دەکرێن و هەرچی دۆخە ڕێزمانییەکانە بەندە بەوەی کە کەس واتە لە رووی ژمارە، رەگەزەوە یا کات و ڕێژە و جۆری فرمان و ئاراستەکەی دەگرێتەوە (١).

---

(٢)- کارل دیتر بۆنێخ، (ل : ١٢٠، ١٢١).



# بەشـــــی دووەم

## مۆرفیـــم و سەرهەڵدانـــی تیـــۆری مۆرفیـــم لە زمانـــەوانیـــدا

# مۆرفیـــم و سەرهەڵدانـــی
# تیـــۆری مۆرفیـــم لە زمانـــەوانیـــدا

بە پرسیارێک دەست پێ دەکەین. بۆچی مۆرفیم سەری هەڵدا لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا؟ دوای ئەوەی بەهۆی وشەوە نەتوانرا هەموو یا زۆربەی کەرەسەکانی زمان جونبکرێن (پۆلکردن). واتە کاتێک کە لێکۆڵەرانی زمانەوانی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکاندا بینیان کەرەسەی وا هەیە وشە نییەو بەر وشە ناکەون چونکە ئەو جۆرە کەرەسانە واتاو شێوەی سەربەخۆیان نییەو بەتەنها بەکار ناهێنرێن و نەیان توانی چۆن لێیان بکۆڵنەوە و بە چ ناونیشان و ناوێکی زمانەوانییەوە ناوبرێن و لەزماندا ڕێکبخرێن، تا بتوانن لە زمانەکەدا ئەرک و واتایان دیاری بکەن. ئەمە بێجگە لەوەی ئەم کەرەسانە تایبەتێتی وشەیان تێدانییە.(١)

لە زمانیشدا کەرەسەی وا ژمارەیان زۆرە و بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێن بۆیە بیریان لە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەو بابەتە کردەوەو بیرۆکەی مۆرفیمیان هێنایە کایەوەو ب بە جێگری وشە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا و مۆرفیم بوو بە بناغەی ئەم لێکۆڵینەوەیە و زۆربەی کەرەسەکانی زمان لە وشەو نا وشە (کەرەسەی بێ واتا) دەگرێتەوە. وردە وردە بیرۆکەی مۆرفیم لە ئەمریکاو پاشان لە ئەوروپاوە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا لەلایەن (بلۆم فیڵد)ەوە لەساڵی (١٩٣٠)ەوە سەریهەڵدا. پاش ئەم مێژووەوە بەهۆی مۆرفیمەوە لە زمانە جیاوازەکان کۆڵرایەوە و باڵی بەسەر لێکۆڵینەوەی زمانە جیاوازەکاندا کێشاو، لە زمانی کوردیشدا لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاکانەوە بیرۆکەی مۆرفیم هاتە ناو لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کوردییەوە بەتایبەتی لەدوای کردنەوەی خوێندنی باڵای ماجستێر لەزمانەوانی، لە زانکۆدا.

پێویستە لێرەوە بێینە سەر ناساندنی بابەتی مۆرفیم و ناساندنی تێگەی (مفهوم) ئەم زاراوە زمانەوانییە تا ڕوونبێتەوە کە مۆرفیم چییە و چ کەرەسەیەکی زمان دەگرێتەوە.

---

(١) محمد علی الخولی : ١٧٤.

## تازەترین پێناسەی مۆرفیم لە زمانی کوردیدا

مۆرفیم: هەر وشەیەک ئەگەر سەربەخۆ یا ناسەربەخۆ بێت نەتوانرێت دابەشبکرێت بۆ بەشی بچوکتر (واتە بۆ شێوەی بچوکتر) ئەمە مۆرفیمە(١). بۆ نموونە وشەکانی پیاو، کەس هەریەکەیان وشەن و لە مۆرفیمێک

پێکهاتوون ؛ بەڵام پیاوانە، کەسی / کەسێتی وشەی ناسادەن و لە وشەیەک و مۆرفیمی بەندی (انە، ی، یتی) پێکهاتوون.

دوای دیاری کردنی مۆرفیمەکانی زمان، زمانەوان دەتوانێت بەهۆی ڕێگای مۆرفیمەکانەوە وشە پێکبهێنرێت و ئەو ڕێگایانەش بدۆزێتەوە، کە مۆرفیمەکان لەناو پێکهاتە ڕێزمانییە جیاوازەکاندا دەگۆڕێن و شێوەی خۆیان هەڵدەگرن، کە شێوەی (مۆرف) ئەرکییەو، مۆرفیمەکان لەو کاتەدا ئەلۆمۆرف پەیدادەکەن. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە وشەسازی ناسراوە؛ پاشانیش لە لێکۆڵینەوەی ڕستەسازیدا وەردەگیرێت(٢).

لێرەدا بەپێی باسەکە پێویستە پێناسەی مۆرف (شێوە) وەکو زاراوەیەکی ڕێزمان بکەین.

### مۆرف (**شێوە** — Morph)

یەکەیەکی پێکهاتەیی (ستراکچەر) پێکدەهێنێت؛ شێوەی مۆرف لە دەنگسازی و نووسینیشدا ؛ واتە یەکەیەکی بچووکی وێنەی مۆرفە. هەر مۆرفیمێک شێوەیەکی هەیە ؛ وەکو مۆرفیمی ناسراوی [ێک]، یا نەناسراوی [ەکە] و[ ان]ی کۆ. جێگرەوەی مۆرف پێی دەوترێت جێگرەوەی ئەرکی(٣). واتە ئەلۆمۆرف. ئەم پێناسەیە کەم و کوڕی لەوەدایە کە مۆرفی بە یەکەیەکی بچوکی وێنەی مۆرف داناوە. ئەمە نەگونجاوە چونکە مۆرف شێوەی مۆرفیمە گەورە و بچوکی نییە.

---

(١) د. محمود سعران، ل ٢٥٠، پێناسەکە هی تلوخ و تراجەرە کە گەورە زمانەوانی قوتابخانەی زمانەوانی ئەمریکایین. تا ئێستا چەندین نامەی ئەکادیمی هەر لە بەشی کوردی کۆلیجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین بەئەنجام هاتوون بەتایبەتی وشەسازییەکان بەم شێوەیە پێناسەی مۆرفیمیان کردووە بێجگە لەوەی پێناسە و بابەتەکانیش بەهەمان پێناسەکانی پێشتر دووبارە کردۆتەوە وەك مۆرفیم و جۆرەکانی کە پێویست بە هێماکردنیان هەیە نەك دووبارەکردنەوەیان.

(٢) د. محمود السعران : ٢٥٠.

(٣) بعلبگی : ٣١٦.



بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مۆرف پێناسەیەکی تری بەم جۆرە کراوە.

مۆرف: بچوکترین یەکەی ڕاستەقینەی زمانە کە واتادارە، ناتوانرێت دابەشبکرێت بۆ یەکەی واتاداری بچوکتر. مۆرف لە مۆرفیمێک زیاتر پێکدێت. هەیە لە برگەیەک زیاتر پێکدێ. کاتێک کە مۆرف دەردەبڕێت ناتوانرێت بەهەمان شێوەی خۆی لای قسەکەر یا هیتر دووبارە بکرێتەوە. مۆرف دەربڕینێکی ڕاستەقینەی مۆرفیمە (١). ئەم پێناسەیە گونجاوترە چەنکە بێجگە لەوەی وەکو یەکەیەکی زمانی مۆرفی نیشانداوە باسی پێکهاتنی جیاوازی مۆرف لە زماندا دەکات.

پێش ئەوەی جۆرەکانی مۆرفیم دیاری بکەین باسی زانستی مۆرفیمێک دەکەین کە بابەتێکی زمانەوانییەو مۆرف و مۆرفیمیش دەگرێتەوە.

مۆرفیمێک: زانستی مۆرفیمەکان — Morphemics

زاراوەکە لەڕووی پێکهاتنی وشەوە ؛ لەدوو بەشی (مۆرفیم) بەواتای کەرەسەی زمان و پاشگری [یک] پێکهاتووە. هەردووکیان پێکەوە بەواتای زانستی مۆرفیمەکانە. وەکو زاراوەیەکی زمانەوانی مۆرفیمێک زانستێکە لە

مۆرفیمەکان و جونکردن و واتاو ڕیزکردنیان لە ئەلۆمۆرفەکانیان دەکۆڵێتەوە. وشەسازی بەشێکە لە زانستی مۆرفیمات(٢). بەوەی وشەو مۆرفیمەکان دەگرێتەوە و جۆریان دیاری دەکات.

لێرەوە دێینە سەر باسی مۆرفیم و جۆرەکانی، لە وشەسازیدا بایەخی گرینگی پێدەدرێت و بۆتە تەواوکەری وشە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا چونکە هەموو کەرەسەکانی زمان ناکەونە بەر مۆرفیمی وشەو بەبێ مۆرفیم ناتوانرێت لێکۆڵینەوە بەتەنیا بەهۆی وشەوە ئەنجام بدرێت. بەوەی کەرەسەیەکی زۆری زمان پێکدەهێنێت.

---

(١) د. محمد على الخولى : ١٧٤.

(٢) بعلبگی : ( ل: ١٤٣ ) .

## تازەترین دیاری کردنی مۆرفیمەکانی زمانی کوردی

بەپێی بوونی ئەو کەرەسانەی کە لە زمانی کوردیدا هەن و بەکاردێن، ئەم مۆرفیمە جیاوازانە دیاری دەکەین. پێشتر بەم شێوەیە لە زمانی کوردیدا دیاری نەکراوە:

١- مۆرفیمی سەربەخۆ (وشە).

٢- یەکەی زمانی بێ مۆرفی دیاری کراو.

٣- مۆرفیمی بەند – ئەمیش دوو جۆرە:

أ / مۆرفیمی بەندی وشەسازی (مۆرفیمی وشە داڕێژ).

ب / مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (مۆرفیمی ئەرکی).

**لەخوارەوە هەموویان ڕووندەکەینەوە:**

١- مۆرفیمی سەربەخۆ: مەبەست لە وشەیە پێشتر باسم کرد.

یەکەی زمانی بێ مۆرفیمی دیاری کراو: مەبەست لەو یەکانەن کە لەئاستی وشەسازیدا لەڕووی پێکهاتنی وشەی لێکدراوی ئاڵۆزەو(١) هەست بە بوونیان لەناو پێکهاتەی ئەم جۆرە وشانەدا دەکرێت و کەرەسەیەکی وشە داڕێژی بێ مۆرفن چونکە شێوەکەیان بەر چ کام لە مۆرفیمی بەندی وشەسازی وەکو گیرەک ناکەوێت و مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیش نین چونکە بەشداری پێکهاتنی وشە دەکەن و واتایان بەتەنها دیار نییەو شێوەی سەربەخۆیان هەیەو واتایان لەناو وشە پێکهێنراوەکەدا دەردەکەوێت و نموونەشیان کەم نییە لەناو فەرهەنگی وشەی زمانی کوردیدا وەک:

هەرچی و پەرچی: وشەیەکی لێکدراوە لە دوو بەشی بێ واتا پێکهاتووە: هەرچی + پەرچی.

کەش و فش: کەش + و + فش= بێ واتا + واتادار.

هاروهاج: هار + و + هاج = واتادار + بێ واتا.

لات و لوت: لات + و + لوت = واتادار + بێ واتا

(١) د. رفیق شوانی، جۆرەکانی وشەی لێکدراو لەڕووی پێکهاتنەوە، گۆڤاری الاستاذ، ژ( ٨١ )،جامعە بغداد، تربیە إبن رشد، ٢٠٠٩، (ل ٤٩٥ – ٥٣٠.



ئەم بەشانە (کەش،هاج،لوت) شێوەیەکی دیاری کراویان نییە،چونکە بەر هیچ جۆرە مۆرفیمکی زمان ناکەون بەوەی گیرەک یا وشە بن،لەوانەیە کورتکراوە بن و شێوەی گۆڕاوی وشە بن وایان لێهاتبێ.

مۆرفیمی بەند: ئەم جۆرە مۆرفیمە بەندن و بەتەنها لە زماندا ئەرک و واتایان دەرناکەوێت، بەڵکو لەگەڵا وشەدا دەوری دیارو ئاشکرا دەبینێت و ژمارەیان زۆرەو بەبێ ئەمانە وشەو ئاخاوتن پێکنایەت و دەوری کاریگەرو زۆریان لەناو زماندا هەیە و بەپێی ئاستی دەرکەوتنیان دوو جۆرن:

**مۆرفیمی بەندی وشەسازی.**

**مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی.**

مۆرفیمی بەندی وشەسازی Derivational Afix

گیرەکێکە (زیادە) بۆ داڕشتن و پێکهاتنی وشە بەکاردێت کاتێک دەچنە سەر وشە یا ڕەگ و قەد، وشەی نوێی لێوە پێکدێت. گیرەکی وشە داڕێژیشی پێ دەوترێت. ئەم جۆرە مۆرفیمە جیایە لە مۆرفیمی گەردانی، کە شێوە گۆڕە(١). ئەم مۆرفیمە گیرەکی پێشگر، ناوگر و پاشگر دەگرێتەوە، کە بەهەموویان دەوترێت گیرەک (Afix) و پۆلگۆڕن. واتە بەزۆری جۆری وشەو بەشە ئاخاوتن دەگۆڕن.

پێشگر(Prefix) : زیادەیەکە دەخرێتە سەرەتای وشە یا ڕەگ و قەدەوە. پێشگر بەپێی ئەو وشەو مۆرفیمانە کە لەزمانی کوردیدا دەچێتە سەری دووجۆرن. وەک گیرەکی پێشگری فرمانی و گیرەکی پێشگری نافرمانی(٢).

(١) بعلبگی : ١٤٣.

(٢) کلباسی : ٨١.

## جۆرەکانی گیرەک

پێشگری فرمانی و پێشگری نافرمانی هەیە(١)

١- **پێشگری فرمانی:** ئەو پێشگرانەن کە دەچنە سەر ڕەگ و قەد، فرمانی داڕێژراوی لێوە دادەڕێژن؛ وەک: ڕا، ڕۆ، دا، هەڵأ، تێ، پێ، لێ، لا، دەر، بەر، پەک، لە، تێک. . هتد.

ڕا: ڕاخست، داخست، هەڵخست. (ڕا: واتای بۆ خوارەوە نزمایی ددەگەیەنێت).

ڕۆ: ڕۆچوو، ڕۆکرد (ڕۆ: واتای پێشگری ڕای هەیە).

دا: داگرت، داهات (دا: لەسەرەوە بۆ خوارەوە).

هەڵأ: هەڵگرت، هەڵچوو (هەل: بۆ سەرەوە بەرزی دەگەیەنێت).

تێ: تێچوو، تێگرت (تێ: بەیواتای سمین و لێچوونە).

پێ: پێکەوت، پێدا (پێ: پێوەلکان یا لێخشانە).

لێ: لێکەوت، لێگرت (لێ: هەمان واتای پێ دەدات).

لا: لاچوو، لابرد (لا: شوێن یا لادان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنی تر).

پەک: پەکخست، پەککەوت

لە: لەدەسچوو، لەجێ چوو، پێشگرێکی فرمانی و نا فرمانیشە.

تێک: تێکچوو، تێکخست.

دەر: دەرچوو، دەرخست (دەر: دەرچوونە دەرەوە لە ناوەوە بۆ دەرەوە).

بەر: بەرکەوت، بەرهاویشت (بەر: لێبوونەوە لە شت و لە لایەک، دەبێتە نافرمانیش).

نە: نەچووم، نەخوارد، نەکەی (نە: بۆ نەرێ کردنی فرمانی ڕابردوو و داخوازییە، نافرمانیشە).

نا: ناچم، ناکەم (نا: بۆ نەرێ کردنی ڕانەبردووە).

---

(١) **دکتر ایران کلباسی، ل ٨١.**



هەندێک لەم پێشگرانە هاوبەشن لە نێوان فرمانی و نافرمانیش وەک: دا، هەڵ، ڕا، ڕۆ... فرمانیش و ناویش پێکدێنن.

وەک: دا: داهێن، داپاچ، دامان____ ناون.

ڕا: ڕابین، ڕامان____ ناون.

هەڵ: هەڵکەت، هەڵپاچ ______ ناون.

٢- **پێشگری نافرمانی:** وەێ پاشگری ناوی واتایی، پاشگری شوێن، پاشگری پیشە، پاشگری ناوی ئامێرو ئامراز، پاشگری بکەری و بەرکاری، یا ڕەگ و قەد و وشەی جۆراوجۆری داڕێژراو وەک ناو و (جۆرە جیاوازییەکانی ناو)، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان دروست دەکەن. ئامرازە پەیوەندییەکان لەئاستی وشە سازیدا دەبنە گیرەک لە سەرەتاو ناوەڕاست وکۆتایی وشەوە وەکو پێشگرو پاشگر و ناوگر دێن. پێشگرەکان ئەمانەن:

بە: لەبنەڕەتدا ئامرازی پەیوەندییە، بەڵام لە ئاستی وشەسازیدا دەوری وشە داڕێشتن دەبینێت و دەبێتە پێشگر، بەزۆری ئاوەڵناوی داڕێژراو دادەڕێژێت واتای هێزو توانا دێت. وەک:

بە + ناو = بەجەرگ، بەکار، بەهێز، بەگوڕ.

بە وەکو ناوگریش (interfix) لە ناوەڕاستی دوو وشەی وەک یەکەوە دێت و ئاوەڵفرمانی چۆنیەتی پێکەهێنێ و واتای بەیەکسانی و بەرانبەری دێت. وەک:

سەربەسەر، دەربەدەر، بەر بە بەر.

لە: هەروەکە (بە) وایە دەوری پێشگر و ناوگریش دەبینێ لە داڕشتنی وشەی داڕێژراودا. لەگەڵأ ناو و ئاوەڵفرماندا ئاوەڵناو پێکدێنێ و فرمانیش دروستدەکات. وەک:

لەبار، لەسەر (تورە و توند)، فرمانیش پێکدێنێ وەک: لەدەسچوو، لەکارکەوت.

بۆ: بەکەمی دەوری گیرەک دەبینێ و ئاراستە دەگەیەنێ و چاوگی داڕێژراو دادەڕێژێت. وەک:

بۆچوون. تەنها ئەم نموونەیە دەسکەوتووە.

بێ: ئامرازی بێجگەیە لە وشەسازیدا وەکو پێشگر بەزۆری لەگەڵا ناودا ئاوەڵناو دروست دەکات واتا نەرێ و دابڕان دێت. وەک:

بێ + ناو = بێهۆش، بێخالأ، بێهێز.

نە: وەکو پێشگری نافرمانیش وشەی داڕێژراو پێکدەهێنێ و لەگەڵا ڕەگ و ناو و ئاوەڵناو، ناوی بکەری و ناوی گشتی و ئاوەڵناو پێکدەهێنێت واتای نەرێیە. وەک:

نەخۆش، نەمر، نەدار.

نا: هەروەکو (نە) وایە لەگەڵا ناو و ئاوەڵناودا، ناو و اوەڵناو پێکدێنێ. وەک:

ناخۆش، نابەجێ، ناجور.

هەر: لەبنەڕەتداو لە زمانی کوردیدا، ئامرازی جەختەو لە ڕستەسازیدا بەکاردێت، بەڵام دەوری پێشگری وشە داڕێژیش دەبینێ، ئاوەڵفرمانی کاتی و جێناوی نادیار دادەڕێژێت. وەک: هەرکەس، هەردەم، هەرجار.

هێ: لە ناوی شوێنەوە بە هەمان شێوە ناوی داڕێژراو پێکدەهێنێت.

هێلانە (هێ + لانە).

پێشگری دوولایەنی: فرمان و نافرمانیش پێکدەهێنێت.

ب: ناوی بکەری داڕێژراو لە ڕەگی چاووگەوە دروست دەکات واتاو توانا و هێز دێت.

بکەر، بکوژ، بخۆر، ببڕو بکوژ.

پێ: پێشگری پێ دوولایەنە فرمانیشەو نافرمانیش پێکدەهێنێ واتە پێشگری نافرمانی و فرمانیشە: نموونە

پێنوس، پێشور، پێخۆر، ناوی بکەر دروست دەکات، بەرکاریش وەک پێکەوتە.

لێ: وەکو دەستوری زمانی دەتوانرێ ناوی بکەر دابڕێژێت وەکو: لێخەر، لێکەر، لێخۆر، لێکەوتە.

تێ: هەمان بەکارهێنانی (پێ، لێ)ی هەیە دەبێتە پاشگری فرمانی و نافرمانیش: تێکەر، تێگوشە، تێکەوتە



**ناوەنـدگیـر** (Interfix)

ئەو گیرەکانەیە بە زۆری لە بنچینەدا ئامرازی پەیوەندین بەڵام لە ئاستی وشەسازیدا دەوری بەستانەوەی دوو مۆرفیمی سەربەخۆ بەیەکترەوە دەبینی و ووشەیەکی نوێی لێوە پێکدەهێنین وەک: ە، و، ی، بە، لە، تا، ەو، او. .. هتد ئەمانە بە زۆری وشەی لێکدراو دروست دەکەن.

ە: ناو + ە + ناو = گوڵەگەنم، گڵەزەردە، کوڵە جۆ، بارەبەر، لە ناوو رەگ و پاشگر.

و: ناو + ە + ئاوەڵناو = لەنجەو لار، سەروبن لە ناوی نەخۆشی منداڵە، لەرزوتا لە ناوو پێکهاتووە یا واتادار و بێ واتایە بێ واتایەکەو ە پێکدێت وەک: سەرو بەچک، کەش و فش.

ی: زۆر بەدەگمەن لە ناوەڕاستەوە دێت زیاتر گرێ پێکدەهێنێ. وەک وشەی: پیری جان (ناوی دێیە لە شوان)

بە: پێشتر باسکرا، سەربەسەر.

لە: پێشتر باسکرا، نالەبار. داڕێژراوە

تا: ئەم گیرەکە بەزۆری ناوەندگیرە دەکەوێتە نێوان دوو وشەوە لێکدراو پێکدەهێنێ. وەک:

سەرتاپا. لەڕووی واتاوە بەواتای (ڕادە) دێت.

ەو/ او: هەریەک گیرەکی ناوەنگیر بەواتای بەردەوامی دێت بەهۆی دەنگسازییەوە ئەم شێوەیەی هەیەو بەزۆر ئاوەڵفرمانی چۆنییەتی لێکدراو پێکدەهێنێ لە دوو ناوەوە؛ وەک:

بانەوبان، شارەوشار، دەماودەم.

نا: لەدوو ناوەوە ئاوەڵفرمانی لێکدراوی کاتی دروست دەکەن بۆ نەرێکردنی وشەکەی پێش خۆیەتی.وەک:

جار نا جار، شەو نا شەو.

ان: بە دووبارەکردنەوەی ئاوەڵفرمان بەهۆی (ان) لێکدەدرێن و ئاوەڵفرمان پێکدێنێ. وەک:

سەرانسەر، بەرانبەر، دەوراندەور.

## پـــــاشـــــگر (Suffix)

جۆرێکە لە گیرەکی وشوسازی دەخرێتە کۆتایی وشەوە لە ناو، راناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان و ڕەگ و قەدی چاوگیش وشەی داڕێژراوی لێوە پێکدێت.

پاشگرەکانی زمانی کوردی بەپێی وشەکانی کە دایدەڕێژن هەرچەند پاشگرێک پێکەوە جوندەکرێن و یەک جۆرە وشە دروست دەکەن وەک بۆ ناوی واتایی، ناوی جێگا، ناوی پیشە، ناوی بچوککراوە، ناوی ئامێرو ئامراز، ناوی چاوگ، ناوی بکەر، ناوی بەرکار، چاوگی ناوێزە.

جۆری پاشگر لەڕووی داڕێشتنەوە:

- **پاشگری ناوی واتایی:** ئەو پاشگرانەن ناوی واتایی لە وشەی جۆراوجۆر لە ناو، ئاوەڵفرمان، قەدی داڕێژراو، ئاوەڵناوەوە دادەڕێژن. وەک:

– ی: لە ئاوەڵناوەوە: جوانی، ناشیرین.

لە ئاوەڵفرمانەوە: بەرزی، بڵندی.

لە قەدی داڕێژراو: خوێندەواری.

– یَتی: لە ناو و ئاوەڵناو. وەک: بەرزێتی، گەنجێتی، کەرێتی، کارگەچێتی، پەنچەرچێتی، (بەهۆی گۆڕانی دەنگی (ی) بۆ (ێ) لە وشەی دووەم و سێیەم).

– یەتی: لەناوەوە.

برایەتی، چینایەتی، ئاغایەتی.

– ەتی: لەناوەوە، ناوی شوێن و ناوی واتایی پێکدێنێ. وەک:

بەرانەتی، خۆشناوەتی، پیاوەتی، یەکەم و دووەم ناوی شوێنە، سێیەم ناوی واتاییە.

– ایی: لە ناو و ئاوەڵناوەوە.

بەرزایی، برایی، کۆتایی، بەرزایی ناوی شوێنە، برایی، کۆتایی ناوی واتایین.

ایەتی: لە ناوەوە ناوی شوێن پێکدێنێ. وەک:

پشدەرایەتی، سوێسنایەتی.



– انە: لە ناو و ئاوەڵناو. وەک:

کچانە، ژیرانە، مەردانە، سەرانە.

– یَنی: لە ناوەوە ناوی واتایی. وەک:

کوڕێنی، کچێنی.

- ناوی لێکدراوی داڕێژراویش بەهۆی پاشگری (ی) واتاییەوە پێکدێت: سەربەستی، یا، با بردوو.

یَتی: پارێزگارێتی: لەناوی داڕێژراوەوە.

## پاشـــــگری نـــــاوی شوێـــــن:

پاشگری فرمانین لەناوی قەد و ڕەگەوە ناوی شوێن و جێگا پێکدەهێنن. وەک:

– گە / گا: لە ڕەگی چاوگەوە: پرسگە، جمگە، سپارگە (سپێرگە).

لە چاوگەوە: خوێندنگا، نووسینگە.

لە ناوەوە: لەشکرگا، حەشارگا، سەربازگا.

لە ناوی چاوگەوە: کوشتارگا.

لە ناوی تایبەت بە شوێنەوە: مۆڵگە، بەندگە، بەندەوار.

– وار: لە ناوی شوێنەوە، ناوی شوێنی داڕێژراو دروست دەکات: شوێنەوار، ئاسەوار، لێرەوار.

– ستان: کوردستان، گوڵستان، شارستان لەناوەوەیە.

– ەڵان: لە ناوی شوێن و بەرجەستەوە: کەندەڵان، قامیشەڵان، بەردەڵان.

– ان: پاشگرێکی کۆنی بنچینەی زمانی کوردییە لە ئاڤێستاوە ماوەتەوە، شێوەی جۆراوجۆری نزیک بەخۆیەوە هەیە وەک: مان، جوان، لە کوردستان و ئەو وڵاتانەی لەبنەڕەتدا دەچنە سەر نیشتمانی ئاریاو ئاریایی نشین ناوی شوێنەکانی بەزۆر بەم پاشگرە کۆتاییان هاتووە:

شەمزینان، ئەردەلان، سۆران، ئالان، خاڵخاڵان، بۆتان.

– یان: لە ناوەوە وەک: گەرمیان، موکریان (بەهۆی گۆڕانی دەنگسازییەوە هەردوو دەنگی (ا) بوونەتە یەک.

– مان: لە قەدی چاوگەوە: نیشتمان، زایمان (شوێنی هەڵقوڵانی ئاو لە ناو کانیدا).

– موان: خۆی ناوی شوێنە دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی سەیدسادق و هەڵەبجەوە.

– اوا: لە ناوی کەسەوە: بایزاوا، ئەحمەداوا.

– اوە: کەندیناوە، رەحیماوە، تۆپزاوە، لە ناو و ئاوەڵناوەوە.

– ەن: لە ڕەگی چاوگ و ئاوەڵناو و ناوەوە: سوتەن، ڕەقەن، گێژەن.

– کێ: لە ناوەوە: شاخکێ، برۆشکێ(١)، گەورکێ(٢)، خانکێ(٣).

– ێن: لە ئاوەڵناوی ناوی بکەرەوە بە گۆڕانی دەنگی وەک تێکەڵبوونی هەردوو دەنگی (بژوێن ناوی بکەر لە ژیان) لەگەڵا (ێ) پاشگری (ێن): بژوێن، بتوێن، سورێن.

– ین: لە ئاوەڵناو و ناوی شوێنەوە: بۆسکین، زەردکین (ناوی زەوییە)، کەڵەکین، قنچکین ناوی زەوی و شوێن.

– ێ: لە ناوەوە: سوسێ، پردێ، شارێ (ناوی ئۆردوگایە لە دهۆک جێنشینی برا ئێزیدییەکانمانە).

– ەوار: شوێنەوار، ئاسەوار: بەتێچوونی دەنگی /ە/ لەوشەی هەوار بۆ ئاسانی دەربڕین هەوار ەوار.

– ایی: قوڵایی، بەرزایی، دەشتایی لە ناو و ئاوەڵناوەوە.

– انی: بەزۆری لە ئاوەڵناوەوەیە: تەختانی، ڕەقانی، زورگانی (لە ناو + پاشگر)، چۆڵەوانی (بەهۆی پەیدابوونی نیمچە بزوێنی (و) لەنێوان (ە، ا)ەوە.

وو: لە ناوەوە: خواروو، سەروو، ژووروو.

ەتی: بەڕانەتي

(١) – شاخکێ، برۆشکێ ناوی دوو گەڕەکن لە دهۆک.

(٢) گەورکێ : ناوچەی گەورك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(٣) خانکێ :ناوی ئۆردوگای ئێزیدیەکانە لە دهۆک.



## پێشگری ناوی پیشە

ئەو پاشگرانەن دەچێتە سەر ناو و ڕەگ ناوی داڕێژراو و لێکدراو پێکدەهێنن بەندە بەئیش و کارێکەوە تایبەتی بە شارەزایی خاوەن پیشەکەوە واتە خاوەن پیشەکە شارەزا تێدا پەیداکردووە. پاشگرەکان: چی، ی، ەر، ەوا، یار، گەر، دار، باز، ەوان.

– چی: ناوی بەرجەستە + چی = پەنچەرچی، چایچی - پینەچی، ئاشچی.

– ی: جۆلایی.

– ەر: نانکەر، تەونکەر، کارەکەر.

– ەوا: نانەوا (پیشەی ڕەگەزی نێرە بەڵام نانکەر بۆ مێینەیە).

– یار: لە ناو و ڕەگی فرمانەوە: جوتیار، گەشتیار (ناو + پاشگر)(١).

– گەر: لە ناوی بەرجەستەوە: ئاسنگەر، مسگەر، زێڕنگەر.

– دار: لەناوی شوێن و گیاندار: دوکاندار، خەزنەدار، مەڕدار.

– باز: لەناوی گیاندارەوە: کەوباز، ئەم جۆرە جیاوازە لە ئاوەڵناوی بکەر وەک چاوباز، مێباز، پیشەنین وە ئاوەڵناون.

– ەوان: لە ناوی ئاژەڵ و شوێنەوە پێکدێت: بەرخەوان، ئاشەوان، باخەوان، گاوان بە هۆی دەنگسازییەوە (ە)ی پاشگرە لە بەرانبەر (١)ەوە دەرنەکەوتووە.

## پاشگری بچووککردنەوەی ناو:

ئەو پاشگرانەن ناو بچووک دەکەنەوە، دەچنە سەر قەدی چاوگەوە چ بۆ خۆشەویستی یا بۆ ئاسانی یا بۆ شکاندنەوەیە، لەهەندێ نموونەدا واتای وشەش دەگۆڕن و وشەی نوێ پێکدێنن، پاشگرەکان: لە، یلە، ەلە، ۆلە، ۆکە، ۆک، یلکە، ۆ، ولکە، چکە، چە ...هتد.

– لە: برالە، مێروولە، بۆ بچوککردنەوەی ناوی گیاندار و مرۆڤە (لەناوی گشتی).

– یلە: خریلە، کاریلە، بۆ بچوککردنەوەی ناوی مرۆڤ و گیاندار (لە ئاوەڵناو و ناو).

– ەلە: بیچکەلە، گچکەلە، جوزەلە، بۆ ناوی مرۆڤ و بەرجەستە (لە ناو و ئاوەڵناو).

(١) بۆ واتای پاشگری (یار ) بڕوانە : د. رفیق شوانی، نامەی ماجستێر، ١٩٨٨، (ل ١٠٢).

– ۆلە: بچکۆڵە، بۆ شتی بەرجەستە و مرۆڤ بچوکدەکاتەوە.

– ۆڵە: بەرخۆڵە، کزۆڵە، نەرمۆڵە، بۆ شتی بەرجەستەیی و مرۆڤ و گیاندارە.

– ۆکە: فرۆکە، خرۆکە، جنۆکە، واتاشیان گۆڕاوە بۆ ناوی گوزارەو بەرجەستە بچوکدەکاتەوە.لە ڕەگی چاوگ و ئاوەڵناو و ناوەوەیە.

– چە: لە ناو+ پاشگر: باخچە، دەریاچە،

– ۆک: حەمەدۆک، مەمەدۆک، برایمۆک، بۆ بچوککردنەوەی ناوی مرۆڤەو ئاوەڵناو و وەک: شەرمنۆک، گەڕۆک، ناوی بکەریش پێکدێنێ(١).

– یلکە: جامیلکە، ساویلکە (ساوێلکە)، نامیلکە، بۆ بچوککردنەوەی ناوی بەرجەستەیە بەزۆرە.

– ۆ: بۆ بچوککردنەوەی ناوی مرۆڤە: سمۆ، خدۆ، جەمۆ.

– ولکە: بۆ بچوککردنەوەی ناوی شوێن بەرجەستەیە: داسولکە، ماسولکە.

– چکە: بۆ بچوککردنەوەی ناوی شوێن و بەرجەستەیە: ڕێچکە، گوێچکە.

– ۆچکە: بۆ بچوککردنەوەی ناوی شوێن: شارۆچکە.

– ەڵە: لە ئاوەڵناوەوە ئاوەڵناوی داڕێژراو پێکدێنێ. سیسەڵە، گردەڵە، چەرمەڵە.

## پاشگری ناوی ئامێر و ئامراز:

ئەو پاشگرانەن لە ناو ڕەگ و قەدەوە ئەم جۆرە ناوە دادەڕێژن. وەک: (نگ، ە، ەک، لە، ب، ێر، ۆک، لا، ە) (٢).

– نگ: لە ڕەگی چاوگەوە: بێژنگ.

– ەک: لە رەگی چاوگەوە: کوتەک، بڕەک، هێڵەک، پەستەک.

– ینگ: لە رەگەوە: برینگ، لە ئاوەڵناو+ پاشگر: قوڵینگ.

– ە: لە رەگەوە: ماڵە، گیرە، لە ناوو دووپاشگر: دەسرازە (دەس + راز + ە).

– لە: لە قەدەوە: تەقیلە، (تەقی (تەقین).

(١) رفیق محمد شوانی، نامەی ماجستێر، ١٩٨٨، (ل ١٠٧).

(٢) سەرچاوەی پێشو، (ل : ١٤٨) .



– ب – ێر: لە ئاوەڵناو: بلوێر، (پێشگر + لول + ێر (پاشگر).

– ۆک: لە رەگ و ناوەوە: تیرۆک، گەرۆک، ناوی بکەرو ئاوەڵناوی بکەریش دروست دەکات.

– لا – ە: لە رەگەوە: لاگیر، (خشڵی ئافرەتە دەکرێتە لای مێزەری سەری ئافرەت.

– اڵ: لەناو: چنگاڵ.

پاشگری (ان): پاشگرێکە ناوی تایبەتی بۆ کەس و کات و ئاوەڵفرمانی کاتی پێکدەهێنێت.

– ان: لەناوی کاتەوە: ئێوارە + ان = ئێواران بە گۆرانی دەنگسازی و تێچوونی (ە)، شەوان، بەیانیان، شێوان

– ان: لە ناوەوە: سام + ان = سامان، ڕێزان، دیلان.

## پاشگـــری نـــــاوی چاوگـــــی:

ئەو پاشگرانەن تایبەتن بە داڕشتنی ناوی چاوگ بەزۆری لە رەگ و قەدی چاوگەوە، ناوی چاوگ (١) دروستدەکەن.

وەک: (اک، ناک، ار، ە، ش، شت، ست، ەوە).

– اک: لە رەگ + اک: لە ئاوەڵناوەوە: خۆراک، لە ئاوەڵناوەوە: رون + اک: روناک بۆتە ئاوەڵناو.

– ناک: لە رەگەوە: ترسناک، غەمناک بۆتە ئاوەڵناو.

– ار: لە قەدەوە: کوشتار، کردار، دیدار، پرسیار، لە رەگەوە، دیار (دی + ار)، گرفتار، دزیار.

لە ناوەوە: بن + ار = بنار دەبێتە ناوی شوێن.

– ە: لە رەگی چاوگەوە: پرسە، دزە، گریە، نرکە، کۆکە، ژمارە.

– ش: لە رەگەوە: کوشش، بەخشش، سازش، ئاسایش. بەهۆی دەنگسازییەوە دەبێتە یش.

– ست: لە رەگەوە: زانست (زانستن)، توانست (توانستن)، بڕست (بڕین)، وەڕست (وەڕین) شکست (شکان) بەهۆی گۆرانی دەنیگیەوە دەنگی (١) گۆراوە بە (ی) رەگی شکێ پاشان بەهۆی پێویستی واتاوە تیاچووە.

(١) ناوی چاوگ ناوێکە بەرانبەر چاوگە لە ڕووی واتاوە، بەڵام لەڕووی پێکهاتنییەوە جیاوازە بەوەی چەند پیتێکی چاوگ هەڵناگرێت. بعلبگی، (ل: ٤١٣) .

– ەوە: کردەوە، چاوگی ناوێزەش دروست دەکەن: خولانەوە، کولانەوە، چەمینەوە.

– شت: لە ڕەگەوە: بڕشت (برین)، درشت (دڕین)، خورشت (خواردن).

ئەم ڕێژە ناوە چاوگییە (١) لە ناویشەوە بەهۆی ئەم جۆرە پاشگرانەوە، پێکدێت وەک: وەرزش (وەرز + ش).

## پاشگری ناوی بکەری:

ئەم جۆرە پاشگرانە لە ناو و ڕەگی چاوگە ناوی دروست دەکات

وەک: (ەر، یار، ندە، وو / و، ا، وەر، گەر، ۆک، نۆک، باز، ندە، ب).

– ەر: لە ڕەگەوە: نووسەر، ڕاوکەر، ناندەر، (گۆرانی دەنگسازی ڕوویداوە (ە) ڕەگ لەگەڵ (ە) پاشگرەکە بەهۆی هاوبێژیانەوە بوونەتە یەک.

لەناوەوە: کۆچەر، چەپەر (کۆچ + ار، چەپ + ەر).

– یار: لە ڕەگەوە: کریار، فرۆشیار، ڕێژیار. پاشگرەکە بە واتای (لەگەڵ بوون و تواناو هاوڕێیەتی دێت(٢).

لە ناوەوە: بەختیار، جوتیار، هەستیار.

– ندە: لە چاوگەوە: بەخشندە (بەخشین)، کوشندە (کوشتن)، دڕندە (دڕین)، فڕندە (فڕین). واتای ((توانا و هێز و زۆری و لێهاتووی)) دەدات(٣)

لە ناوەوە: باڵندە (باڵأ + ندە)، بینا (بینین).

– أ: لە ڕەگەوە: زانا، دانا، توانا، لە (زانین، دانان، توانین).

لە ناوەوە: دارا، کارا.

– وو: لە قەدی چاوگی تێنەپەر: هاتوو، گەیشتوو، ڕۆیشتوو.

– وەر: لە ناوەوە: سەروەر، وەر، ەوەر: هەردووکیان هاو واتان و بە واتای هەبوون دێن.

(١) بعلبگی، (ل : ٤١٣ )، پێی دەوترێت( quasi- infinitive noun ).

(٢) د. رفیق شوانی، نامەی ماجستێر، (ل: ١٠٣) .

(٣) رفیق شوانی، هەمان سەرچاوە،(ل :٩٨) .



– ەوەر: لە ناوەوە: بەختەوەر، جانەوەر، زیندەوەر، پاشگرەکە بەواتای هەبوون دێت.

لە ڕەگەوە بەهۆی گۆرانی دەنگیەوە: زیندەوەر، گۆرانی ژ (ژین) بۆ (ز).

– مەند: لە ناو: هەنەرمەند، بەهرەمەند، کارمەند، واتای شارەزایی و توانایی دەگەیەنێت.

– گەر: لە ناو و ئاوەڵناوەوە: دادگەر، ڕۆشنگەر.

– پاشگری ناوی بەرکار:

ئەو پاشگرانەن بەزۆری لە قەدەوە ناوی بەرکاری داڕێژراو دروست دەکەن.

وەک: (وو / و، ە).

لە چاوگی ڕودانەوە: خنکاو، برژاو، سوتاو، مردوو، قەدی چاوگەکە بزوێن بێت پاشگرەکە لە [وو] دەبێتە [و] لە نەبزوێنیش بێت وەک خۆیەتی [وو].

– ە: لە قەدەوە: بەردە، سوتە، کردە (بەهۆی پێویستی واتاوە لەبەر نەگۆڕانی واتاکەی (ێ) ڕەگی چاوگی سوتێ نامێنێ لە بەرانبەر (ە) دا.

– باز: لە ناوەوە ناوی بکەر و ئاوەڵناوی بکەر پێکدێنێ بە واتای (( توانا و ئامادەیە)) دێت ناوی پیشەش پێکدێنێ، لێرەدا بەزۆری واتای بەزین و هۆگریش دێت. وەک:

کۆترباز، سەرباز (بۆپیشەوە)، مێباز، چاوباز.

– ۆک: لە ڕەگەوە ناوی بکەر و ئاوەڵناوی بکەر. گەڕۆک، لەرزۆک، دزۆک. واتای (سوکی و نزمی)(١) هەیە.

– نۆک: بە واتای سوکی و نزمییە، بە هەمان مەبەستی (ۆک) بەکاردێت، بەڵام بەزۆری ئاوەڵناوی بکەر دروست دەکات(٢).

– ب –ەر، ب: لە ڕەگەوە وەک بکەر، بخۆر، ببڕ، بکوژ (توانا و زۆری جولە) دەگەیەنێت پێشگری (ب) لەگەڵأ پاشگری (ەر) زۆر پێکەوە دێن.

(١) رفیق شوانی، هەمان سەرچاوە ، (ل : ١٠٨) هەروەها بۆ پاشگری (نۆك ) یش بڕوانە : (ل: ١٠٩) .

(٢) رفیق شوانی، هەمان سەرچاوە،(ل:١٠١).

## - پاشگری جۆراوجۆری نافرمانی:

ئەو پاشگرانەن کە وشەی دارێژراوی جۆراوجۆر پێکدەهێنن لە ناو، ئاوەڵناو هەریەکەیان واتای جیاوازی هەیە.  وەک: گار، گان، گین، وار، ەوار، وارە، وەر، ور، اوەر، ەوا، وان، ان، ین، ینە، ێنە، ەم، ەمین.

– گار: پاشگرێکە دەچێتە سەر ناوی کات و ناوی گشتی و قەد و ڕەگەوە، ناو دروستدەکەن.

ڕۆژگار، یادگار، کردگار، سازگار، گار، پاشگرێکە واتای بەردەوامی هەیە و ئاگاداری و پاراستنیش دێت(١).

– گان: لە ناوەوە ناوی پیشەو شوێن پێکدێنێ: بازرگان،ڕاوگان(٢).

– گین: لە ناوەوە: غەمگین، ڕەنگین، سەنگین: گین بە واتای ئاوێتەبوون و تێکەڵبوون دێت.

– وار: لە ناوەوە: خەروار، وار، ەوار، بە واتای هەبوون دێت.

– ەوار: لە قەدی چاوگ و ناوەوە ناوی بکەر یا ئاوەڵناو پێکدێنێ: خوێندەوار، بەندەوار.

– وارە: لە ناوەوە ناوی بەرجەستە دروست دەکات: گوارە بەهۆی گۆڕانی دەنگییەوە لە گوێ تێچوونی دەنگی (ێ) و لێکدانی هەردوو دەنگی (و) ی گوێ و پاشگری وارە.

– وەر: لە ناوەوە ناوی خاوەن پیشەو ئاوەڵناوی دارێشتووە: پیشەوەر، بەختەوەر، جانەوەر.

– ور: لە ناوەوە ناوی دارێژراوی پێکهێناوە: دەستور، کەلتور.

– اوەر: لە ناوەوە ناوی شوێن و ئاوەڵناوی بکەری دارێژراو پێکدەهێنێ: کەنگاوەر، جەنگاوەر، دلاوەر.

– ەوا: لە ناوەوە ناوی پیشەو ناوی بکەر وەک: نانەوا، پێشەوا، دەستەوا.

پاشگری (وارە، ەوار، وەر، ور، اوەر، بە واتای هەبوون دێن.

– وان: لە ناوەوە ناوی دارێژراو بۆ پارێزگاری کردن بەکاردێت. وەک: پشتیوان.

– ان: لە ناوی کات و شوێنەوە ناوی کاتی دارێژراو پێکدێنێ واتای کات و بەردەوامی دەبەخشێت: بەهاران، شەوان، گوزەران.

– ان: لە ئاوەڵناوەوە ناوی تایبەتی پێکدێنێ. وەک: سامان، لە ناویشەوە: ڕێزان، خەندان (بە گۆڕانی دەنگی /ە/ بۆ / أ /).

(١) رفیق شوانی، نامەی ماجستێر، (ل : ١١٠) .

(٢) ڕاوگان: دەشتێکە لەلای ڕۆژئاوای پێنجوێنەوە.



– ین: لە ناو و ژمارەو ڕەگەوە ناو و ئاوەڵناو پێکدێنێ واتای خانەوادەگی(١) یا بۆ واتای پێوە لکان و پێوە نووسان دێت: بەفرین، ڕەنگین، ئاسنین، چوارین، ئاگرین، نۆشین، پارین، بلورین، پێشین.

– ینە: لە ناوی بەرجەستەوە بۆ دیاری کردنی جۆر و چەشنی شتە: گڵینە، بەردینە، قوڕینە.

– ەم/ هەم: لە ناوی ژمارەوە، ژمارەی ڕیزبەندی پێکدەهێنێت: سێیەم – سێهەم.

– ەمین/ هەمین: هەمان شتە: چوارەمین، دووهەمین. ئەگەر ژمارەکە بە بزوێن کۆتایی بێ دەنگی /ە/ وەکو ناوبەند لە نێوان بزوێنی ژمارەکەو بزوێنی پاشگرەکە دێت.

– ێنە: لە ناوی بەرجەستەوە هەروەکو (ینە) بۆ دیاری کردنی جۆری شتە لەناو شتی تردا. وەک: ڕەنگێنە، هەرگێنە(٢)، نیسکێنە، کوڵبێنە.

– هەر: ئامرازێکی هاوبەشە دەبێتە پاشگر و ئامرازی جەخت وەکو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی. وەکو پێشگر بەزۆری ناوی کات دادەڕێژێت و واتای هەمیشەیی و بەردەوام دەبەخشێت: هەرکام، هەردەم، هەرچی، هەرکەس، هەرجۆر

## تایبەتێتی مۆرفیمی وشە دارێژ (مۆرفیمی بەندی وشەسازی)

١- ئەم مۆرفیمانە لەئاستی وشەسازیدا دەوریان هەیە.

٢- ئەم مۆرفیمانە، گیرەکی وشە دارێژن و دەچنە سەر وشەو ڕەگ و قەدو وشەی نوێ پێکدەهێنن.

٣- ئەم مۆرفیمانە گیرەکی پێشگر و ناوەندگیر و پاشگر دەگرنەوە لە سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وشەوە دەردەکەون: بێخاڵأ، سەرانسەر، پرسە.

٤- زیاتر لە گیرەکێک لە سەرەتاو کۆتایی وشەوە دەردەکەون، بەڵام یەک ناوەندگیر لە ناوەڕاستی دوو وشە  یا دوو مۆرفیمەوە دەردەکەوێت ئەمانە وشە لۆک ناکەن مەودا دەدەن بە هاتنی گیرەکی تر.

پێشگر + وشە = وشەی دارێژراو

(١) کلباسی، (ل: ١٢٣) .

(٢) هەرگێنە :دێیەکە لەنێوان بایەواو ڕۆژهەڵاتی پێنجوێن نزیکی سنوری ئێرانە سەربە  پێنجوێنە لە ساڵی ١٩٧٤ لەناو شۆڕشدا مامۆستای شۆڕشی ئەو دێیە بووم.

له + بار = لەبار

پێشگر + پێشگر + وشە = لێهەڵکێشان

پێشگر + ڕەگ = بکڕ، بفرۆش، بنووس، هەڵبەست.

پێشگر + پێشگر + ڕەگ = تێهەڵکێش/ تێکهەڵکێش.

پێشگر + قەد = دا

مۆرفیمی شێوە سەربەخۆ + ناوەندگیر + وشە = نالەبار، داڕێژراو.

وشە + ناوەندگیر + وشە = سەرانسەر، سەربەسەر، سەرتاپا، لەرزوتا، زەردەپەڕ (لێکدراون).

وشە + پاشگر = وشەی داڕێژراو: سەرە، سەرۆک، بەرۆک، ڕۆژگار.

وشە + پاشگر + پاشگر = جوتیار، ماڵدار.

ڕەگ + پاشگر = نووسەر، برە، خۆراک.

قەد + پاشگر = سوتاو، بردەڵە، پرسیار (پرسی + ار)، خوێندەوار.

٥- گیرەکی وشە داڕێژ گیرەکێکی پۆلگۆڕ و شێوە گۆڕیشن، ئەمە پێچەوانەی گیرەکی ڕێزمانین. واتە بەشە ئاخاوتن و جۆری وشە دەگۆڕن وەک لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو و یا جۆری ناو یا وشەی تر دەگۆڕن. نموەن:

( بەفر + ین: بەفرین، سەر + انە: سەرانە).

٦- ئەم گیرەکانە کە دەچنە ناو پێکهاتەی وشەوە دەبنە بەشێک لە وشەکەو وشەیەکی فەرهەنگی نوێ پێکدەهێنن و وەک یەک یەکەی زمانەوانی سەیر دەکرێت. ئەگەر سەیری پێکهاتەی وشەکە بکرێت پارچەکانی لێکبدرێتەوە و دیاری بکرێن. وەک گیرەکی ڕێزمانی نین کە بچنە سەر وشە هەریەکەی وەکو کەرەسەیەک دیارەو ئەرکی خۆی هەیە.

٧- لەڕووی بوونەوە ژمارەیان زۆرە لە زمانی کوردیدا.

٨- وشەی جۆراوجۆر پێکدەهێنن وەکو ناو و جۆرەکانی، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، گیرەکی فرمانیش فرمان دروستدەکەن.



٩- تایبەتییەکی گیرەک لەوەدایە هەر گیرەکێک لەگەڵ جۆرە وشەیەکدا دێن و جۆرێک لەوشە دروست دەکەن، هەرچەندە ناوێزەشی تێدایە، واتە گیرەکی ناوی شوێن هەیە لەگەڵ ناوی شوێن یا ناوی بەرجەستە دێن و ناوی شوێن پێکدەهێنن وەکو:

نێرگزەجاڕ، گوڵزار، گوڵدان، گوڵستان: گوڵ ناوی بەرجەستەیە.

کوردستان، گوڵستان، دارستان: کورد، گوڵ، دار، ناوی تایبەتی و بەرجەستەن هەشە لە ئاوەڵناو و ڕەگی چاوگەوە ناوی شوێن دادەڕێژن وەکو: سوتەن، ڕەقەن، گێژەن.

١٠- هەر گیرەکێکی وشە داڕێژ پێویستە لە نموونەیەک وشە زیاتر دروست بکات ئەگەر وا نەبێت بە گیرەکی وشە داڕێژ دانانرێت و دەبێتە گیرەکی ڕێزمانی(١). لەوانیش گیرەکی وا هەیە نموونەیەکی هەبێ بەڵام بەگەڕان و پشکنینی هی تر دەدۆزرێتەوە.

١١- ئەم گیرەکانە وشە داڕێژن یا بەهۆیانەوە وشە لە وشەو یەکەی ترەوە وەردەگیرێت و گیرەکی ئەرکی نین و سەرنج لە ئەرکی وشەکە لەناو پێکهاتەدا نادرێت(٢).

١٢- هەندێک لە گیرەکی وشە داڕێژ، بە دوو جۆر دەردەکەون، واتە هەمان گیرەک دەبێت ئەلۆمۆرفی وشەسازی و ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی. وەک ئەو گیرەکانەی بۆ بچوککردنەوەی ناون، لەهەمان کاتدا وشەی نوێ دروست دەکەن. نموونە: پاشگری [ۆک] بۆ بچوککردنەوە وەک: حەمەدۆک.

بۆ پێکهاتنی ناو یا ئاوەڵناو: تیرۆک، گەڕۆک، سەرۆک.

پاشگری [ەوە] وەک وشەداڕێژ: بردمەوە بەواتای (سەرکەوتن) یارییەکەم بردەوە.

[ەوە] بۆ دووبارەکردنەوە: گەڕامەوە.

واتە ئەم مۆرفیمە دوو مۆرفیمی جیاوازی لە ئەرکدا بەپێی ئاستی بەکارهێنانی هەیە. ئەم حاڵەتە لەگیرەکی وشە داڕێژدا کەم و دەگمەنە.

---

(١) گیرەکی ڕێزمانی: تەنها یەك ئەرکی هەیە، تەنانەت ئەگەر چەند نیشانەیەکیش بن بۆ نموونە وەکو نیشانەکانی کۆ : ( ان، ات، گەل، ها )بۆ کۆن.

(٢) بعلبگی : ل ١٤٣.

١٣- گیرەکی وشە داڕێژ کەمتر دەکەونە بەر کاریگەری گۆڕانی دەنگسازی دەوروبەر وەک لە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کە بەزۆری ئەلۆمۆرف پەیدا دەکەن. کە هەریەکە زیاتر لە ئەلۆمۆرفێکی هەیە. وەک:

( ان) کۆ     یان، وان.

ەکە     کە، ەک، ۆک، یەکە، ک.

١٤- گیرەکی وا هەیە لەهەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستە سازیدا هەمان شێوەی (مۆرف)ی هەیە، لە ئاستی یەکەمدا وشە داڕێژ و پۆلگۆڕو جۆری وشە دەگۆڕێت وەک پاشگری [ان]. نموونە: ڕێز + ان = ڕێزان، دیلان، سامان.

لە ئاستی ڕستەسازیشدا وەکو نیشانەی کۆ بەکاردێت لەهەندێک نموونەشدا دەکرێت بە دوو لایەن دابنرێت وەک: گوڵان، ئێواران، هەردوو دەورەکەی وەکو پاشگر و وەکو نیشانەی کۆ بەکاردێ.

## مۆرفیـــمی بەندی ڕێزمانـــــی

مۆرفیمێکە لە ئاستی وشەسازی ئەرک دەبینێت و دەچێتە سەر وشەو شێوەی دەگۆڕێت و ئەرکی ڕێزمانی پێ دەبەخشێت واتاو پۆلی وشە واتە بەشە ئاخاوتن ناگۆڕێت. ژمارەیان لە زماندا زۆر نییەو پێیان دەوترێت مۆرفیمی ئەرکی یا گەردانی. نموونە:

نیشانەکان وەک: (ناسراوی، نەناسراوە، کۆ، مۆرفیمی بەردەوامی کات، ئامرازی بەستنەوە – پاشکۆی ئامرازە پەیوەندییەکانی وەک – بۆ، بە – لە، ئامرازی بانگکردن، ڕاناوی لکاو، ئامرازی خستنەسەر).

نموونە: (ان) نیشانەی کۆیە وەکو گوڵان. تاک دەکاتە کۆ ئیتر لەزماندا هەر بۆ کۆ بەکاردێت. هەروەها:

ەکە: نیشانەی ناسراوییە وەکو گوڵەکە.

ێک: نیشانەی نەناسراوییە وەکو گوڵێک.



دە: نیشانەی بەردەوامی کاتە. دەچم، دەچووم.

ۆ: نیشانەی بانگکردنە وەک خاڵۆ، مامۆ، کاکۆ.

ینە: نیشانەی بانگکردنە وەک کچینە، کوردینە، کوڕینە.

ێ: بۆ بانگکردنی تاکی مێیە هەروەها ێ: وەک میمێ.

ئامرازی خستنەسەر: ی: گوڵی من، شارەکەی ئێمە، ترۆزی ناسک، منداڵی کورد، دیوانی خانی، ڕێبازی کوردایەتی.

## تایبەتێتی مۆرفیمی ڕێزمانی:

١- لە ئاستی ڕستەسازیدا دەوریان هەیە.

٢- بریتین لە مۆرفیمی وشەگۆڕ واتە تەنها شێوەی وشە دەگۆڕن نەک پۆلە و واتاکەی چونکە مۆرفیمی ئەرکین، هەر مۆرفیمێک ئەرکی دیاری کراوی خۆی هەیە. وەک: نیشانەی [ان] تەنها بۆ کۆیە، [ەکە] ناسراوییە...

٣- ئەم گیرەکانە ناچنە ناو پێکهاتەی وشەوە، بەڵکو دەچنە ناو پێکهاتەی گرێ و ڕستەوە.

٤- ژمارەیان لە زماندا دیاری کراو و کەمن وەک: نیشانەکانی کۆ، ناسراوی، نەناسراوی، نیشانەی کات، ئامرازی پەیوەندی و ئەوانیش پاشکۆکانیان هەمان دەور دەبینێ چونکە ئەم ئامرازانە گرێ دروست دەکەن و ڕێزمانین، ئامرازی بانگکردن وەک: ە، ۆ، ی، ێ، ینە، ئامرازی خستنەسەر، ڕاناوی هەیی...

٥- هەندێک مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دەوری وشەبەست (Clitic) دەبینن وشە لۆک دەکەن. وەک بەزۆری ئەو مۆرفیمانەی لەخاڵی ژمارە چواردان.

٦- ئەم مۆرفیمانە زیاتر لە یەکێکیان بەدوای یەکتردا دێن و هەر یەکەیان بۆ دۆخێکن. نموونە:

گوڵەکانم: ناو + نیشانەی ناسراوی + نیشانەی کۆ + ڕاناوی لکاو.

گوڵەکانمی: چوار نیشانەی وەرگرتووە، یەکەمیان وشەکەیان لەڕووی وشەسازییەوە لۆک کردووە. هەریەکێک لەمانە هەمان دەوری دەبینێت.

٧- گرێی جۆراوجۆری وەک ناوی، ئاوەڵناوی، بەرکارو تەواوکەری ناڕاستەوخۆ، گرێی فرمانی دروست دەکەن.

ی: گرێی ناوی، لەسەر: گرێی ئاوەڵفرمانی شوێنی، لەئێوارەوە: گرێی ئاوەڵفرمانی کاتی، له — م: لەپێ کەوتم.

٨- بەزۆری مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دیارە کە لەگەڵا چ بەشە ئاخاوتنێکدا بەکاردێت. وەک:

ان: لەگەڵا ناودا بۆ کۆ، ەکە: بۆ ناسینی ناو، بەڵام گیرەکی وشە داڕێژ شوێنی بەتەواوی دیار نییە چەنکە هەمان گیرەک دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو یا ڕەگ و قەد. بۆ نموونە:

ەر: نووسەر لە ڕەگەوە، کۆچەر: لە ناوەوە، بەختیار، کرپار لە ناو و ڕەگەوە.

٩- دەزانرێت مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان هەر یەکەیان چ دەورێکیان هەیە. بەڵام گیرەکی وشە داڕێژ گیرەکێکی دوو جۆر وشەی جیاواز پێکدێنێ وەک: پارێزگار، یادگار، ڕۆژگار. هەریەکەیان بەهۆی گیرەکی پاشگری [گار]ەوە جۆرە ناوێکی جیاوازی لەویتر پێکهێناوەو، واتای گیرەک وەک مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نییە دیاربێت واتە نادیارە.

١٠- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دەوری وشە داڕشتن نابینێت، بەڵام مۆرفیمی وشەسازی هەیانە دەبنە وشە داڕێژ و لەهەمان کاتدا دەوری ڕێزمانیشی هەیە وەک ئامرازی پەیوەندی. نموونە:

تا: سەرتاپا: گیرەکی وشەسازییە، تا بەیان گرێیە.

بە: بەهێز وشەداڕێژە، بەتۆ گرێی پێکهێناوە.

لە: لەبار وشەداڕێژە، لەناو گرێی ئاوەڵفرمانی پیکهێناوە.

بۆ: بۆچوون، بۆشەو، بۆ ئێوارە، بۆ کەرکوک گرێی ئاوەڵفرمانییە.

١١- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بەزۆری دەکەوێتە کۆتایی وشەوە، یەکەی جۆراوجۆری زمانی پێکدێنێ وەک گرێ، فرمان، گوزارە و ڕستەو ڕستەی کورتکراوە دروستدەکەن.



گرێ: گوڵی جوان — ی، لەماڵەوە.

فرمان: دەڕۆم — دە، م

گوزارە: کوردم — م، لیرەین — ین.

ڕستە: من دەڕۆمەوە بۆ ماڵأ — م، ەوە، بۆ.

ڕستەی کورتکراوە کە دەبێتە کلیش (Clesh) وەک کاکە، خاڵۆ، کچێ، کوردینە، ئامرازی بانگکردن: ە،ۆ، ێ، ینە، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین.

ئەم مۆرفیمە بەندانە هەیە دەکەونە سەرەتای وشە و گرێ و فرمانەوە وەک:

**نیشانەی ڕێژەی مەرجی و داخوازی: بخۆ، بچم.**

هەشە لەسەرەتاوە دێت و لە کۆتاییەوە پاشکۆی بەدوادا دێت وەک ڕێژەی مەرجی کە دەبێتە مۆرفیمی بەردەوام کە جۆرێکە لە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نموونە:

بچومایە: ب — ایە

لەماڵەوە: لە - ەوە

لەماڵدا: لە - دا

بۆ خوارەوە: بۆ- ەوە

بەڕۆژەوە: بە -ەوە

بەشەودا: بە- دا

## وشـــه بەســـت (Clitic)

وشە بەست مۆرفیمی بەندە بەندە، بە تەنها بەکارناهێنرێت، چونکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت و بەهۆی وشەیەکەوە لە کۆتایی و سەرەتایەوە دێت و کۆتایی بەپێکهاتنی وشەکە دەهێنێ (١). واتە لە رووی وشەسازییەوە لۆکی دەکات: چونکە چیتر ناتوانرێت دەسکاری بکرێت. شوێنی وشە بەست لە ناو گرێ و رستە دایە. سەرچاوەی وا هەیە بە وشەی بەندی داناوە بەوەی رێژەیەکە لە وشە دەچێت و شوێنی وشە دەگرێتەوە لە بۆشاییدا، بەڵام بە تەنها سەربەخۆ نابێت لە قسەکردندا (٢). ئەم پێناسەیە ناتەواوە لەبەر ئەم هۆیانە:

وشەی بەست وشە نییە و مۆرفیمێکی بەندی رێزمانییە.

شوێنی وشە ناگرێتەوە بە تەنها.

وشەی بەند نییە، چونکە وشە واتادار و سەربەخۆیە.

نموونە بۆ وشە بەست: نیشانە رێزمانییەکان (ناسراوی، کۆ.. .)، راناوی لکاو، ئامرازی بانگ کردن (ە، کاکە، ۆ: خاڵۆ، ی، میمی، ێ: کچی، ینە: کورینە)، ئامرازە پەیوەندییە پاشکۆدارەکان لە ناو گرێدا وەک: (بۆ، بە، لە _____ ەوە / دا، لە دڵەوە، لە وشەدا.

## تایبەتێتی وشە بەست:

١- مۆرفیمێکی بەندی رێزمانییە، سەربەخۆ بەکارنایەت.

٢- لە رووی وشەسازییەوە وشە لۆک دەکات.

٣- لە سەرەتا و کۆتایی وشەوە دەردەکەوێت.

٤- شوێنی لە ناو گرێ و رستە دایە، واتە لە ئاستی رستەسازیدایە.

٥- شوێنی دیار نییە تا نە چێتە سەر وشە (٣).

٦- هەموو مۆرفێمێکی رێزمانی نابێتە وشە بەست.

---

(١) - محمد ئەمین هەورامی، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا، بەغدا، ١٩٨١، (ل : ١٧٩) . دەڵێت کۆتایی بە وشە دەهێنێ بێ ئەوەی بڵێت لە چ ئاست و لە چ روویەکەوە، کۆتایی پێدەهێنێت .

(٢) - بعلبگی، (ل : ٩٣) .

٣ ) لەم ڕووەوە نیشانەی نەناسراوی بە وشە بەست دانەنراوە، بەڵام بەلای منەوە مادام وشە لۆك دەکات وشە بەستە، چونکە ناتوانرێت لە دواییدا، دوای (ێك) دەسکاری بکرێت لە پێکهاتندا .



## نیشـــــانە (زاراوەی زمانەوانـــــی)

زاراوەیەکی زمانەوانییە، بە هێما و نیشانەیەکی جیاکەرەوە دادەنرێت و، هەر نیشانەیەک بۆ تەنها دۆخێک بەکاردێت. وشەیەک و دۆخێکی پێدەدات و جیایی دەکاتەوە لە وانیتر، مۆرفێکی گەردانییە (١) وشەکە دیار دەکات و جیای دەکاتەوە لە وشەیەکی تری دیاری نەکراو، وەک: (نیشانەی ناسراوی، نەناسراوی، کۆ، تاک، نیشانەی کاتی بەردەوامی. . هتد).

## تایبەتێتی نیشانە:

١- مۆرفیمێکی بەندی وشەسازی گەردانییە (Flexional Morphology) واتە لە رووی ئەرکەوە دەبێتە مۆرفیمی بەندی رێزمانی وشە گۆڕە چونکە لە پێکهاتنی رێزمانیدا بەکاردێت.

٢- دۆخی جیاواز دروست دەکات، وەک: (کۆ، ناسراوی و نەناسراوی. . هتد).

٣- زیاتر لە یەکێکیان بە دوای یەکتریدا دێن.

٤- مۆرفیمێکی وشە بەستن هەشیانە وا نییە وەک نیشانەی نەناسراوی و رێژەی مەرجی (ب).

٥-تاڕادەیەک مۆرفیمێکی سەربەخۆیان هەیە ئەگەر چی بێ واتان چونکە شێوەیان بە تەنها دەناسرێتەوە کە چ جۆرێکن.

٦-ژمارەیان بە چاوگیرەکی وشە داڕێژەوە زۆر کەمن.

٧-بەکارهێنانیان پێوانە و دەستورییە (٢).

٨- نیشانە بە پێچەوانەی ئامرازەوە هەر یەکەی بۆ تاکە دۆخێک بەکاردێت.

---

١ ) - بعلبگی، (ل : ٣٠٠) .

٢) - دکتر کلباسی، (ل : ٢٣) .

## وشـــه سەربەخۆکانـــی زمـــانـی کـــوردی (Isolate Word)

ئەگەر چی ئەم جۆرە وشانە سەر بە زمانە سەربەخۆکانن وەک زمانی چینی، تبتی و بۆرمی و ڤیتنامی بەڵام لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر کەم لەم جۆرە وشانە بەدی دەکرێت. کە پێناسەکەیان بەم جۆرەیە:

هەر وشەیەکی لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ پێکدێت و گیرەکی وشە داڕێژ واتە گیرەک ناگرێتە خۆی بۆ پێکهاتنی وشەی تر وەک وشەی زمانە گەردانی و زمانە پەیوەندییەکان (١) واتە (زمانە لکاوەکان). نموونە:

( ئەگەر، چونکە، تا، خۆزگە، بریا، کاشکی، بۆیە، بەڵام، کەچی، ئەگینا. ..هتد).

## تایبەتیتیان:

هەر وشەیەکی مۆرفیمێکی سەربەخۆ واتە مۆرفیمێک پێکدێنن.

گیرەکی وشە داڕێژ ناگرێتە خۆی بۆ دروست کردنی وشەی تر.

لە کوردیدا بە زۆری نموونەیان لە ناو جۆرەکانی ئامراز هەن وەک خۆزگە و گومان، ئامرازی بەستان.

ژمارەیان لە کوردیدا زۆر کەمە.

واتایان لە ناو رستە و ئاخاوتندا روندەبێتەوە و مەبەستی جۆراوجۆر دەبەخشن.

بە زۆری ئەرکی بەستانەوەیان هەیە.

## رەگ: Root (زاراوەیەکی ڕێزمانییە)

پاشماوەی وشەیە دوای لادانی گیرەک پەیدا دەبێت (٢). ئەم پێناسەیە ناتەواوە، چونکە پاشماوەی وشە مەرج نییە رەگ پێکبهێنێت، دەکرێت پێناسەی گونجاوتری بەم شێوەیە بکرێت:

(١) میشیل مالرب، زبانهای مردم جهان، مترجم: عفت ملا نظر، تهران، ١٣٨٦، ل: ٣٠٩

(٢) بعلبگی، ل: ٤٣٢ .



رەگ: رەگ مۆرفیمێکی بەندی وشەسازییە، هەڵگر و پارێزەری واتای چاوگەکەیەتی، بە گشتی واتا نابەخشێت. بەهۆی گیرەکی وشە دارێژەوە وشەی نوێ پێکدەهێنێت. ناکرێ پیتێکی لێ کەم بکرێتەوە، چونکە وەک رەگ نامێنێتەوە و دەشێوێت، نموونە:

- رەگ + پاشگر = وشە

نووس + ەر = نووسەر،

کڕیار، ترسناک، خۆراک

- پێشگر + رەگ = وشە

ب + بڕ = ببڕ، بکوژ، بنووس

- پێشگر + رەگ + پاشگر = بکەر، بخۆر.

جۆرەکانی رەگ لە رووی سەربەخۆیی و ناسەربەخۆییەوە

١- رەگی بەند (ناسەربەخۆ): ئەم جۆرە رەگانە بە تەنها و سەربەخۆ مۆرفیمێکی بەندن و بەکارنایەن، بەڵکو بەهۆی گیرەکی رێزمانی و گیرەکی وشەدارێژەوە بەکاردێت و دەوری وشە و فرمان دەبینێ، وەک:

خۆ (خواردن) ⟵ دەخۆم، دەخۆین، بخۆر، خۆراک

٢- رەگی سەربەخۆ: ئەو رەگانەن دوای لابردنی نیشانەی چاوگەکانیانیش واتا دەبەخشن و پێدەچێت رەگی چاوگ لە مێژووی کۆنی زمانی کوردیدا واتادار بووبێتن. پاشان لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی زمانەکەوە، ئەم حاڵەتەیان لە دەست دابێت. ژمارەیان کەمە و دیاری کراون و پێیان دەوترێت ناوی چاوگی وەکو:

(پرس، ترس، خەو، کۆک. . هتد) لە (پرسین، ترسان، خەوتن، و کۆکین) ەوە.

## تایبەتێتی رەگ:

١ مۆرفیمێکی بەندە،لە ئاستی وشەسازیدایە، چونکە بە زۆری بێ واتایە، ئەگەر چی ژمارەیەکیان واتادارە.

٢- رەگ پارێزەر و هەڵگری واتای وشەیە.

٣- بەهۆی گیرەکی وشە دارێژەوە وشەی نوێی جۆراوجۆر لە ناو، ئاوەڵناو، فرمان پێکدەهێنێ.

٤- ناتوانرێت دەنگێکی لێ کەم بکرێتەوە چونکە ناتوانرێت وشەی لێوە دروست بکرێت.

٥- مۆرفیمی رەگ زیاتر لە گیرەکێکی وشە دارێژ لە سەرەتا و کۆتاییەوە وەردەگرێت.

٦- مۆرفیمی رەگ یەکسەر بەبێ گیرەکی وشە دارێژ مۆرفیمی رێزمانی وەرناگرێت.

٧- لە مێژووی کۆنی زمانی کوردیدا رەگ واتادار بووە، پاشان بەهۆی گۆڕانی مێژوویی زمانەوە واتایان لە دەسداوە.

٨-زۆر بە دەگمەن رەگ بەهۆی گیرەکەوە ئیدیەم دروست دەکات وەک: (پیسکە، دەرشێتەوە).

٩- رەگ لە ناو چاوگدا پارێزراوە، ئەگەر چی نموونەیەکیان واتادارن.

## قـــــــەد (Stem)

قـەد: وشەیەکە لە چاوگەوە بە لادانی (ن) ەکەی وەردەگیرێت. بەهۆی زیادەی وشە دارێژەوە وشەی تری لێوە دروست دەکرێت. قەد لە رووی واتاوە بە تەنها واتاکەی تەواو روون نییە. بۆیە بەهۆی گیرەگەوە واتاکەی ئاشکرا تر دەبێت. نموونە:

کردن – ن = کرد،     چوون – ن = چوو

گرتن – ن = گرت،     بردن – ن = برد



## جۆرەکانی قـەد لە رووی واتا و سەربەخۆییەوە

١- قەدی سەربەخۆ: ئەو قەدانەن کە بێ گەردانکردن، واتایان دیارە و لە چاوگی تێنەپەڕی بکەر نادیارەوە یا لە قەدی چاوگی گوێزانەوە وەردەگیرێن. هۆی ئەمەش ئەوەیە، قەدەکە لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدایە و راناوی لکاو وەرناگرێت، بە زۆری قەدی چاوگی ئەلفین، وەک: (سووتا، خنکا، برژا). هەر قەدێکیش ئەم حاڵەتەی، واتا دەبەخشێت بۆ نموونە قەدی ئەو چاوگانەی کە تێپەڕی یائین، وەکو: (کڕی، سڕی، نووسی).

٢- قەدی بێ واتای نا سەربەخۆ: ئەو قەدانەن لە چاوگە تێپەڕەکانەوە وەردەگیرین و واتا و بەکارهێنانیان، بە تەنیا روون و ئاشکرا و دیار نین. ئەمەش دیسان قەدی چاوگە تێپەڕە یائییەکانی لێ دەربچێت، وەکو قەدی چاوگی بکەر نادیاری، واتایان بەهۆی (ی) کۆتایی قەدەکەوە دیارە لە حاڵەتی کەسی سێیەمی تاکدایە و تێکەڵییەک لە نێوان (ی) نیشانەی قەدی چاوگەکەوە (ی) راناوی لکاوی کەسی سێیەمدا روودەدات، وەک: (برد، خست، گروو).

**تایبەتێتی:**

١- قەد بە تەنها واتاکەی ئاشکرا و روون نییە و دەچێتە ریزی وشە ئەرکییەکانەوە.

٢- لە چاوگەوە وەردەگیرێت.

٣- قەد نیشانەی تایبەتی خۆی هەیە و پێوەی لە کۆتاییەوە دەناسرێتەوە، وەک: (ا، ت، د، وو،ی) واتە قەدی ئەلفی، قەدی تائی، قەدی واوی و قەدی یائی.

٤- بەهۆی گیرەکی وشەسازی وشەدارێژەوە، وشەی لێوە پێکدێت. وەک (ناو، ئاوەڵناو، فرمان).

٥- قەد شێوەی سەربەخۆ هەیە.

٦- بەهۆی گەردانکردنەوە لە وشەسازی و رستەسازیدا بەکاردێت – لە رستەسازیدا بە هۆی مۆرفیمی بەندی رێزمانییەوە فرمانی لێوە پێکدێت.

## پایـــه (Message Morpheme)

پایە: مۆرفیمێکی سەربەخۆیە، واتە وشەیەکی فەرهەنگییە کە واتادارە، تەنانەت لە ناو ئەو وشەیەشدا، کە بەشداری پێکهاتنی دەکات (١).

ئەمە لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا وا هاتووە، بەڵام لە سەرچاوە فارسیەکاندا بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

پایـەی وشە مۆرفیمی سەربەخۆیە، بەڵام هەندێک لە پایەکان بەشێوەی سەربەخۆ بەکارنایەت، لە هەمان رووەوە ئەمانە بە (پایەی بەند) ناو دەبرێن، وەکو (( ئا)) لە وشەی ئایندە ((زا)) لە (( زایا)). پایە جارێک بە قەد یا رەگ ناو دەبرێت. ئەگەر چی ئەم سێ زاراوەیە لەگەڵ یەکتریدا جیاوازییان هەیە. پایە بە بەشێک لە وشە دیاری دەکرێت کە کەرەسەی تری لە رستە (( بەند)) یا (( مۆرفیمی سەربەخۆ)) بۆ پێکهاتنی وشەی نوێ بەوەوە دەخرێتە سەری، کە بەم شێوەیە پایە زیاترە لە مۆرفیمێک.

نموونە: (( کارگەر)) لە (( کارگەری))(٢) واتە کارگەر پایەی (کارگەر) یە.

لە زمانەوانی کوردیدا بە هیچ جۆرێک باس لەم زاراوەیە یا بەشێوەیەکی تریش نەکراوە کە دەبێتە پایە بۆ پێکهاتنی وشەیەکی نوێ بەهۆی زیادەوە و واتاداریش بێت (٣).

**رونکردنەوەیەک:**

باخەوان پایەی (باخەوانی) یە، (باخ) یش پایەی (باخەوان) ە.

پارێزگای: پارێزگار پایە (پارێزگاری) یە، پارێز رەگی (پارێزگار) ە.

**تایبەتێتی:**

١- پایە بە زۆری وشەیەکی فەرهەنگییە، هەشە مۆرفیمێکی بەند و نا سەربەخۆیە.

٢- پایە دەبێتە بناغە بۆ پێکهاتنی وشەی نوێ.

٣-پایە بەهۆی گیرەکەوە هەر جارەی بە زیادکردنی گیرەکەوە لە وشەیەکدا وشەی نوێ پێکدەهێنێ.

٤- پایە نیشانە رێزمانییەکان وەردەگرێت.

---

(١) **محمد علی الخولی**، (ل: ١٦٨ )

٢) **کلباسی**،(ل:٣٢).

٣) **فاتمة مدرسی**،(ل:٦٦ )





## فرمـــان لە رووی پێکهاتنـــــەوە

لە رووی پێکهاتنەوە دەبێتە: سادە، دارێژراو و لێکدراو.

١- فرمان سادە: لە وشەیەکی فرمانی بەهۆی راناوی لکاوەوە پێکدێت بێ ئەوەی کەرەسەیەکی وشە دارێژ بچێتە سەری، وەک: (هاتم، دەمخوارد، دەڕۆم).

**تایبەتێتی:**

١- لە وشەیەکی فرمانی پێکهاتووە.

٢- کەرەسەی وشەدارێژی تری بێجگە لە کەرەسە فرمانییەکەی لەگەڵدا نییە وەک گیرەکی وشەدارێژ.

٣- بەهۆی راناوی لکاوەوە لەگەڵ رەگ و قەد یا نیشانەی کاتەوە پێکدێت.

٢- فرمانی دارێژراو: لە وشەیەکی فرمانی (یەک رەگەزی فرمانی)(١) لەگەڵ گیرەکی وشەدارێژ دا پێشگر یا پاشگر بەهۆی راناوی لکاوەوە پێکدێت،، وەک: (هەڵدەچم، رامخست، بردمەوە/بە واتای سەرکەوتنە)

**تایبەتێتی:**

١- لە وشەیەکی یا رەگەزێکی فرمانی پێکدێت راناوی لکاوی لەگەڵدایە.

٢- گیرەکی وشە دارێژی (پێشگر یا پاشگر) ی دەچێتە سەر کە واتا گۆڕە.

٣- بە گشتی سێ کەرەسەی هەیە: رەگەزی فرمانی، گیرەکی وشە دارێژ و راناوی لکاو.

٤- بە دەگمەن دەبێتە ئیدیەم، وەک: (هەڵپچڕاو، شێواو).

[1] **کلباسی، ل: ٧٢ .**



## فرمانـــــی لێـــــکـــــدراو

فرمانێکە لە یەک رەگەزی فرمانی و وشەیەک پێکدێت نموونەی وا هەیە زیادەشی لەگەڵدا دێت، وەک:

( راومکرد، لولیدا، سوێند دەخۆم، شولی لێهەڵکێشا. . هتد).

**تایبەتێتی:**

١- لە وشەیەک و رەگەزێکی فرمانی بەهۆی راناوی لکاوەوە پێکدێت.

٢- جاری وا هەیە گیرەکی وشەدارێژ وەردەگرێت.

٣- رەگەزە فرمانییەکە رەگ یا قەدە.

٤- نموونەی ئیدیەمی هەیە، وەک: (شولی لێهەڵکێشا، بە شویدا).

## جۆرەکانی فرمانی لێکدراو
## لە رووی رەگەزی نافـــــرمانیەوە(١)

فرمانی لێکدراو لە رووی بوونی رەگەزی نافرمانییەوە ئەم جۆرانەی هەیە:

١- ناو (رەگەزی نافرمانی) + فرمان = گومانکرد، سەیری کرد، بانگ دەکەم.

٢- ئاوەڵناو (رەگەزی نافرمانی) + فرمان = جوانیکرد، پاکی دەکەم، گێژ بوو.

٣- ئامرازی پەیوەندی + ناو + فرمان: لەدەستدا، لەبارچوو، لەداری دا، لەدەسچوو.

٤- ئامرازی پەیوەندی + راناو + + فرمان: بەخۆداچوونەوە، بەهۆشهاتەوە.

٥- ئامرازی پەیوەندی + ئاوەڵفرمان + فرمان: لە بەین چوو، بەسەرچوو، بەتاسەوەچوولە ناویدا.

٦- ئامرازی پەیوەندی + ناو + راناو + فرمان: لە هۆشخۆچوو.

٧- ئامرازی پەیوەندی + ژمارە + ئاوەڵناو + فرمان: لە یەکجیابوونەوە.

٨- ئامرازی پەیوەندی + ژمارە + پێشگری فرمانی + فرمان: بەیەکداچوونەوە.

٩- ناو + ئامرازی پەیوەندی + ناو + فرمان: پەڕوباڵکرد.

١٠- ناو + فرمان + پاشگری دووپات: یادکردەوە (یادکردنەوە).

[1] **کلباسی، ل: ٧٣ .**

## جــــۆری فرمانـــــی لێکـــــدراو له رووی رەگەزی فـرمانیـــــەوە

١- فرمانی کردن لەگەڵ زۆر وشەدا کە ئیش و کارێک دەگرێتەوە، ئەو فرمانانەشی کە بەرانبەر و هاوکێشەی ئەون، وەک:

کارکردن، جوانکردن، دارکردن

نزیکبوو، رەنگبو، رەنگبێت

٢- ئەو وشانەی کە سەر بە رەگەزی فرمانین و لەگەڵ فرمانی چاوگی بوون دەگونجێن، وەک: (نزیکبوو، جوانبوو، رەنگبێت).

٣- ئەو فرمانەی کە لە پێکهاتنی فرمانی لێکدراو سوودی لێوەردەگیرێت کە چاوگەکانیان ئەمانەن:

( نانخواردن، پارەدان، جل پۆشین، جل شۆرین.

٤- باوترین فرمان کە بە ناونیشانی رەگەزی فرمانی لەگەڵ فرمانی لێکدراودا دەردەکەون سەرەکیترینیان (کردن، بوون، لێدان) وەکو لە چاوگەکانیان دەردەکەون: (نانکردن، بارکردن، جل کردن، پیربوون، منداڵبوون، لە دایکبوون، سەوزبوون، بیرلێدان، سەرلێدان، گۆرلێدان).

٥- ئەو فرمانەن کە بەهۆی ئامرازی پەیوەندییەوە پێکدێت و ئامرازەکە دەیکاتە گرێی فرمانی، وەک: (لەدەستچوو، بەفێڕۆ ڕۆیشت، بەناوکرد، بۆچوو (ن)، بەناوهێنا.

لە راستیدا ئەم جۆرانە کە بەهۆی ئامرازی پەیوەندییەوە پێکدێن، گرێی فرمان دروست دەکەن، نەک ئەو فرمانانەی تەنها بەهۆی راناوەوە لەگەڵ رەگ و قەددا دروست دەبن.



# بەشی سێیەم

## جــــۆری وشـــــە و زاراوە لـــەڕووی پێکهاتنـــەوە

## جـــــۆری وشـــــە و
## زاراوە لـــــەڕووی پێکهاتـــنـــەوە (١)

وشە لەڕووی ئەو مۆڕفیمانەی کە دەبنە هۆی پێکهاتنی لەسێ جۆر سادە، داڕێژراو و لێکدراو پێکهاتووە.

وشەی سادە: لەیەک وشە واتە لە مۆڕفیمێکی سەربەخۆی واتادار پێکدێت. بێ ئەوەی زیادەی وشە داڕێژراو وەربگرێت و دەبێتە پایەی پێکهاتەی وشەی تر. وەک: ئاسن، گولاْ، هێز.

**تایبەتێتی وشەی سادە:**

لەیەک مۆڕفیمی واتادار واتە لە وشەیەکی واتادار پێکهاتووە.

زیادەی وشە داڕێژی لەگەڵدا نییە.

دەبێتە پایە بۆ پێکهاتنی وشەی تر وەک داڕێژراو.

مۆڕفیمی وشە گۆڕ واتە مۆڕفیمی ڕێزمانی ئەرکی وەردەگرێت وەک: نیشانەکانی تاک، ناسراوی، کۆ، پلەی بەراورد. ..هتد. وەک گوڵە، ئاسنێک.

٢- وشەی داڕێژراو: لە وشەیەکی سادە و مۆڕفیمێکی وشە داڕێژ یا زیاتر پێکدێت وەک:

گوڵدان، ئاسنین، ئاسنگەر، بێهێز، نالەبار، نەگونجاو.

**تایبەتێتی:**

١- لە وشەیەک و گیرەکێکی وشە داڕێژ یا زیاتر پێکدێت.

٢- ئەمیش بەدەوری خۆی دەبێتە پایە بۆ پێکهاتنی وشەی تر وەک: نالەبار پایەی (نالەباری) یە، پارێزگاری پایەکەی پارێزگارە.

٣- هەروەکو وشەی سادە مۆڕفیمی وشە گۆڕی ڕێزمانی وەردەگرێت بۆ پێکهاتنی دۆخی جۆراوجۆر.

٤- زۆر بەکەمی و دەگمەن دەبێتە ئیدیەم وەک: پیسکە.

---

(١) د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لەزمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٧، ل ٤٧ لەم ڕووەوە وشەی دابەشکردووە بەسەر ئەو وشانە بەسەر مۆڕفیمدا دابەش دەبن وەك سادە و نادسادە، ناسادەش داڕێژراو و لێکدراون، جۆری دووەمیش ئەو وشانەی بەسەر مۆڕفیمدا دابەش نابن .

٣- وشەی لێکراو: بەپێی ئەو نموونانەی لە زمانی کوردیدا هەن، بریتییە لە دوو یا چەن شێوەیەکی (مۆرف) سەربەخۆ بەهۆی ئامرازەوە یان بێ ئامراز پێکدێن وەک:

(دڵشاد، گوڵەگەنم، داربەدەم، لەنجەولار، کەش وفش، هەرچی و پەرچی،لات و لوت...هتد).

**تایبەتێتی وشەی لێکدراو:**

١- لەدوو وشە پێکدێت.

٢- بەهۆی ئامراز یا بێ ئامراز هەردوو بەشەکەی لێکدەدرێن.

٣- پێکهاتەی ئەم جۆرە لە ناو، ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمان و. .. پێکدێت.

٤- نیشانە ڕێزمانییەکان واتە وشەبەست (clitic) وەردەگرن.

## جۆرەکانی وشەی لێکدراو لەڕووی پێکهاتنەوە(١)

بەپێی ئەو نموونانەی لە وشەی لێکدراوی زمانی کوردیدا هەن، وشەی لێکدراوی جۆراوجۆر لەیەکتر جیاواز هەیە. ئەم جیاوازییەش لە پێکهاتە جیاوازەکانی وشە لێکدراوەکە هاتووە و ئەم جۆرانەی دیاری دەکەین:

**١- وشەی لێکدراوی ئاسایی:**

لە دوو وشە واتە لە دوو بەش یا زیاتر پێکدێت کە هەردووکیان واتادارن. بەهۆی ئامرازی بەستنەوە یا بێ ئامراز پێکدێت. وەک:

(ئێسک سوک، ناودەشت، بەردەست، سەرتاپا، سەران سەر، کەین و بەین. ..هتد).

**٢- وشەی لێکدراوی دەرخەری :(Determinative compound)**

لە دوو وشە پێکدێت لە ناو، ئاوەڵناو، ڕەگ، ئاوەڵفرمان، ڕاناو یەکێکیان دەوری سەرە دەبینێت و ئەویتریان دەرخەری وەک:

( باڵابەرز، تەڕەپیاز، گەلامێو سەرەڕۆ، دڵەکوتێ، سەرکارێز...هتد).

**٣- وشەی لێکدراوی ڕەگی (ڕیشەیی):**

(١) د. رفیق شوانی، جۆرەکانی وشەی لێکدراو لەڕووی پێکهاتنەوە، گۆڤاری ((الاستاذ)) مجلە کلیە التربیە/ ابن رشد جامعە بغداد، العدد، ٨١، ٢٠٠٩، ل ٤٩٥ – ٥٣٠.



لە وشەیەکی وەکو ناو، ڕاناو، ئاوەڵفرمان و ڕەگ و یا قەدی چاوگ پێکدێت ڕەگ و قەد دەچنە خانەی مۆرفیمی بەندەوە، بەڵام لەناو وشەی لێکدراودا دەوری سەرە دەبینێ و کۆنترۆڵی وشە سەربەخۆ کە دەکەن و دەیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و دەیکەن بە بەشێک لەخۆیان و دەبنە دیارخەر وەک:

(خۆکوژ، کاسەلیس، سەربەست، خۆکرد، جوانڕۆ، گورگان خوارد...هتد).

**٤- وشەی لێکدراوی داڕێژراو:**

پێکهاتەیەکی ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە بریتییە لە وشەیەکی داڕێژراو واتە لەناو وشە لێکدراوەکەدا گیرەکی وشە داڕێژ هەیە لە پێشگر یا ناوگر یا پاشگر. وەک:

(ڕەنجەڕۆ، بارگرانی، یەکتاپەرستی، سەرکەوتوو، بناوەسوتە، سواڵکەر، سەرپەرشتیاری، بابردەلە).

**٥- وشەی لێکدراوی هاووتایی:**

لە دوو وشەی هاو واتا بەهۆی ئامرازی بەستنەوە پێکدێت. واتە هەردوو وشە پێکهێنەرەکەی وشە لێکدراوەکە لەڕووی واتاوە وەکو یەکن و لەشێوەدا جیاوازن دووەمیان واتای یەکەم فراوان و ڕوون دەکاتەوە. وەک:

( بەژن و باڵا، پارەوپول، دەردوبەڵا، دۆست و برادەر، سوکو ڕیسوا. ..هتد).

**٦- وشەی لێکدراوی دژ واتا:**

لە دوو وشەی دژ واتای یەکتر بەهۆی ئامرازی بەستنەوە یا بێ ئامراز پێکدێت و دووەمیان یەکەمیان ڕوون دەکاتەوە. وەک:

(چاک و خراپ، دۆست و دوژمن، سەرو خوار، بەرز و نزم، گەرماو سەرما، حازر و بزر، بگرە و بەردە).

**٧- وشەی لێکدراوی ئاڵۆز:**

لە دوو مۆرفیمی شێوە سەربەخۆی واتادار و بێ واتا یان بێ واتاو واتادار بەهۆی ئامرازەوە پێکدێن. گۆڕانی دەنگسازیش تیایدا ڕوودەدات. وەک:

(لات و لوت، ناز و نوز، مرچ و مۆن، کەش و فش، جڕ و جانەوەر، شێت و وێت، توندو تۆڵ). بەزۆری ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمان پێکدەهێنن.

**٨- وشەی لێکدراوی پایەیی – قەدی (Stem compound)**

قەدێکە یا وشەیەکە لەدوو مۆرفیمی واتادار پێکدێت. هەریەک لە وشەکانی دەبێتە پایە بەهۆی گیرەکی وشە دارێژەوە وشەی تر پێکدەهێنن. وشەی وایان وەک:

(ڕوت) لە وشەی (ڕوت و قوت) کە ڕەگی چاوگی (ڕوتانەوەیەو لە چاوگە ناوێزەکانە. وەک: مانگەشەو، تاریکەشەو، شارباژێر، بان نەرمە، سەپان).

**٩- وشەی لێکدراو بە دووبارەکردنەوەی گۆڕینی دەنگێک (Reduplication):**

دوو وشەن، لە ڕێژەو واتادا لەیەکدەچن و لەیەکارێشتنەوە دارێژراون. جۆرێکە لە وشەی لێکدراوی ئاڵۆز. لە وشەیەکی سەربەخۆیەو لەئەنجامی دووبارەکردنەوەی بەگۆڕینی دەنگی یەکەمی وشەکە بۆ (م) پێکدێت. چیت و میت، گوڵا و مول، شەڕ و مەڕ، پارە و مارە.

**١٠- وشەی لێکدراوی چاوگی:**

لە مۆرفیمی سەربەخۆ و چاوگێک یا زیاتر بەهۆی زیادەی گیرەکەوە یا بێ زیادە دروست دەبێت. وەک: (چاولێکردن، کۆتایهێنان، ئاگربەردان، خۆگێلکردن، ڕێگەگرتن، خۆهەڵکێشان، لەدەست چوون).

**١١- وشەی لێکدراوی دووبارە** (وشەی لێکدراو بە دووبارەکردنەوە):

وشەیەکە لەدوو مۆرفیم، بەزۆری مۆرفیمێکیان شێوەی مۆرف و مۆرفیمی سەربەخۆیان وەکو وشە هەیە.

وەک: (دەم دەم، چاو چاو، چوار چوار)، یا بەهۆی ئامرازەوە وەک: (سێ بەسێ، دوو بەدوو).

**١٢- وشەی لێکدراوی دەرخەری پێش ناوی** (لێکدراوی وابەستەیی – Pronoun modifier):

لەگەڵ یەکێ لە وشە پێشرەوییەکانی پێشناوی (پێش وابەستەیی) پێکدێت. وشە پێشناوییەکە لەبەشی گرێ ناوییەکەدا لەسەرەتایەوە جێگیر دەبێت پێی دەوترێت دەرخەری پێش ناوی. وەکو:

(هەر کام، هەرچەند، هەرهەموو، چ ڕادە، چۆن دارێک، چەندلا، چەندجار، هەرکەس، ئەملا، ئەولا، هەموو خەڵک).

**١٣- وشەی لێکدراوی ڕێژە ئاواز (Modulation) گۆڕانی چینی دەنگ:**



ئەو وشانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بە چۆنیەتی گۆڕانی دەنگ لە دەربڕیندا بەشێوەیەک هەڵچوونی قسەکەر لەگەڵا وتندا دەردەبڕێت. وەک وشەکانی سەربەندی مەقام و لاوک و حەیران بەرزو نزمی تێدایە.وەک:

(ئای ئای، دەی دەی، وەی وەی، دەلالۆ، دەڵێ لێ، ئەمان، وای وای).

**١٤- وشەی لێکدراوی بەندی** (ئیزافەکردن):

بەو وشانە دەوترێت لە وشەی لێکدراودا لەسەرەتایانەوە ئامرازی خستنەسەر دێت و ئەم ئامرازە لە پێکهاتنی وشەکەدا دەوری سەرەکی دەبینێ و بەلادانی وشە لێکدراوەکە هەڵدەوەشێتەوە. وشەکە سیفەتی تێدایە. وەک:

(لەئێمە باشتر، لەخۆڕازی، لەخوا بێ ئاگا، بەبێ ڕێ و شوێن، بەبێ جێگا).

**١٥- وشەی لێکدراو بەهۆی لادانی فرمانەوە:**

ئەم جۆرە وشە لێکدراوانە پاش کورتکردنەوەی هەندێک کەرەستەی ڕستەکە وەک فرمان یا هەر کەرەستەیەکە تر دەستوری تر لادەبرێت و دەبێتە وشەی لێکدراو. ڕستەکە بەهۆی لادان و کرتاندنەوە دەبێتە وشە وەک:

(خوا ئاگادار، خواحافیز، خوا قوەت).

**١٦-وشەی لێکدراوی بەستراو:** بەهۆی دەستکاری کردنی ڕستەوە:

بەهۆی لادانی بکەر یا بەرکاری ڕستەکەو پێش خستنی فرمانەکەی بەهۆی لێکانییەوە لەگەڵا بکەری ڕستەکە یا بەرکارەکەی بەهۆی زیادکردنی کەرەسەی وشە دارێژەوە پێکدێت. وەک:

(گورگان خواردوو، بنچک بابردوو، سەرتاشراو، نانبراو، کەلەتەزین).

## جۆرەکانی زمـــان بەپێی پێکهاتنـــی وشـــە(١)

زمانەکانی جیهان لەچەند ڕوویەکی لەیەکتر جیاوازەوە پۆلکراوە. ئەم پۆلکردنە هەر یەکەی لەسەر بنەمایەک ئەنجامدراوە و هەر یەکەی چەندین زمان لەڕووی لەیەکچوونی پێکهاتنی وشەکانییەوە دەگرێتەوە. جونکردن (پۆلکردن) هەیە بەپێی بوونی پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی زمانەوانییەوە، وشە لەڕووی شوێنی نیشتەجێ بوونی ومانەکانەوەیە، هی واش هەیە لەڕووی چۆنیەتی کارکردنی کەرەسەکانی زمانەکەو بەدوا یەکدا هاتنی بەشە بنجییەکانی زمانەکانە. ئەم جۆرە بەپێی پێکهاتنی وشەکانی زمانەکە بەندە بە ئاستی وشەسازییەوە.

بەم پێیە ئەم جۆرە زمانانە هەن کە زمانی میللەتە جیاوازەکانی دنیا دەگرنەوە. وەک:

(زمان لکاو، زمانی سەربەخۆ، زمانی گەردانی (ئەرکی)، زمانی ناوگر).

١- **زمانە لکاوەکان** (Agglutinative Language):

وشەکانی ئەم جۆرە زمانانە بەزۆری لەچەند مۆرفێک پێکهاتوون هەر مۆرفێکی مۆرفیمێک پێکدێنێ(٢). واتە مۆرفیمی وشەکانی بەڕێگای پێوەلکان و لێکدانەوە دەچنە پاڵ یەکتر و بەهەموویانەوە وشەیەک پێکدەهێنن کەبەزۆری هەر وشەیەکی لە مۆرفیمێک زیاتر دروستبووە. وەک زمانی تورکی و زمانە ئۆرالیەکان و زمانی باسک و کوردیش لەم جۆرەیە.

مەرج نییە وشەکانی زمانی کوردی هەمووی لەم جۆرەبێ چەنکە نموونەی وشەی جۆرەکانی تری زمانی تێدایە، بەڵام بەزۆری وشەکانی فەرهەنگی زمانی کوردی لکاون واتە لەچەند پارچەیەکی یەکەی زمانی پێکەوە لکاو پێکهاتوون.

**تایبەتێتی:**

١- بەزۆری وشەکانی ئەم جۆرە زمانە لە مۆرفیمێک زیاتر پێکهاتوون، کە هەر شێوەیەکی یەکەو مۆرفیمێکی زمان دەگرنەوە.

(١) لە کتێبی خۆم ئەم بابەتەم باسکردووە، بڕوانە : د. رفیق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهانـدا، دەزگـای موکریـان هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٩١ – ٩٦.بەکەمێك دەسکارییەوە باسکراوە.

(٢) محمد علی الخولی : ٩.



٢- مۆرفیمەکانی سەربەخۆیی خۆیان لەناو وشەدا پاراستووە، واتە مۆرفیمەکانی دەناسرێنەوە و دەتوانرێت سنورێک لەنێوانیان دابنرێت(١). بۆنموونە نالەبار وشەیەکی داڕێژراوە لە سێ مۆرفیمی وشە داڕێژ پێکهاتوون کە ئەمانەن.

وەک: نا: پێشگری یەکەم، لە: پێشگری دووەم، بار: پایەی وشە داڕێژراوەکە کە وشەیەکی سادەیە.

خوێندەواری: قەد + پاشگری/١ + پاشگری/٢ + پاشگری/٣ = خوێند + ە + وار + ی

٣- مەرج نیە هەموو وشەکانی ئەم جۆرە زمانە لکاوبن، چونکە نموونەی جۆری وشەی تری زمانەکانی تێدایە بۆ نموونە وشەکانی زمانی کوردی هەمووی لکاون (؟) و جۆری وشەی زمانە سەربەخۆکانی وەک: ئەگەر، هەتا، بەڵام، چونکە، خۆزگە، کاشکی، بەیا، ...هتد

٤- پەیوەندی ڕێزمانی زمانە لکاوەکان بەهۆی گیرەکی ڕێزمانییەوە دروست دەبێت.

٥- وشەکانی ئەم جۆرە زمانە بەزۆری گیرەکی وشە داڕێژ دەگرنە خۆیان و وشەی نوێ پێکدەهێنن.

وەک: تێکهەڵکێشان، گیرەکەکان: تێک، هەڵ

میوانداری: میوان، گیرەکەکانی دار، ی

٦- بەزۆری وشەکانی زیاتر لە گیرەکێک چ لەسەرەتاو چ لە کۆتاییەوە هەڵدەگرن و دەگرنە خۆیان.

لەسەرەتاوە: نالەبار دوو گیرەک: نا، لە

لە کۆتاییەوە: پارێزگاری دوو گیرەک: گار، ی

لە ناوەڕاستیشەوە بەزۆری گیرەکێکی ناوگر interfix دوو مۆرفیمی سەربەخۆ یا دوو وشەوەک لە زمانی کوردیدا دەبەستن بەیەکترەوە. وەک:

(١) کلباسی : ٢٧.

سەرانسەر: ان ناوەندگیر
دەسبەسەر: بە ناوەندگیر
کوڵە جۆ: ە ناوەندگیر ← ئامرازی بەستن
سەرتاپا : تا ناوەندگیر
پرش و بڵاو: و ناوەندگیر

٧- گۆڕانی دەنگسازی لەناو مۆرفیمەکانی وشەکانیدا بەزۆری نابێتە هۆی توانەوەی ئەو گیرەک و مۆرفیمانە لەناو یەکدا بەشێوەیەک کە نەناسرێنەوە لە شیکردنەوەیاندا.

٢- **زمانە سەربەخۆکان** Isolating Language:

هەر وشەیەکی ئەم جۆرە زمانە لە مۆرفیمێک پێکهاتووە(١)، ڕەگ و قەد لەم زمانەدا گەردان ناکرێن واتە گیرەک ناگرنە خۆیان. پەیوەندی ڕێزمانی بەهۆی ڕیزکردنی ئەو وشانەوەیە (مۆرفیم) کە گەردان ناکرێن(٢) نموونەی ئەم زمانانە وەک زمانەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە. لەزمانی چینی، تبتی، بۆرمی، تایلاندی، ڤێتنامی، ژاپۆنی.

**تایبەتێتی:**

١- وشەکانی سەربەخۆن واتە لە مۆرفیمێک پێکهاتوون.

٢- ڕەگ لەم جۆرە زمانە، گیرەک وەرناگرێت وەک لە کوردیدا: بەڵام، ئەگەر، چونکە، بۆیە. ..هتد.

٣- پەیوەندی ڕێزمانی وەستاوەتە سەر وشەکانی و ڕێزکردنیان واتە لە ئەنجامی ڕێزکردنی وشەکانەوە لە ڕستەدا پەیوەندی نێوانیان دروست دەبێت.

٤- سەربەخۆیی وشەو مۆرفیمەکانی ئەم جۆرە زمانە ڕادەی هەیە، زمان هەیە تەواو سەربەخۆیە، هەیە تاڕادەیەک سەربەخۆیە، هەشە وشەکانی سەربەخۆ نین. بۆنموونە ئەگەرچی زمانی کوردی لە زمانە لکاوەکانە، بەڵام نموونەی وشەی جۆرەکانی تری تێدایە، وەک وشەی سەربەخۆ بەژمارەیەکی کەم، نموونە: هەتا، ئەگەر، چونکە، بۆیە، بەڵام، کاشکی، بریا...هتد.

(١) د. محمد علی الخوال : ١٤٠،
(٢) بعلبکی : ٢٦٣.



٥- وشەکانی ئەم جۆرە زمانە بریتین لە مۆرفیمی بەند و بێ واتا، بەڵام لەئەنجامی ڕیزکردنیان واتایان بۆدێت.

٣- **زمانە ئەرکییەکان واتە گەردانییەکان** (Inflected Language):

وشەکانی ئەم جۆرە زمانە بەشێوەیەکی نەچەسپاو هەرلەخۆوە دابەش دەبن بۆ مۆرفیمەکان(١). پەیوەندی ڕێزمانی نێوان وشەکانی لەڕستەدا بەهۆی حاڵەتی ڕێزمانییەوە کە وەکو نیشانە لە کۆتایی وشەکانەوە دەرەکەون، کە هێمایەکن بۆ دیاری کردنی پەیوەندی وەکو زمانی عەرەبی و لاتینی.

**تایبەتێتی:**

١- وشەکانی بەشێوەیەکی نەچەسپاو و نایاسایی و هەر لەخۆوە دابەش دەبن بۆ مۆرفیمەکان.

٢- پەیوەندی ڕێزمانی لەڕستەدا بەهۆی حاڵەتی ڕێزمانییەوە کە لەکۆتایی وشەکانییەوە بەشێوەی نیشانە دەردەکەون.

٣- سنوری نێوان مۆرفیمەکانی دیار و ڕۆشن نییە و نێوان مۆرفیم و تێکەکانیان بەتەواوی یەکانگیر نابن(٢) و بوونیان نییە.

٤- زمانی ناوەخنکراو (Dolysynthetic Language) تێکەڵاوەکان:

واتە زمانە لێکراوەکان، زمانێکە بایەخ ئەدات بە تێکەڵاکردن لە پێکهاتنی وشەکانی، پەیوەندی ڕێزمانی بەهۆی مۆرفیمە بەندەکانەوە دیاردەکەوێت و مۆرفیمەکانی تێکەڵا دەبن تیایدا تا وشەیەک پێکبێت واتای ڕستە بگەیەنێت(٣). وەکو زمانی ئەسکیمۆ، زمانە ئوسترالی و زمانە هیندیە –ئەوروپییەکان. زمانەکان جیاوازن لەم سیفەتەدا کە تێکەڵکردنی وشەکانە(٤).

**تایبەتێتی:**

١- وشەکانی لەچەند مۆرفیمێک پێکهاتووە.

(١) د. محمد علی الخولی : ١٣١.
(٢) کلباسی : ٢٦
(٣) د. محمد علی الخولی : ١٢٨.
(٤) بعلبکی : ٢٨٦.

٢- وشەکانی بەزۆری فرمانن واتە لەشێوەی ڕستەدان.

٣- مۆرفیمەکانی دوای کورتکردنەوەیان تێکەڵاَ بە یەکتر دەبن. نموونە وەک ئەوەی لەزمانی کوردیدا هەیە:

بمیخواردایە

ب: نیشانەی مەرجییە.

م: ڕاناوی لکاوە / بەرکارە

ی: ڕاناوی لکاوە / بکەرە

ایە: پاشکۆی نیشانەی مەرجی (ب) ە، بۆ ڕابردوو(١).

٥- **زمانی ناوگری** (Infixing Language):

زمانێکە گیرەکی ناوگر تیایدا ڕەگی وشەکانی دەسمێت و وشەی نوێی لێوە دروست دەکات. گیرەک لەم جۆرە زمانەدا پەیوەندی ڕێزمانی نێوان کەرەسەو یەکەکانی دیاری دەکات. نموونە وەک: زمانی عەرەبی، عبری، لاتینی و گریکی...هتد. نموونە لە وشەکەدا کە گیرەک ڕەگی وشە دەسمێت. وەک:

علم، علمنا ناوگر ، سمع: سامع، شهد: شاهد

ژاهب. (ژهب): وشەکە فرمانە، گیرەکی ناوگرە ڕەگە وشەی (ژهب) ی سمیوە کە بۆتە ناوی بکەر(٢).

**تایبەتێتی:**

١- وشەکانی ئەم جۆرە زمانە بەزۆری بەهۆی ناوگرەوە پێکدێت.

٢- گیرەک دەبێتە هۆی پەیوەندی ڕێزمانی.

٣- گیرەک ڕەگی وشە دەسمێت و شێوە و واتای وشەکە دەگۆڕێت واتە بەشە ئاخاوتن یا جۆری وشەکە گۆڕانی بەسەردا دێت.

---

**(١) د. رفیق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، ل ٩٥ .**

**(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٩٦.**

**رفيق شوانى،زمانى كوردى و.....،٩٥.**

**بعلبگى،(ل:٣٨٦).**

**الخولى،(ل:١٢٨).**



## **زاراوە** (**مصطلـــح** - Term)

وشەیەکن لەئەنجامی ڕێکەوتنی شارەزایانی زمانەوە بۆ ناولێنانی داهات و داهێنانی تازە لەناو کۆمەڵەوە دادەنرێت و لەئەنجامی پەیوەندی و بەکارهێنانی پێویستی ژیانی ڕۆژانەوە بەکاردەهێنرێن و دێنە کایەوە. نموونە: زانستگا، بەرهەڵستکار، سەرزەنشتکردن یا سەرکۆنەکردن، دابین کردن، ڕاییکردن، چەشن – جۆر (کوالێتی).

**تایبەتێتی زاراوە:**

١- هەموو زاراوەیەک وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەک زاراوە نییە.

٢- لەئەنجامی پێویستی ژیانی ڕۆژانەو سەردەمەوە بۆ پەیوەندی کردن دێتە کایەوە.

٣- بۆ ناولێنانی داهێنراوەکان دادەنرێت.

٤- ڕێکەوتنی لەسەرە.

٥- گونجانی واتایی تێدابێت بۆ بابەتەکەی کە بۆی دادەنرێت. مەرجیش نییە بەتەواوی بیگرێتەوە. لەزمانی عەرەبیدا واتاکەی هەر بەو واتایە هاتووە واتە (مصطلح).

٦- پێویستە وشەکە مۆسیقی بێت و گونجاوبێت لەگەڵاَ دەربڕینی زمانەکەدا بۆ نموونە وەک زمانی کوردی.

٧- نیشانە زمانییەکان وەردەگرێت وەکو ناسراو، نەناسراو، کۆ.

٨- تاڕادەیەک واتاکەی لە وشە بنەڕەتییەکەی دوور دەکەوێتەوە.

٩- زاراوە بەڕێگای جیاوازەوە دێتە ناو زمانەوە. وەک داڕشتن، لێکدان، وەرگرتن، وەرگێران، داتاشین، ئاوەڵواتا (مجار)، پێوان، دووبارەکردنەوە، تێکهەڵکێش، ڕێگای کورت کردنەوەی ڕستە، ڕێگای سەرە.

١٠- لەڕووی پێکهاتنەوە زاراوە سادە، داڕێژراو و لێکدراوی هەیە.

### **مەرجی دانانی زاراوە:**

١- زمان باش بزانیت بەتایبەتی و پێویستە شارەزای دوو زمان بێت. زمانێک کە زاراوەکەی هەیەو دووەمیان کە زاراوەکەی بۆ دادەنرێت.

٢- شارەزای بابەتە زانستییەکە بێت کە زاراوەی بۆ دادەنرێت.

٣- شارەزای ڕێزمانی زمانەکە بێت.

٤- بابەتەکە بگرێتەوەو گونجاو بێت. واتە وەکو وشەیەک بشێت بۆ ناولێنراوەکە.

٥- نابێت لە زمانەکەدا وشەو زاراوەی ڕەسەنی تێدابێت و فەرامۆش بکرێت و لە زمانی ترەوە لەبەرانبەریدا زاراوەی بێگانە وەربگیرێت و هی زمانەکەش بمرێنێت بۆنموونە لەزمانی کوردیدا چەندین زاراوەی ڕەسەن و خۆماڵی کراوە بەقوربان زاراوەی بێگانە وەک: فەراهەم لەجیاتی دابین کردن، ڕاییکردن. ئۆپۆزسیۆن: لەجیاتی بەرهەڵستکار. پرۆتیستۆ: لەجیاتی سەرزەنشتکردن یا سەرکۆنەکردن. زانکۆ: لەبری زانستگا.

## لە چ کاتێکدا زاراوە وەرگرتن پێویستە؟

زاراوە لەئەنجامی پێویستی وبەکارهێنانی ناولێنراوەکان لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵدا دێتە کایەوە بۆ ناو زمانەوە، ناوی زانستی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، وەکو کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری و تەندروستی...هتد بەکاردێن. نابێت وشە بکرێت بە زاراوە لەکاتی بوونی وشەی تردا، یا وشەیەک و زیاتر لە زمانێکدا وەکو زاراوەی ڕەسەن و ئامادە لەزمانەکەدا هەبێت و لەبەرانبەر وشەی بێگانە و یا نەگونجاو فەرامۆشبکرێت و بەکارنەهێنرێن.

ئەمە دەبێتە هۆی زمان شێواندن و نامۆبوونی زمان و پڕبوونی وشەو زاراوەو دەربڕینی ناقوڵا و ناڕەسەن لەزمانی نەتەوەییدا. هەروەکو لەخوارەوە لەم بابەتەدا ڕێگا جیاجیاکانی دانان و پێکهاتنی زاراوەمان دیاری

کردووە. کە دەبێت زاراوە دانان بەو ڕێگایانە بێت. لەکاتێکدا ئەگەر لە فەرهەنگی زمانی نەتەوەییدا وشەیەک نەبوو یا نەگونجێت بکرێت بە زاراوە لە زمانەکەداو هەموو ڕێگاکانی بەستراوبوون بۆئەمە، ئەمجا پەنا دەبرێتە بەر وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوەی بێگانە ئەویش پاش گونجاندنی بۆ دەنگسازی (فۆنۆلۆجی) زمانی کوردی و دەبێت پڕ بەپێستی دەربڕینی زمانی نەتەوەیی کوردیمان بێت.

نەک وەکو لەم سەردەمەی ئێستادا بەکوێرانە وشەی بێگانە دەکرێت وەردەگیرێت بەزاراوە یا بەهەڵە وشە لەزمانی کوردییەوە دادەتاشرێن و گونجاو نین بۆ بەکارهێنان لەبەرانبەر ناولێنراوە



پێویستییەکاندا. ئەمە مەترسییەکی گەورەو ترسناکە بۆ داهاتووی زمانی کوردی کە تابلۆی بازار و شوێن و دامەزراوە جیاجیاکانی کوردستان پڕکراوە لەوشەو زاراوەی بێگانە کە لەبەرکردن و وەرگرتنیان بۆ ڕۆشنبیر و خوێندەواریش زەحمەتە، ئەمجا چ جای بۆ نەخوێندەوارانی میللەتەکەمان.

دەکرێت لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکەم، کە لە ڕابردووی مێژووی پڕ کارەسات و مەرگەساتی نەتەوەکەماندا خۆشبەختانە ڕەسەنایەتی زمانی کوردیمان پاراستبوو. کەچی ئێستا لەسایەی ئازادی و دەسەڵاتی کوردیدا بەتایبەتی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ لەئێنجامی ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسەوە زمانەکەمان بەناوی هێندۆ ئەوروپاییەوە پڕبووە لە وشەو زاراوەی ناقوڵا و سەقەتی وها کە تابلۆی بازاڕەکان لەزمانێکی نامۆو بێگانە دەچن، زمانی کوردی ناچێتەوە سەری و پێی ڕانایەن. بۆیە دەبێت زاراوەی ڕەسەن و گونجاو دابنرێت و بەکاربێن.

## ڕێگـــــای پێکهاتنی زاراوە

هەر زمانەو بەپێی تایبەتێتی خۆی ڕێگای جۆراوجۆری هەیە. بەهۆیەوە وشە و زاراوە لێوە پێکدەهێنێت لەکوردیشدا زۆربەی ئەو ڕێگایانە هەیە؛ بەڵام یاسای چۆنیەتی پێکهاتنی وشەو زاراوەکان جیاوازە لەزمانی تر. ڕێگاکان ئەمانەن:

**ڕێگای داڕێشتن،** ڕێگای لێکدان، ڕێگای داتاشین، ڕێگای وەرگرتن، ڕێگای وەرگێڕان، ڕێگای پێوان(١) و چەند ڕێگای تریش هەن وەکو: دووبارەکردنەوە، چوونەناویەک (تێکهەڵکێش)، ڕێگای سەرە، ڕێگای تریش.

لەخوارەوە ڕێگاکان بەنموونەوە دەخەینەڕوو:

١- ڕێگای داڕشتن: ڕێگایەکە لە وشەیەکی سادەوە وەک ڕاناو، ئاوەڵناو، ڕەگ، قەدی فرمان(٢) بەهۆی پێشگر یا پاشگرەوە وشەی داڕێژراوی جیاواز ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، فرمان پێکدێت.

پێشگر + ناو = بێ + هێز = بێهێز، بەجەرگ، لەبار.

---

(١) د. کامل حسن بصیر، زاراوەی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، (ل : ٤٦ ) . دەبوایە لە جیاتی زاراوەی زڕەڕێژ بیوتایە ڕێگای پێوان گونجاو تربوو .

(٢) د. کامل حسن بصیر، سەرچاوەی پێشوو، (ل : ٧٠ – ٨٦ ) هێمای بۆ پێکهاتنی وشەی داڕێـژراو لـە ڕانـاوەوە نـەکردووە، ل ٧٠ – ٨٦ . هەروەها د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، لە وشە ڕۆناندا (ل : ٥٠ – ٦٥ ) هێمای بۆ نەکردووە .

پێشگر + ئاوەڵناو = نا + پاک = ناپاک، نەخۆش، نارێک.

پێشگر + ڕاناو = هەرکەس، ناکەس، بێ کەس.

پێشگر + ڕەگ = نەمر، بکڕ، بکوژ، پێنووس.

پێشگر + قەد = پێ + ویست = پێویست، ڕۆچوون، داکەوت.

هەروەها ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو، ڕەگ وقەدی فرمان بەهۆی پێشگریشەوە وشەی داڕێژراو دروست دەکەن. نموونە:

ناو + پاشگر = پەیامدار، ڕێباز، لانە

ڕاناو + پاشگر = خۆی + ی = خۆیی، (ی) یەکەم ناوبەندە، کەسدارە.

ئاوەڵناو + پاشگر = جوان + ی = جوانی، پیسایی، ڕاستە، پیسکە.

ڕەگ + پاشگر = نووسەر، کوتەک، خۆراک.

قەد + پاشگ = خوارد + ە = خواردە، سوتاو، خوێندەوار.

**٢- ڕێگای لێکدان:**

بەهۆیەوە وشەو زاراوەی لێکراو دروست دەبێت وەک لە ناو، ڕاناو، ئاوەڵناو، ڕەگ، قەد و فرمان، کە لەئەنجامی دوو مۆرفیمی سەربەخۆوە بەهۆی ئامراز یا بێ ئامراز دروست دەبێت.

ناو + ئامراز + ناو = سەربەگۆبەند، گوڵەبەڕۆژە، بەردە نوێژ، لەرزوتا، بەرو دوا (بەر، دوا – دەبنە ئاوەڵفرمانیش).

ناو + ئامراز + ڕاناو / ڕاناو + ناو، سەربەخۆ، ئەمرۆ.

ڕاناو + ئامراز + ڕاناو = خۆبەخۆ، ئەم و ئەو.

ناو + ئاوەڵناو + چاوجوان، مێرگەسوور، کانیسارد (بەهۆی ئامراز یا بێ ئامراز).

ئاوەڵناو + ناو= ڕەشمار، ڕەشەبا، وشکەسۆفی، گەڕەدێ (بەهۆی ئامراز یابێ ئامراز).

ئاوەڵناو + ئاوەڵناو = پاک و تەمیز، ڕەش و ڕووت، بەهۆی ئامرازی بەستنەوە.

ئاوەڵفرمان + ئاوەڵفرمان = بان و بن، سەروژێر، پەلەپەلە.

ناو + ڕەگ = پیلانگێڕ، قەڵەمتاش، گۆڕهەڵکەن، کۆنەناس، دووربین(١).

(١) د. کامل حسن البصیر: (ل :١٤٠ ) وشەی (بین ) ی بەناو و ڕاناو داناوە، کە ڕەگی چاوگی (بینین )ە.



ناو + قەد = سەرکردە، دەست و برد.

ڕاناو + قەد = خۆکرد، دەست و برد.

ڕاناو + ڕەگ = خۆکوژ، خۆگر.

ناو + چاوگ = سەردان، جل شۆرین، ڕاوکردن، دەستەوستان (دەسەوسان).

ڕەگ (تورکی) + ئامراز + چاوگ: ئاڵوگۆڕ، ببڕوبکوژ.

قەد + ئامراز + قەد = هات وچۆ.

قەد + ئامراز + ناوی بکەر: کردوبزان.

ناو + ناو = ڕێڕەو.

**٣- ڕێگای وەرگرتن:**

ڕێگایە لەزمانی بێگانەوە لەئەنجامە نەبوونی وشەی بەرانبەردا بۆ ناونانی یا دانانی بەرانبەر دیاردەیەک کەلە زمانی کوردیدا نەبێت پەنا دەبرێت بۆ وشەی ناکوردی لە زمانی ترەوە، بەڵام پێویستە وشەکە بخرێتە بەر گونجانی دەنگسازی کوردییەوە. نموونە:

تەلەفزیۆن: لە تێلەفیژنەوە، کۆمپیوتەر، فاکس، موبایل، تەلەفۆن.

قەڵەم: لە (قلم)ی عەرەبییەوە بەهۆی گۆرانی دەنگی (ل) بۆ (ڵ)ی قەڵەو.

کتێب: لە (کتاب)ەوە لەئەنجامی گۆڕینی (أ) بۆ (ێ).

سەرجەم: لە (سەرجەمع)ی عەرەبییەوە بەهۆی دەرنەبڕین و تێچوونی دەنگی (ع).

هەق: لە (حق) گۆڕینی (ح) بۆ (ه).

زەکات، حەج، کفر، سەرفترە...هتد.

**٤- ڕێگای وەرگێڕان:**

لەئەنجامی نەبوونی وشەو زاراوەیەک بەرانبەر ناونانی دیاردەو حالەتێک، کە لەزمانی کوردیدا، بەهۆی ڕێگاکانی تری پێکهاتنی وشەوە دەست نەکەوێت پەنا دەبرێت بۆ ئەم ڕێگایە، وەرگێڕانیش دەبێت بەپێی مەبەست و واتای وشەکە بێت، کە بابەتەکە بگرێتەوە نە بەپێی واتای وشە بەوشە یا دەقاو دەق وشەو زاراوەی زمانی یەکەم بێت. کە ئەم مەبەست ناپێکێت و دوور دەکەوێتەوە لە واتای وشەو زاراوەی یەکەم. نموونە: خۆپیشاندان: مظاهرە، دەرهێنان: إخراج(١)، بیژەر: مژیع، دانیشتن: جلسە، کۆبوونەوە: إجتماع.

(١) د. کامل حسن البصیر، (ل: ٩٠) .

**٥- ڕێگای پێوان:**

ڕێگایەکە بەهۆی دەستوری پێکهاتنی وشە کۆن و ڕەسەنەکانی زمانی کوردییەوە لەسەر هەمان ڕێڕەو و ڕێگا وشەو زاراوەی نوێ بۆ وشە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە دابنرێت بەهۆی دەستوری پێکهاتنی وشەی (جوتیار)ەوە وشەی (هەستیار) بۆ شاعیر دابنرێت، یا (هەستەوەر) لە (زیندەوەر)ەوە، (نووسەر) لە (کۆچەر، چەپەر)ەوە.

دونگاوەر بەپێی دەستوری وشەی جەنگاوەر.

**٦- ڕێگای داتاشین:**

(گریقە النحت)، (( ڕێبازێکە بۆ سازکردنی زاراوەی نوێباو لەدوو وشەی سادە پاش قرتاندن و فڕێدانی دەنگێک یان زیاتر لەیەکێک لە وشە سادەکان یان لەهەردووکیان)) دواتر بەهۆی لێکدانیانەوە زاراوەیەکی نوێ پێکدێت. وەک:

شمەک: لە (شت) و (مەک) پاش لادانی دەنگی (ت) لە وشەی (شت).

گاسن: لە وشەی (گا) + (ئاسن) بەهۆی تێچوونی دەنگی () لە (ئاسن)(١).

یا ((دانانی وشەکە بەپێی پێویستی دانانی هێمایەک بۆ ناونانی ناولێنراوێکی تازە بەزۆری ئەو وشانە دائەنرێن کە لە زمانەکەدا هەن نەک بە قەرزکردن...))(٢). گونجاوترین داتاشین بریتییە لە وەرگرتنی پارچەی دوو وشە یان ڕەگی دوو وشە لەئەنجامی لادانی دەنگێک یا زیاتر بڕگەیەک لەهەر وشەیەکیان وەردەگرێ بەلێکدانیان وشەیەکی نوێ دروست دەبێت وەکو: زانکۆ.

**٧- ڕێگای خواستن و ئاوەڵواتا:**

بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ گەیاندنی واتایەک کە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی نەبێت(٣)، واتە بەکارهێنانی واتای وشەیەک کە جیاوازبێت لە واتا دەقاو دەقەکەی خۆی هەرچەندە لە واتاکەی خۆی دوورناکەوێتەوە(٤).

وەک: زمان واتا خوازراوەکەی زمانی قسەکردنە، واتاکەی خۆی لەبنەڕەتدا پارچەیەک گۆشتە لەناو دەم.

(١) د. کامل حسن البصیر، هەمان سەرچاوە، ٧٠.

(٢) بعلبگی : ٩٧

(٣) محمد علی الخولی : ١٦٨.

(٤) د. کامل حسن البصیر : ٥٩



سەرکەوتن: شوێنی بەرزە، بەڵام واتای خوازراوی مجازی یە واتای سەرکەوتن بەسەر دوژمن یا یەکێک لە کار و قسەو شتێکدا.

**٨- ڕێگای دووبارەکردنەوە** (Reduplicative Compound):

وشەیەکی لێکدراو لە دوو وشەی لەیەکچوو یا بەرانبەر بە یەک ١، یا دەربڕینێکە لەدوو وشەی هاو واتا پێکهاتووە(٢). ئەمەش بەچەند ڕێگایەک دروست دەبێت:

أ) بەدووبارەکردنەوەی هەمان وشە: بڕ بڕ، پچڕ پچڕ، کەم کەم.

ب) بە دووبارەکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان یا وشەیەک بەهۆی ئامرازی بەستنەوە: ناڵە ناڵأ، گرمە گرم، چرکە چرک، قرە قڕ، منجە منج. ئەم جۆرە لێکدراوە واتاکەی لە واتای وشە سادە دوورناکەوێتەوە.

ج) دووبارەکردنەوەی ناو کە دەوری ئاوەڵفرمان دەبینێت: نم نم، قوم قوم، کەم کەم، دەم دەم.

د) دووبارەکردنەوەی ناوی شوێن یا ناوی ئەندامی لەشی مرۆڤ بەهۆی ئامرازەوە: شاروشار، سەرانسەر، دەستاودەست، دەماودەم، یا لە ئاوەڵناوەوە: گەرماوگەرم.

ە) بە دووبارەکردنەوەی ناوی گشتی و ژمارە: چوارچوار، تیپ تیپ، کۆمەڵأ کۆمەڵأ.

و) بە دووبارەکردنەوەی ڕەگی چاوگ بەهۆی ئامرازەوە: ترسەترس، منجە منج. لەگەڵأ خاڵی (ب) دا جیاوازییەکەی ئەوەیە ئەوانە ناوی دەنگی سروشتین و بەهۆی پاشگری (اندن)ەوە دەبنە چاوگی تێنەپەڕ.

**٩- ڕێگای سەرە** (Detrminatum):

لەبەشی بنچینەیی، سەری پێکهاتە: کە ڕێگایەکە بەشێکی وشە لێکدراوەکە، کە بەشەکەی تری واتاکەی دیاری دەکات ئەویش بەشە دیارەکەیە(٣) بەشەکەی تری وشەیەکی سەرەیە کە لەناو پێکهاتەکەدا دەوری سەرەکی دەبینێ، هەندێ جار وشە

(٥)- بعلبگی، (ل : ٤٢١) .

(٢) محمد علی الخولی : ٢٣٨، بڕوانە (reduplicative expression) .

(٣) أ/ بعلبگی: ١٤٥. ب/ د. رفیق شوانی، جۆرەکانی وشەی لێکدراو لەڕووی پێکهاتنەوە، گۆڤاری (الاستاذ )، ٢٠٠٩، ل ٥٠٤.

سەرەکە دەکەوێتە لای ڕاستی پێکهاتەو پێی دەوترێت سەری ڕاست، لەلای چەپەوەش سەری چەپ. نموونە:

دڵە کوتیَ وشەی سەرەیە لەهەردوو بەشەکەدا سەری چەپە، دڵأ، سینگ دەوری

سینگە کوتیَ ——— دیارکەر (دیارخەر)ن.

حازر و بزر، توندو تۆڵأ وشەکە سەرەی تیا نییە، هەردووکیان یەک نرخیان هەیە، بەرانبەرن لەناو پێکهاتەکەدا.







لەهەردوو نموونەکەدا وشەی (کوتی، گەڵا) دەوری سەرەیان لەناو پێکهاتە لێکدراوەکەدا هەیە لەگەڵأ وشەی تردا لەهەمان شوێن وشەو زاراوە پێکدێت. واتە ڕێگایەکە لەناو پێکهاتەیەکی لێکدراودا وشەیەکی دەوری سەرەی هەیە و ئەویتریش دیارکەرە (دیارخەرە، محدد).

**١٠- دەستە وشە** ((Figur of speech) (وێنە، ڕێژەی ڕەوانبێژی):

بریتییە لەچەند وشەیەکی پێکەوە بەستراو، هەموو پێکەوە بەندن، واتایەکی تایبەت و بەزۆری واتایەکی وێناییان (تصویر) هەیە، لەڕووی ناوەڕۆک و واتاوە لە ئیدیۆمەوە نزیکن و جۆرێکن لە زاراوە: شێوەیەکی ئاخاوتنەو ڕەنگە شێوازێکی بیرکردنەوەو دەربڕینیان هەبێت. ئەمانە نموونەی کەمی وشەی زمانی کوردی پێکدەهێنن و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێن. نموونە:

کل لەچاو دەردێنیَ، سەرت لەقوڕ نرێت، باوانت شێویَ، بەپەند کرێی، گویَ تەکێنت بمریَ.



لەهەندێک سەرچاوەدا بەم جۆرە پێناسە کراوە: شێوازێکی زمانەوانییە مەبەست لە واتای دووری وشەکانە. نموونە ئەمانە لە وێنەی ڕەوانبێژیدا هەیە(١).

سەرچاوەی وا هەیە بەلایەوە: وشەیەکە یا دەستەواژەیەکی بەکارهێنراوە، بەشێوەیەک بەکارهێنراوە کە واتا ئاساییەکەی لە مەبەستی ڕەوانبێژی تێپەر دەکات(٢). پێناسەی یەکەم لە دووەم و سێیەم گونجاوترە بۆ دەستە وشە چونکە فراوانترە لایەنی پێکهاتن و واتاو تایبەتێتی تێدایە.

**تایبەتێتی ئەم جۆرە وشەیە:**

١- واتایەکی وێناییان هەیە.

٢- لەڕووی واتاو ناوەڕۆکیانەوە لە ئیدیۆمەوە نزیکن و جۆرێکن لە زاراوە.

٣- شێوەیەکی ئاخاوتنن.

٤- لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێن.

٥- لەچەند وشەیەکی پێکەوە بەستراو پێکهاتوون.

٦- لەشێوەی ڕستە و وشەی لێکدراو و گریَ و میتافۆرن.

**١١- ڕێگای چوونە ناو یەک:**

ڕێگایەکە بەهۆیەوە لەئەنجامی ڕستەسازییەوە، چەند وشەیەک تێکەڵأ بەیەکتر دەبن و لەڕستەدا پەیوەندی واتایی لەنێوانیاندا دروست دەبێت و بەشێوەی ڕستە دێن. وشەکان بەزۆری ناوی بەرکاری یا بکەرن، لەڕستەدا ئەو ئەرکەیان هەیە، دەکەونە دوای فرمانەوە لەلاوە دێن وشە دروست دەکەن.

(١) محمد علی الخولی : ٩٤

(٢) بعلبگی : ١٩١ .

نموونە:

بەسالاچوو ← ئەو پیاوەی بەسالاچوو بوو.

گورگان خواردوو ← مەڕەکە گورگ خواردی.

بابردوو ← ئەو داوڵە بابردبووی.

سەرتاشراو ← ئەو پیاوەی سەری تاشیبوو.

ڕوخاو ← خانووە کۆنەکە ڕوخابوو.

**١٢- ڕێگای ئەکرۆنۆمی**(Acronomy) :

ڕێگای کورتکردنەوە، هێمای کورت، وشەی داتاشراو(١). وشەیەکە لە کۆمەڵە پیتێکەوە پێکهاتووە. کە لەپیتی یەکەمی چەند وشەیەکەوە وەرگیراوە و لە ئەنجامی لێکدانیانەوە، وشەیەکی داتاشراوی نوێ بەمەبەستی ئاسانی دەربڕین و کورت کردنەوەی وشەکانەوە دروست دەبێت. هەندێک لەم وشە نوێیانە بەتەواوی بەکاردێن و شوێنی وشە و زاراوە درێژەکان دەگرنەوەو ئەو وشانە لەبیردەچنەوە لە بەکارهێنانداو دەچنە ناو فەرهەنگی زمانەکەو زمانەکانی ترەوە. وەک: یۆنسکو

یو ئێن U.N: نەتەوە یەکگرتووەکان(United Nation's)

پدک: پ د ک: پارتی دیموکراتی کوردستان.

پەکەکە: پ ک ک: پارتی کرێکارانی کوردستان.

ینک: ی ن ک: یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

پاسۆک: پارتی ئازادی سۆسیالیستی کوردستان.

حشع: حزبی شیوعی عیراق.

یونسیف(UNICEF) کورتکراوەی:United Nations Children's Fund).)

یونیسکۆ (UNESCO) کورتکراوەی(United Nations Educational،Scienntific،and Cultural Organization).

(١) بعلبكی : ٢٨.



تۆفل(TOFEL): کورتکراوەی (Test Of Foreign English Language).

سواپو: (SWAPO) لە وشەی (South West Africa People´s Organization) وەرگیراوە.

ناتۆ(NATO): هاوپەیمانی باکوری ئەتلەنتی. کورتکراوەی(North Atlantic Treaty Organization)

**تایبەتیتی:**

١- لەئەنجامی وەرگرتنی پیتی یەکەمی هەر وشەیەک وەردەگیرێن.

٢- بۆ مەبەستی ئاسانی دەربڕین و کورت کردنەوەو خێرا دەربڕین بەکاردێت.

٣- بەزۆری شوێنی وشەکانیان دەگرنەوە، وشەکانیان ئەگەر یەکێک شارەزا نەبێت لەبیر دەچنەوە، پاسۆک لە کوردیدا.

٤- زۆربەیان بێجگە لەوەی دەچنە ناو فەرهەنگی زمانەکەیانەوە، دەچنە ناو فەرهەنگی زمانی نەتەوەی ترەوەش.

٥- هەندێکیان بەڕێکەوت واتاش دەبەخشن وەک (( حماس)) واتە غیرەت گرتن.

هەندێک نموونەی وشەو دەستەواژە لەزمانی کوردیدا هەن و بەکاردێن پێویستە لێرەدا بەپێی بوونیان ڕوونکردنەوەیان لەسەر بکەین. نموونە وەکو: کلیش، پۆلەفۆرم.

کلیش (Cliche) (دەربڕینی ساکار، سادە)

دەربڕینێکی ساکارە خەریکە بەهۆی زۆر بەکارهێنانیان و ناڕوونی مەبەستیانەوە واتایان لەدەست دەدەن(١). ئەم دەربڕینانە بەشێوەی خۆی بەکاردێت تەنانەت ئەگەر هەڵەی ڕێزمانیشیان تێدابێت یا ناوێزەش بن. واتە دەربڕینێکن بەشێوەی تر گەردان ناکرێن بەپێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری دەربڕینەکانی تر(٢). وەکو: تۆ چی دەکەیت؟ ناتوانرێت گەردان بکرێت بەشێوەی ڕابردوو. یا ئەم نموونانە لەکوردیدا هەن:

(١) بعلبكی : ٩٢

(٢) بعلبكی : ٤٧٢ بروانە Stereotyped expression

**ڕۆژباش**

**ژیان باش**

**چۆنیت؟**

**چاکم**

**تۆ چۆنی؟**

**تەندروستیت**

تایبەتێتی ئەم جۆرە دەربڕینانە:

١- بریتین لەهەندێ وشەو دەربڕینی چەسپاو لەناو زماندا.

٢- دەربڕینی سادە و ساکارن

٣- بەپێی بەکارهێنانیان لە ژیان و پەیوەندی ڕۆژانە دەردەکەون.

٤- ناکرێت دەسکاری و بەشێوەی تر گەردان بکرێن.

٥- ئەم دەربڕینانە لەڕووی ناوەڕۆکەوە، توند بەیەکەوە بەندن و چەسپاو و نەگۆڕن.

٦- ڕیزبوونیان بەپێی زنجیرەی بەکارهێنانیانە.



## پۆلـــەفـــۆرم

مەبەست لەو دەربڕینانەن کە لەناو ڕستە و گرێدا، زنجیرەیەک کەرەسەی پەیوەندیدار بەیەکەوە بەدی دەکرێن و دەبنە پۆلەفۆرم. نموونە: لەناو ئاواییەوە، لەهاچەی مزگەوتەکەوە، بەشەو و ڕۆژەوە، بەدرێژایی شەو، لەژێرەوە، بۆ ڕۆژی دوایی.

## ئیـــدیـــەم (idiom)

ئیدیەم: یەکەیەکی زمانی یا نازمانییە، نرخێکی واتایی تایبەتی لەچوارچێوەیەکی دیاری کراوی بەکارهێناندا هەیە. وەکو نموونەی وشەی نهێنی لای پارێزەرانی بانکێک، یا مۆزەخانەیەک، یا هێمایەکی دەستی ن لەلایەن لێپرسراو، یا گەورەیەکەوە بۆ خوار خۆی بەکاردێت و تێی دەگات چی دەڵێت، بێ ئەوەی ئامادەبوان تێبگەن(١). ئەو زانستەی باسی ئیدیەم دەکات ئایدۆماتۆلۆجی( idiomatologe).

**پێناسەیەکی تری ئیدیەم:**

دەربڕینێکە واتاکەی جیاوازە لە واتای گشتی پارچە و بەشەکانی(٢). پێکهاتەی ئیدیەم شێوەی جیاوازی هەیە وەکو وشە، گرێ و ڕستەی کورتکراوە لەزمانی کوردیدا هەیە. نموونە: پیسکە، بابردەلە، بابردوو، گورگان خواردوو، هەتیوچە، ڕووڕەش، لوتبەرز، ژنانی، پولەکی، دەرشێتەوە شێوە دارێژراو و لێکدراون.

گوێی شەیتان کەڕبێ، موو بەبەینیانەوە ناچێ، دۆو دۆشاوی تێکەڵا کرد، لەشێوەی ڕستەن. ئەم دەربڕینانە واتای تایبەتیان هەیە جیاوازن لەکۆی واتای وشەکانیان بەڕادەیەک هەست کردن بە واتایان لەلایەن خاوەن زمانەکەوە نەبێت زەحمەتە لەگەڵا بیستنیاندا بزانیت(٣).

**تایبەتێتی:**

١- یەکەیەکی زمانییە سەر بە ئاستی وشەسازییە لەڕووی پێکهاتنەوە، بەڵام وەکو واتاو مەبەست سەر بە واتاناسین.

٢- واتایەکی تایبەتی هەیە.

---

(١) **بعلبگی : ٢٣٦.**

(٢) **محمد علی الخولی : ١٢٥.**

(٣) **بعلبگی : ٢٣٥.**

٣- لەچوارچێوەیەکی دیاری کراودا بەکاردێت.

٤- هەندێ جار هێماش وەکو ئیدیەم بۆ بەکارهێنان و جێ بەجێ کردنی مەبەستێک بەکاردێت.

٥- واتاکەی جیاوازە لە واتای گشتی بەشەکان.

٦- بەشێوەی داڕێژراو و لێکدراو، گرێ و ڕستەی کورتکراوە هەیە.

### جیــــاوازی ئیدیـــــەم و وشـــەی لــــێکدراو

١- ئیدیەم بەشێوەی جیاوازی وەکو داڕێژراو، لێکدراو و گرێ و ڕستەی کورتکراوە هەیە، وشەی لێکدراو تەنها بەلێکدانی دوو مۆرفیمی شێوەی سەربەخۆ بەهۆ یا بێ هۆ دروست دەبێ.

٢-واتای وشەی لێکدراو واتایەکی ئاسایی هەیە، بەڵام ئیدیەم واتای ئاسایی پێکهاتەکەی نییەو مەبەستێکی لەپشتەوەیە.

### جیـــــاوازی زاراوە و ئیدیـــــەم

١- زاراوە وشەیەکی ئاساییە و گونجاوی واتایی بۆ ناولێنراوێک هەیە، بەڵام ئیدیەم وانییەو پێکهاتەیەکی دروستکراوە ناتوانرێ دەسکاری بکرێت، چونکە وەکو ئیدیەم واتای نامێنێ و پێکهاتە واتاییەکەی تێکدەچێت.

٢- زاراوە دروست دەکرێت، بەڵام ئیدیەم مەبەستی خوازراو و شاراوەبەپێی مەبەستی کۆمەڵایەتی دەهێنێتە کایەوە و بەکاردێت.

### جیـــــاوازی ئیـدیـــەم و گــــرێ

١- ئیدیەم وشەکانی چوونەتە ناو یەکترو بەهۆیانەوە واتایەکیان پێکهێناوە، بەڵام گرێ هەر کەرەسە واتاو ئەرکی خۆی هەیە.

٢- ئیدیەم بەشێوەی وشەش هەیە، بەڵام گرێ تەنیا لە دەستەواژەو ڕستەی کورتکراوە هەیە.



٣- ئیدیەم توشی گۆڕانی دەنگسازی و لادانی پارچە و هەندێک بەشی هەیە؛ بەڵام گرێ کەمتر گۆڕانی تێدایە لە بەشەکانیدا.

٤- گرێ بەشە بنچییەکانی ڕستە وەکو نیهاد (بکەر) و گوزارە (فرمان) پێکدێنێ، بەڵام ئیدیەم ئەوەی نییەو یەکەیەکی واتاناسییە و مەبەستی تێدایە.

جۆرەکانـــــی مۆرفیـــــــم لەڕووی بوونــــەوە

لە زمانی کوردیدا بەپێی بوون و هەست پێکردنیان لەڕووی پێکهاتنەوە بەرچاو دەکەون و بوونیان لەم زمانەو لە زمانی تریشدا هەن. بۆنموونە:

**مۆرفیمی بگۆڕ (replacive morph)**

مۆرفێکە ئەگۆڕێت بە یەکێکی تر بۆ پەیدابوونی گۆڕان لە واتای وشەکەی، وەکو: مۆرفی (e) کۆ لەئینگلیزیدا لە وشەی (men) لە وەرگرتنیە لە وشەی (man) یا هەر نموونەیەکی تر لەم جۆرەدا (١).

دەکرێت لە کوردیدا ئەم نموونانە هەبێت وەک مۆرفی کاتی ڕابردوو (ا) لە قەدی فرمانی سوتا، هات دەبێتە (ێ) لە وەرگرتنی ڕەگی ئەم جۆرە فرمانانەدا دەبێتە سوتێ، دێ، هێ (دەهێم)

**مۆرفیمی سەربەخۆ** (Free Morphem):

مۆرفیمێکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاردێت واتە مۆرفیمێکە دەوری وشەی هەیە واتە وەک وشە پێویستی بە کەرەسەی تر نییە وەک: گوڵ، مرۆڤ.

**مۆرفیمی پچڕ** (Discontinuous Morpheme) **مۆرفیمی نابەردەوام:**

مۆرفیمێکە بەهۆی ئەوەی مۆرفیمێکی تر دەچێتە ناوەندییەوە زنجیرەکەی دەپچڕێت(٢). وەکو: Fot کە نیشانەی [ ee ] دەچێتە سەری دەپچڕێت. لە کوردی وەکو: مۆرفیمی نیشانەی مەرجی [ ب. . ایە ](٣) لە بخواردایە.

---

(١) **بعلبگی : ٤٢٧.**

(٢) **-محمد علی الخولی : ٧٦ ز**

(٣) **- بعلبگی : (ل : ١٥٣)**

**مۆرفیمی بۆش:** Empty Morph:

مۆرفیمێکە لە وشەیەکدا ناتوانرێت بیگەڕێنیتەوە بۆ مۆرفیمێکی تر(١). واتە شێوەی هەیە بەڵام ئەرکی نییە لەناو وشەکەی کە تیایدا هاتووە. وەک [ r ] لەوشەی Children مۆرفێکی بۆ وشە چونکە بەشێک نییە لە وشەی Child هەروەها بەشێکیش نییە لە پاشگری en– لەکوردی وەکو: مۆرفی [ ەتی ] لە برایەتی.

**مۆرفیمی پڕ** (Zero Morph) **یا مۆرفی سفر:**

مۆرفیمێکە شێوەی نییە، بەڵام ئەرکدارە واتە مۆرفیمێکی بێ شێوەیە. وەکو: نەبوونی هێمای کەسی سێیەمی تاک لە فرمانی ڕابردووی تێنەپەڕدا: هات Ø واتە ئەو هات Ø.

**مۆرفیمی پەیوەندی:**

مۆرفیمێکە بەشەکانی ڕستە دەبەستێت بەیەکترەوە و پەیوەندی لەنێوان وشەکانیدا پەیدا دەکات وەکو ئامرازی بەستنەوە(پەیوەندی، لێکدەرو گەیەنەر). ئەمە پێی دەوترێت. Structur Morpheme

**مۆرفیمی خستنەسەر:** Genative Morpheme:

مۆرفیمێکە بۆ پێکهاتنی پێکهاتەی خستنەسەری وشەیەک بۆسەر وشەیەکی تر بەکاردێت. لە کوردیدا بەزۆری هێمایان کردووە بۆ مۆرفیمی [ ی ] بەڵام ڕاستی زانستی بێجگە لە [ ی] مۆرفیمی تریش وەکو (و، ە، تا) هەمان شتە، بەڵام مۆرفیمی [ ی] خستنەسەر پێکدێنێ بۆ خاوەندارێتی، چەشن و جۆر، وەسف و تەواوکەری، ئەوانی تر بەشداری و پێچەوانە، وەسف و کات و ماوەو شوێن بەکاردێن.

| | |
|---|---|
| **ئازادی برام** | **بۆ هەییە** |
| **بازنی زێڕ** | **بۆ چەشن و جۆرە** |
| **شیعری گۆران** | **بۆ تایبەتێتییە** |

[١] بعلبکی : ١٧٠



| | |
|---|---|
| **ماڵی ئێمە** | **خستنەسەری خاوەندارێتییە** |
| **منداڵە جوانەکە** | **خستنەسەر بۆ وەسف** |
| کتێبە کوردییەکە | خستنەسەرە بۆ تەواوکەری جۆر (خستنەسەری جۆر و چەشنە) |
| **من و تۆ** | **بۆ بەشدارییە** |
| **مەلاو قومار** | **بۆ پێچەوانەییە** |
| **شەو تا بەیان** | **خستنەسەرە بۆ ماوەی کات** |
| **کەرکوک تا هەولێر** | **خستنەسەرە بۆ ماوەی کات.** |

**مۆرفیمی بکێش (ڕاکێشەر) Thematic Morpheme:**

ئەم جۆرە مۆرفیمێکە ئەخرێتە سەر وشەیەک بۆ ئەوەی بکێشی بکات بۆ هاتنی پاشگر یا وشەی تر. وەکو [ ە] لە وشەی baro Meter (١) لە زمانی کوردیدا وەکو ەو، او، ان = شارەوانی، دەشتاودەشت، سەرانسەر.

مۆرفیمی بەند: مۆرفیمێکە سەربەخۆ بەکار نایەت بەڵکو دەلکێن بە وشەوە(٢). وەکو نیشانەی کاتی، کۆ، ناسراوی، نەناسراوی، ڕاناوی لکاو...هتد.

**مۆرفیمی گەردانی: Morpho Phoneme:**

مۆرفیمێکە لەشوێنی لەیەکچوودا دەگۆڕێت بە هی تر، کە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمێکن وەکو مۆرفیمی /s/ نیشانەی کۆ لە وشەی Books دەبێتە /z/ لە وشەی Dogs کە هەردووکیان ئەلۆمۆرفی هەمان مۆرفیمی کۆن(٣).

[١] محمد علی الخولی : ٢٨٦.
[٢] لەشوێنێکی تری ئەم باسە هێما کراوە بۆ مۆرفیمی ڕێزمانی بەدرێژی باسکراوە.
[٣] محمد علی الخولی : ١٧٦.

# سەرچاوەکان


١- ئەبوبەکر کاروانی، فەرهەنگی کاروانی هاوچەرخ، چاپی چوارەم، ٢٠٠٧.

٢- د. إبرهيم چنگی، فرهنگ دائره المعارفی و زبان، دانشگاه لوستان، ١٣٨٢.

٣- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، مۆرفۆلۆژی، ((ناو)) بەغدا، ١٩٧٩.

٤- ئەورەحمانی حاجی مارف، جێناو، بەغدا، ١٩٨٧.

٥- ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٧.

٦- ئەورەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زماننناسی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٧- دکتر ايران کلباسی، ساخت اشتقاقی واژه، تهران، ١٣٨٠.

٨- بدران سلێمان علی، جێناوی خۆیی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦.

٩- جوليا:س. فالک، زمان شناسی و زبان، ترجمه د.خسرو غلامعلی زاده، مشهد، ١٣٧١.

١٠- د. خسرو غلامعلی زاده، ساخت زبان فارسی، تهران، ١٣٨٦.

١١- د. رفيق شوانی، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی، دەزگای موکريان، هەولێر، ٢٠٠١.

١٢- د. رفيق شوانی، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨.

١٣- د. رفيق شوانی، ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٧.

١٤- د. رفيق شوانی، زمانی کوردی و شوێنی لەناو زمانەکانی تری جیهاندا، دەزگای موکريان، هەولێر، ٢٠٠٨.





١٥- د. رفيق شوانی، زمانەوانی، کۆمەڵێک وتار، دەزگای موکريان، هەولێر، ٢٠٠٩.

١٦- د. رفيق شوانی، جۆرەکانی وشەی لێکدراو لەڕووی پێکهاتنەوە، گۆڤاری الاستاژ، ژ(٨١)، بەغدا، ٢٠٠٩.

١٧- د. رمزی منير بعلبگی، معجم المصطلحات اللغويه، بيروت، لبنان، ١٩٩٠.

١٨- ستيڤن ئۆلمان، دور الکلمه فی اللغه، ترجمه و تعليق: د. کمال بشر، مصر، ١٩٨٦.

١٩- د. فاطمه مدرسی، فرهنگ زبان شناسی – دستور، از واج تا جمله، تهران، چاپار، ١٣٨٥.

٢٠- د. کامل حسن بصير، زاراوەی کوردی، زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

٢١- کارل ديتل بۆنتنج، المدخل الی علو اللغه، ترجمه: د. سعيد حسن بحير، مصر، ٢٠٠٣.

٢٢- لێژنەيەک، کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی، وەزارەتی پەروەردە، ١٩٧٢.

٢٣- محەمەد ئەمين هەورامانی، فيلۆلۆژیای زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٤.

٢٤- محەمەد ئەمين هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، بەغدا، ١٩٨١.

٢٥- محمد رچا باطنی، توصيف ساختمان دستوری زبان فارسی، تهران، ١٣٨٢.

٢٦- د. محمد علی الخولی، معجم علم اللغه النڤری، بيروت، لبنان، ١٩٨٢.

٢٧- د. محمود السعران، علم اللغه، مصر، ١٩٦١.

٢٨- ميشيل مالرب، زبانهای مردم جهان، مترجم: عفت ملا نڤر، تهران، ١٣٨٦.

٢٩- ە.د. ويدۆو سن،سەرەتايەک بۆ زمانەوانی،وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:د.هۆشەنگ فاروق،هەولێر، ٢٠٠٨.

# ژیانی نووسەر  لە چەند  دێڕێکدا

- لە ساڵی  ١٩٥٣ لە دێی ناروجەی ناوچەی شوانی پارێزگای کەرکوک هاتۆتە دنیاوە.
- قۆناغە جیاجیاکانی خوێندنی سەرەتایی لە دێی نارۆجە و ڕێدار ، ناوەندی و ئامادەیی لە کەرکوك تەواو کردووە .
- بەکالۆریۆس لە  زمان و ئەدەبی کوردی لە ساڵی  ١٩٧٦-  ١٩٧٧ زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە .
- لە ساڵی ١٩٨٨  دوای کردنەوەی خوێندنی باڵا یەکەم کەس بووە لە وەجبەی یەکەم و بۆ یەکە مجار ماجستێری لە زمانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە و نامەکەشی بەیەکەم نامەی ماجستێر بە کوردی و لەسەر زمانی کوردی لە مێژوودا دادەنرێت .
- دکتورای  لە زمانەوانی لە زانکۆی بەغدا لە ساڵی ١٩٩٧ تەواوکردووە .لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری کەرکوك چوٚتە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە .
- لە تەممووزی ساڵی ١٩٦٩فەرمانی گرتنی لە ئەمنی کەرکوکەوە لەسەر چالاکی کوردایەتی بۆ دەرچووە .



- لە ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٢-١٩٧٣  بەشداری کردووە لە ئۆردوگای خاڵۆ بازیانی، هەشەزینی،  قەلاّ سێوکە ( /بلوکێن،  بۆ هۆشیاری جوتیارانی کورد .
- لە بۆمبارانی قەڵادزێدا لە ١٩٨٤/٤/٢٤ بە سەختی بریندار بووە و لە نەخۆشخانەکانی ئێران چاکبۆتەوە .
- لە چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی زمانەوانی ، رۆشنبیری ، ئەنفال و کێشەی کەرکوك لە کوردستان و لە ئێران بەشداری کردووە .
- لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ تاوەکو ئێستا مامۆستای بەشی کوردی یە  لە کۆلێجی زمان  زانکۆی سەلاحەدین  .

## بەرهەمە بڵاوەکراوەکانی نووسەر :

١- چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی ، دەزگای موکریان ، هەولێر ٢٠٠١ .

٢- ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا ،نامەی دکتوراه ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٤ .

٣- دەردی دووری هەوارگەی وێران ، شیعر و پەخشان ، ٢٠٠٣.

٤- کێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ، بنکەی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠٠٧.

٥- ئەدەب ، کۆمەڵە وتارێکی ئەدەبی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ٢٠٠٨ ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن ، نامەی ماجستێر ، دەزگای موکریانی ، هەولێر ٢٠٠٨ .

٦- زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا ، دەزگای موکریانی ٢٠٠٨ .

٧- وتارەکانم دەربارەی کێشەی کورد ، مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی.ن. ك) ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ٢٠٠٩ .

٨- زمانەوانی ، کۆمەڵە وتارێك ، دەزگای موکریانی . هەولێر ٢٠٠٩ .

٩- کۆمەڵە وتارێکی : زمانەوانی ، ئەدەبی و فۆلکلوری ، سیاسی و مێژوویی ، ڕۆشنبیری ، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆژنامەگەری ،لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە .



١٠- کولە زەرد ، چیرۆکێکی ڕاستەقینەی کارەساتی ئەنفال . گۆڤاری بەیان ، ژ : ١٧٨ ، بەغدا ساڵی ١٩٩٥

١١- وشەسازی زمانی کوردی ٢٠١١

**بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی:**

- ڕێزمانی زاری شوان .
- یاداشتی ژیانم .

# ناوەڕۆك


پێشەكی و روونكردنەوە ........ ٧

بەشی یەكەم ........ ١١

سەرەتا و پێناسەی زمان ........ ١٣

ئاستەكانی زمان و پەیوەندی نێوانیان ........ ١٤

پوختەی ئەنجامی پەیوەندی ........ ١٦

مۆرفۆ فۆنیم ........ ١٧

ئەلۆمۆرف و جۆرەكانی ........ ١٨

ئەلۆمۆرفی دەنگناسی ........ ١٨

ئەلۆمۆرفی وشەسازی ........ ١٩

ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی ........ ٢٠

ئەلۆمۆرفی وشەی فەرهەنگی ( لیكسیكی ) ........ ٢٠

وشەسازی ( مۆرفۆلۆجی ) چییە؟ ........ ٢٢

پێناسەی وشەسازی وەكو زاراوەیەكی زمانەوانی و جۆرەكانی ........ ٢٣

وشەسازی ئەركی ........ ٢٣

وشەسازی و ئاستەكانی ........ ٢٥

جیاوازی نێوان وشەسازی و رستەسازی ........ ٢٥

دیاری كردنی بەشەكانی ئاخاوتن ........ ٢٧

پێناسەی وشە ........ ٢٨

پێناسەی وشە بەپێی ئاستە جیاوازەكانی زمان ........ ٢٩

جیاوازی نێوان وشە و مۆرفیم ........ ٣٣

دەوری وشە لە لێكۆڵینەوەی زمانەوانیدا ........ ٣٤

جۆرەكانی ناو و تایبەتێتیان ........ ٣٦





ئاوەڵناو و تایبەتێتی و جۆرەكانی ........ ٣٩

راناو و جۆرەكانی : راناوی كەسی سەربەخۆ و تایبەتێتی ........ ٤٠

راناوی كەسی لكاو و راناوی كەسی خۆیی و تایبەتێتیان ........ ٤١

راناوی نادیار و راناوی نیشانە و خاوەنداری و تایبەتێتیان ........ ٤٤

راناوی پرس و تایبەتێتیان ........ ٤٧

فرمان ........ ٤٨

فرمان لە رووی واتاوە ........ ٤٩

تایبەتێتی فرمان ........ ٥٠

ئاوەڵفرمان و تایبەتێتی و جۆرەكانی ........ ٥١

ئامرازی پەیوەندی و تایبەتێتی ........ ٥٢

ئامرازی لێكدەر و ئامرازی گەیەنەر و تایبەتێتیان ........ ٥٤

ئامرازی نیازداری ( نیاز و مەبەست ) ........ ٥٥

چاوگ و جۆرەكانی لە رووی جیاجیاوە ........ ٥٦

تایبەتێتی چاوگ ........ ٥٨

ژمارە و پێناسەی ........ ٥٩

جۆرەكانی ژمارە لە زمانی كوردیدا ........ ٦٠

تایبەتێتی ژمارە ........ ٦١

بەشی دووەم/ ........ ٦٧

مۆرفیم و سەرهەڵدانی تیۆری مۆرفیم لە زمانەوانیدا ........ ٦٩

تازەترین پێناسەی مۆرفیم لە زمانی كوردیدا ........ ٧٠

مۆرف و مۆرفیمیك ........ ٧٠

تازەترین دیاری كردنی مۆرفیمەكانی زمانی كوردی ........ ٧٢

جۆرەكانی گیرەك : پێشگری فرمانی — پێشگری نافرمانی ........ ٧٤

ناوەندگیر ........ ٧٧

پاشگر و جۆرەکانی لە رووی دارِێشتنەوە .......... ٧٨
پاشگری ناوی واتایی .......... ٧٨
پاشگری ناوی شوێن .......... ٧٩
پاشگری ناوی پیشە .......... ٨١
پاشگری بچووکردنەوەی ناو .......... ٨١
پاشگری ناوی ئامێر و ئامراز .......... ٨٢
پاشگری ناوی چاوگی .......... ٨٣
پاشگری ناوی بکەری .......... ٨٤
پاشگری جۆرا و جۆری نافرمانی .......... ٨٦
تایبەتێتی مۆرفیمی وشە دارێژ .......... ٨٧
مۆرفیمی بەندی رێزمانی .......... ٩٠
تایبەتێتی مۆرفیمی بەندی رێزمانی .......... ٩١
وشە بەست — کلیتیك و تایبەتێتی .......... ٩٤
نیشانە و تایبەتێتی .......... ٩٤
وشە سەربەخۆکانی زمانی کوردی و تایبەتێتی .......... ٩٦
- رەگ و جۆرەکانی و تایبەتێتیان .......... ٩٦
قەد و جۆر و تایبەتێتیەکانی .......... ٩٨
پایە و تایبەتێتی .......... ١٠٠
هێلکاری دیاری کردنی جۆرەکانی مۆرفیم .......... ١٠١
فرمان لە رووی پێکهاتنەوە + تایبەتێتی جۆرەکانی .......... ١٠٢
جۆرەکانی فرمانی لێکدراو لە رووی رەگەزی نافرمانییەوە .......... ١٠٣
**بەشی سێیەم :** جۆری وشە و زاراوە لە رووی پێکهاتنەوە .......... ١٠٥
جۆری وشە لە رووی پێکهاتنەوە + تایبەتێتیان .......... ١٠٧
جۆرەکانی زمان لە رووی وشەسازییەوە ( چۆنیەتی پێکهاتنی وشەکانی ) .......... ١٠٨





زاراوە ، تایبەتێتی ، مەرجی دانانی .......... ١١٧
لە چ کاتێکدا زاراوە وەرگرتن پێویستە .......... ١١٨
رێگای پێکهاتنی زاراوە لە کوردیدا .......... ١١٩
جۆرەکانی مۆرفیم لە رووی بوونەوە لە کوردیدا .......... ١٢٩
سەرچاوەکان .......... ١٣٤